


# کورد و پرسی زمان

ژیرۆ زاگرۆس

# کورد و پرسی زمان

ناوی  کتێب: کورد و پرسی زمان

نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس

چاپ: ئەلەکترۆنی

ساڵ: ٢٠٢٢

# کورد و پرسی زمان

ژیرۆ زاگرۆس

# پێڕست


پێشەکی ........................................................................................ ٣

هێزی وشە و گرنگی زمان ................................................................ ٦

گرنگی ناو ..................................................................................... ١١

گرنگی زمانی کوردی بۆ کورد ........................................................... ٢٥

قەدەخەی زمان و باندۆرەکانی ........................................................... ٣٧

فەرمییەتی زمان و لێکەوتەکانی ........................................................ ٤٥

بۆ گرنگە دژایەتی زمانی سەردەست بکەین؟! ...................................... ٦٣

دەروونناسی توانەوە لە زمانی سەردەستدا ......................................... ٧١

نەخشی زمانی کوردی لە ئێستا و بۆ ئایندە ......................................... ٨١

دۆزینەوەی ڕابردوو لە زمانی کوردیدا ................................................ ٨٧

چەند سەرنجێ لەسەر پرسی ناودێرکردنی زاراوەکان ............................ ٩٤

هۆکارەکانی پەرتەوازەیی زاراوەکان .................................................. ١٠٨

پرسی ئالفابێی ئارامی ..................................................................... ١٢٣

لە "هاوبەشکردنی زارەکان"ەوە بەرەو "شێوەزاری هاوبەش" ..................... ١٣٧

تەڤگەری زمانی کوردی ................................................................... ١٤٩

شۆڤینیزمی زارەکان ........................................................................ ١٦٣

پاراستنی زمان پیڤانێکی ویژدانییە/ سامی تان، زماناس .

زمان چاندە، بەدەنە، ئەردنیگارییە/ عەبدوڵڵا ئۆجالان، سیاسەتڤان.

زمانی کوردی نامووسمانە، شەرەفمانە، غیرەتمانە، هەموو شتێکمانە/ عەبدوڵلا پەشێو، هەڵبەستڤان.

کە وەک کورد پەلامار درایت، پێویستە وەک کورد بەرگری لە خۆت بکەیت/ مەریوان وریا قانع، ڕۆشنبیر.

ئەگەر زمانی ڕەسەنی من، بناخەی دەوڵەتی تۆ دەهەژێنێت، مانای وایە تۆ دەوڵەتەکەت لەسەر خاکی من درووست کردووە/ مووسا ئانتەر، ڕۆژنامەڤان.

## پێشەکی

ئەم گوتارە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری هەندێکی کەم لە پرسەکانی تایبەت بە زمانی کوردی دەکا. بەشی یەکەم بەگشتی ئاوڕدانەوەیە لە بارودۆخ و پێگەی زمانی کوردی بەرانبەر بە زمانە سەردەستەکان. ئەم بەشە بە دیاریکراوی لە لایەک تیشک دەخاتە سەر ئەو باندۆرە نەرێنییانەی کە زمانە سەردەستەکان لەسەر زمانی کوردی دەیگێڕن. یان وردتر و ڕێکتر بڵێم، تیشک دەخاتە سەر ئەو ستەمە زمانییەی کە بە ناو و لەڕێگەی فەرمییەتی زمانە سەردەستەکانەوە لەمێژە سەبارەت بە زمانی کوردی لە ئارادایە و هێشتاش هەر خەریکە بەتۆخی بەڕێوە دەچێ. لە لایەکی دیکەوە ئاماژە دەکات بە پێگە و هێز و ڕۆڵی ئەم زمانە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم بندەستییەدا. بە مانایەکی تر ئەم بەشە بە شوێن ئەم مەراقەدا دەگەڕێ کە زمانی کوردی وەک زمانێکی ستەملێکراو چۆن دەتوانێ دژی ئەم ستەمە ڕابوەستێ و ئەرک و مامەڵەی ئاخێوەری ئەم زمانە چییە و چۆنە. هەر بۆیە بەشێکی گرنگی دیکەی ئەم باسە وردبوونەوەیە لە دەروونناسی و چۆنێتی مامەڵەکردنی مرۆڤی کورد لەگەڵ زمانە سەردەستەکان و هەروەها لەگەڵ زمانەکەی خۆشیدا کە وەک لە داهاتوودا باسی دەکەم هەڵسوکەوتێکی ناتەواو و ناتەندروستە.

بەشی دووەمیش چەند سەرنجێکە لە ناوەوە بە ڕووی زمانی کوردیدا. لەم بەشەدا بەکورتی تیشک دەخرێتە سەر پرسگەلێکی وەک پرسی زاراوەکان کە بەشێکە لە سروشتی زمانی کوردی، پرسی ئالفابێ کە پرسێکی دەستکردی

ئێمەیە، چەمکی فەرمییەت کە چاوی لە داهاتوویە، پرسگرێکی وەک شۆڤینیزمی زاراوەیی و وردبوونەوە لە بوون و نەبوونی و هەروەها ڕێکاری هاوبەشکردنی زاراوەکان وەک ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ بارودۆخی هەیی زمانی کوردی. لە کۆتاییدا تایبەتمەندییەکی گرنگ لەم نقیسارەدا کە پێویستە ئاماژەی پێبکەم و زیاتر سەرنجی خوێنەری بخەمە سەر ، ئەمەیە کە وەک نەریتێکی سادەنووسین کە ڕەنگدانەوەی حەزی خۆمە، لە تەواوی نقیسارەکەدا بۆ ئەوەی پرس و مژارەکان لە باسێکی تیۆری پەتی دوور بخەمەوە و وێنایەکی ڕاسکانی لە مەبەستەکان و بەگشتی ئەو دۆخە زمانییەی کە کورد ژیانی دەکا پیشان بدەم، لە هەر شوێنێ پێم کرابێ بۆ هەرچی زیاتر ڕوونکردنەوە و نزیکبوونەوە لە ناخی باسەکان هەوڵمداوە هەندێ میناکی بەردەستی ڕاسکانی بێنمەوە. لەم ڕاستایەدا داوا لە خوێنەریش دەکەم هاوکاتی خوێندنی ئەم نووسینە گۆشەچاوێکی لەو میناکە هاوشێوانەش بێ کە لە ژیانی خۆی و لە دوروبەریدا تووشی هاتووون و بینیونی و بیریان لێ بکاتەوە.

# بەشی ١

## هێزی وشە و گرنگی زمان

لە یەکی لە پێناسە گشتییەکانیدا چەمکی "پەیڤ، وشە، واچە، یان واژە" بریتییە لە یەکەیەکی بێژەیی و زمانی سەربەخۆ کە هەڵگری تێگین و دروستکەری واتایەکی دیاریکراو بێت. بە گوتنێکی دی پەیڤ بچووکترین زاراوەی واتادارە کە لە زاری مرۆڤەوە دەربێت، یان بچووکترین گوتەیە کە بگوترێت و هەڵگری مانا بێت. پێچەوانەی زمانێکی وەکوو ئینگلیزی کە ئەم بچووکترین زاراوە مانادارە(یانی word)لە کردە سەرەکییەکەی زمان(واتە speaking)دا بوونی نییە، لە زمانی کوردیدا بە هەموو زاراوەکانیەوە خودی چەمکەکە ڕێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆح و ناخەی زمان کە بریتییە لە گوتن و قسەکردن.

دەبینین کە لە زمانی کوردیدا مرۆڤ لە کاتی پەیڤیندا ئەوەی ئاراستەی دەکا "پەیڤ"ە. لە کاتێ واتن(وتن، گوتن)دا ئەوەی دەریدەبڕێ بریتییە لە "واتە(وتە، گوتە)". وەختی خەریکە ئویشی، "وشە" و وەختێکیش خەریکە ئێژێ(دەبێژێ یان دەوێژێ)، "واژە" دێ بە زاریدا. ئەو دەمەش کە مەواچۆ، خەریکە "واچ یان واچە" پێشکەش دەکا. بەکورتی وشە(واژە، پەیڤ، واتە، واچە، گوتە) بە ئاشکرا و بە زیندوویی ناخ و ڕۆحی زمانە و بە ڕێکوپێکی هەڵگری ئەو پێناسەیەیە کە بۆی کراوە. بەڵام ئایا زمان تەنیا وشەیە و ئایا وشە تەنیا ئەو واتا سەرەتاییە ڕووتەیە کە دەیەوێ لە هێمای خۆیدا بیگەیێنێ؟!. بێگومان وا نییە و هەر پەیڤێ کە لە زار دەبێتەوە، لەگەڵ واتا بنەڕەتییەکەیدا هەڵگر و بارگاویشە بە تێکەڵەیەک لە هەست، مەبەست، تێڕوانین، دۆخ و تەنانەت کات و شوێنیش. بە گوتنێکی دیکە واژەکان زۆر

زیاترن لە یەکەیەکی سادەی مانادار و لە ناخی خۆیاندا سەرباری واتا سەرەتاییەکە زۆر دیو و ڕەهەندی دیکەشیان هەڵگرتووە. هۆزانی گەورە عەبدوڵا پەشێو لەو هەڵبەستەی کە بۆ مارگرێتی کچەپێشمەرگەی ناوداری شۆڕشی ئەیلوول نووسیویەتی و هونەرمەند قادر ئەلیاسی کردوویە بە مەقامێکی جوان، بە سێ دێڕەپرس باسی بەشێک لەم تایبەتمەندییەی وشەکان دەکات. ئەو دەڵێ: «ڕەنگی وشە لە چی بکا چاکە بۆ تۆ؟...، ئەی بۆنەکەی لە چی بکا چاکە بۆ تۆ؟...، دەنگی وشە لە چی بکا چاکە بۆ تۆ؟...». بەڵێ بێگومان وشە بەگوێرەی ئەوەی کە لە چی بارودۆخێکدا، بە چی نیاز و مەبەستێ، لە کام کات و شوێندا و لە لایەن کێوە بێتەگۆ، هەڵگری مانا و مەبەستی خۆیەتی و لەڕاستیدا پەیامی واژەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی گوێرە و پەیڕەوی هەموو ئەم ڕەگەزانەیە. هەر بۆیە ئەگەر پەیڤ هێزێکی هەبێت، کە من بێگومان و دڵنیام هەیەتی، ئەو هێزە ئەنجام و بەرهاتی شوێن، کات و مەبەستی دەربڕین و هەروەها دۆخ و پێگەی بێژەرەکەیەتی.

با بە میناکێکی بەردەست و ساکار تۆزێ زیاتر لە مانای دەستەواژەی "هێزی وشە" تێبگەین. وەک دەزانین لەمێژە کاسبیکردن لەسەر سنوورە دەستکردەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێ. پێشتر ئەم کارە وەک قاچاخ و کاسبکارەکانیش وەک قاچاخچی دەناسران. قاچاخ واژەیەکی کوردییە کە لە دوو وشەی "قاچ" و "ئاخ" پێکدێ و بە واتای ئەمە دێت کە "بە دزییەوە قاچ یان پێ بخەیتە نێو ئاخ یان خاکێکی ترەوە" و هەر ئەمەشە کە پەیڤی قاچاخ بە دروستی جۆرێک لە تاوانئەنگاری لای مرۆڤ دروست دەکا. بێگومان

ئەوانەی کە لە سنوورەکان ژیاون باش دەزانن کە پێشتر تەنانەت خودی قاچاخچییەکانیش کارەکەی خۆیان بە نایاسایی دەزانی و لە بەرانبەردا هەم سنووره دەستکردەکان و هەم دەوڵەتیشیان بە لایەنی مافدار دەبینی و هەر ئەم تێڕوانینه لای زۆرێک لە خەڵکیش هەم قاچاخچێتی وەک تاوان وێنا دەکرد و هەمیش لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە جۆرێک لە مافداری و ڕەوایی دەدا بە ئازاردان، گرتن و تەنانەت کوشتنی کاسبکارەکانی سەرسنوورەکان بە دەستی داگیرکەران. بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە ئەنجامی گۆڕانێکی ئەرێنی فەرهەنگیدا پەیڤی قاچاخ گۆڕاوە بۆ "کۆڵبەری" و قاچاخچی بووە بە "کۆڵبەر". وشەیەک کە جیا لەمەی بە ئاشکرا مانای بەسەختی کارکردن و ژیانێکی کاسبکاری زەحمەتکێشانەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، لە ئەنجامی بەئەنقەست بەکارهێنانی لە لایەن کوردەوە وەکوو چەمک و بزاوتێکی چەند لایەنە بە جۆرێ لە جۆرەکان بووەتە هێمای سڕینەوەی سنوورەکان، ستەمی دەوڵەتەکان، هەڵبژاردنی ژیانێکی سەخت بەڕوومەت لەپێناو ڕەدکردنەوەی سیستەمی جاشایەتی و... هتد و بەکورتی هەڵگری واتایەکی بەهێز و بەباندۆری ئەخلاقی، ئابۆری، ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە بەرانبەر بە سیستەمی سەردەست. ئەم بەهێزییە تەنانەت لە کاردانەوەی دەوڵەتانی سەردەستیشدا بە ئاشکرا دەبینرێ و هەر بۆیە ئەوانیش لە ئەدەبیاتی خۆیاندا هەمیشە هەوڵدەدەن وەک هێمای لادان لە یاسا، یاخیگەری و بنپێکردنی سنوورەکان تیرۆریزەی دەکەن.

ئەم هێزە کە لە ناخی هەموو وشەیەکدا هەیە و وەک پێشتریش گوتم بەگوێرەی بێژەر و بەپێی بارودۆخ و شوێن و کاتی هاتنەگۆ مەبەست و

ئاراسته و باندۆری جیاواز به خۆوه دەگرێ، بەشێکی گەورەیه له ڕۆحی هەموو زمانێک. به باوەڕی من ئا ئەم هێزەیه که هۆکاری بەشێکی سەرەکی له دژمنایەتی دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان لەگەڵ زمانی کوردیدا پێکدێنێ. ئەڵبەته ڕەنگه کۆمەڵەی پەیڤەکان گرنگترین بەشی ڕواڵەتی هەموو زمانێ بێ، بەڵام وەک له سەرەوەش ئاماژەم پێکرد چۆنکه هەموو پەیڤێک هەڵگری ڕۆحی خۆیەتی، زمان وەک کۆمەڵه و یەکینەیەکی گەوره له پەیڤەکان له کۆتاییدا ڕۆحێکی گشتگیره که جڤاکی ئاخێوەرانی پێکەوه گرێدەدا. به مانایەکی تر وشەکان و له ئەنجامدا زمان ئەو ڕەهەنده مەعنەوی و ڕەگەزە ڕۆحییەیه که نەتەوه دروست دەکات. وشەکان چی له کاتی بیستن و چی له کاتی گوتنیشدا هەم دروستکەری بەشێکی گەوره له هەستی ئێمەن و هەم ئاراستەکەری هەستەکانی ئێمەشن. دواجار هەمان ئەو هەستانەن که دیسانەوه له هێمای پەیڤ و زماندا دوباره دەبنەوه و دەبن به هەوێنی ڕەفتار و کردارەکانمان. به گوتنێکی دی فەرهەنگ و زمان له یەک کاتدا دروستکەر و دروستکراوی یەکترین. به مانایەکی دیکه پەیڤین، هەست، بیرکردنەوه و ڕەفتاری مرۆڤەکان له دانووستاندنێکی بازنەییدا پێکەوه گرێدراون. که واته پەیڤ یان وشه سەرچاوه، دیاریکەر و نوێنەری هەست، بیرکرنەوه و ڕەفتاری مرۆڤەکانه و وەک جیهانێکی بچووک له مانا، ڕۆح، سایکۆلۆژی و هەست، بنەمای زمان و کۆڵەکەی فەرهەنگی ئاخێوەرانیەتی. بەکورتی ئەگەرچی واژه پێکهێنەری سەرەکی زمانه، بەڵام زمان تەنیا پەیڤی پەتی نییه و ئەوەی که زمانێک دروست دەکات زیاتر له وشه ڕووتەکانی، ئەو چەمک و جیهانبینی و تێڕوانین و فەرهەنگەیه که له

ناخی پەیڤەکانیدایە. بە بە مانایەکی ڕێکتر پەیڤیشی تێدا، زمان بریتییە لەو ژیانە جڤاکییەی کە مرۆڤەکان بە هەست و بە هزر ژیانی دەکەن. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین پەیڤ و زمان ئەو هێزە ڕۆحی و مەعنەوییەیە کە هەبوونی گەلێک ڕادەگرێ.

لە بەشی داهاتوودا تۆزێک ئاوڕ دەخەینە سەر چەمکی "ناو" وەک یەکێ لە بوارە هەرە گرنگەکانی جیهانی وشە و لە بەشی دواتریشدا دیسانەوە جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر باسی گرنگی زمان، بەڵام ئەمجارە لە سۆنگەی کوردبوونە بە شێوازێکی تایبەتیتر باس لە گرنگی زمانی کوردی بۆ کورد دەکەین.

## گرنگی ناو

یەکێ لەو بوارە هەرە گرنگانەی کە پێویستە مرۆڤی کورد لە میانەی پرسی قەدەخەبوونی زمانەکەیدا بە شێوەیەکی تایبەت لەسەری ڕابمێنێ و ڕاوەستێ پرسی قەدەخەکردنی ناوی کوردییە لە لایەن دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستانەوە. هەمووومان بەباشی ئاگامان لێیە کە ئەم دەوڵەت نەتەوانە بە درێژایی داگیرکردنی کوردستان چەندە بەسەر زمانی کوردیدا هاتبن و سەرکوتیان کردبێ و بەرەو لەناوبردن گوشاریان پێ هێنابێ، بەشی هەرە زۆری ئەم گوشارانە لەسەر ناوی کوردی بووە و سیستەمی سەردەستی کوردستان لەم بوارەی زماندا بەتۆخی هەستیاری نیشان داوە و ویستوویەتی بە تەواوەتی بیسڕێتەوە و لە مرۆڤی کوردی داماڵێ. کاتێ لەم سیاسەتە دەڕوانین هیچ گومانێکمان بۆ نامێنێتەوە کە پرۆسەی سڕینەوەی ناوی کوردی لەڕاستیدا هەمیشە یەکێک بووە لە بناخەکانی سیاسەتی لەناوبردنی زمانی کوردی. گەلۆ گرنگی ناو چییە؟، ئایا ناو جگە لە وشەیەکی پەتی هەڵگری چی واتا و مەبەستێکە کە وا لەلای ئەم خەڵکانە هەستیاری دروست دەکا؟، بۆچی ئەم دەوڵەت نەتەوانە هێندە بۆیان گرنگە مرۆڤی کورد لە ناوی کوردی دووربخەنەوە؟، ئایا گۆڕینی ناوێک دەتوانێ شتێ لە ناخی خاوەنەکەی بگۆڕێ؟، ئایا ناوەکان چۆنە پەیامێکیان پێیە؟. لێرەدا هەوڵدەدەم بەکورتی بپەرژێمە سەر ئەم مەراقانە. جارێ با پێش هەموو لێکدانەوە و شرۆڤەیەک ئاماژە بەم خاڵە سەرەتایی و بنگەهینە بدەم کە مرۆڤی کورد جیا لە هەر تێڕوانین و تێگەیشتنێکی زانستی سەبارەت بە چەمکی "ناو"، لە ڕووی سیاسەتی دەوڵەت

نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان بەرانبەر بە ناوی کوردی و ئەو ڕەفتارەی تا ئێستا سەبارەت بە ناوی کوردی نواندوویانە، دەتوانێ و پێویستیشە بگاتە ئەم دڵنیایی و یەقینەی کە ناوی کوردی چەندە بۆ کورد گرنگە. مرۆڤی ئاسایی کورد پێش هەموو خوێندنەوە و ڕامانێکی زانستی لەسەر چەمکی "ناو" دەبێ بیر لەمە بکاتەوە کە بۆچی دەوڵەت نەتەوەکان ناوی کوردی لە مرۆڤی کورد قەدەخە دەکەن؟، ناوە کوردییە هەزاران ساڵەکانی شوێنەوارەکان، دەشتەکان، چیاکان، دێهاتەکان، شارەکان، پاشایەتییەکان، شارستانییەکان و... هتد دەسڕنەوە و دەیانشارنەوە؟، لەبەر چی ناوی خۆیان لەجێی ناوە ڕەسەنەکانی ئێمە دادەنێن؟، بۆچی ناوی کووچە و کۆڵان و شەقامەکانی کوردستان دەکەن بە ناوی فارسی و تورکی و عەرەبی؟ و... هتد. من هیچ گومانێکم نییە کە هەموو ئەم پرسیار و مەراقانە بایی ئەوە دێنن کە مرۆڤی کورد لەسەریان ڕاوەستێ و بیریان لێ بکاتەوە و هەروەها پێم وایە ئەوەندەش ئاماژەیان تێدا هەیە کە هەر هزر و عەقڵێکی ئاسایی کوردی بگەیێننە ئەم ڕاستی و حەقیقەتە کە ناوی کوردی بۆ کورد یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی کەسایەتی و شووناسی کوردی و لە بەرانبەریشدا یەکێکە لە بەربەستە هەرە گەورەکانی بەردەم داگیرکاری مرۆڤی کورد.

بەڵام دیسان با لە چەند سۆنگەیەکی گشتی و تایبەتی دیکەوە بڕوانینە واتا و گرنگی و پێکەی "ناو" لەنێو زماندا. ئەگەر لەبیرمان بێت لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنادا دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئامەریکا لەباتی ناوهێنانی ڤایرۆسەکە وەک کۆرۆنا بەردەوام بە ڤایرۆسی چینی ناوی دەبرد

و له بەرانبەریشدا چینییەکان وەک بڵێی جنێوی فاشیستی و ڕەگەزپەرستانەیان پێ بدرێ بەم ناودێرکردنه ئەنقەسته زۆر تووڕه دەبوون. ئەڵبەته ئەمجۆره ناودێرکردنانه دواتر به ناوەکانی وەک ڤایرۆسی ئافریقایی و ڤایرۆسی ئینگلیزی و... هتد دوباره بوونەوه که هەمیشه بەرتەک و پەرچەکرداریشی لێدەکەوتەوه. سەرئەنجام له کۆتاییدا لەسەر ئەم هەستیاری و دژەکردارانەی وڵاتان جۆرێک ڕێکەوتن هاته ئاراوه که جۆرەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا به ئالفابێی یوونانی وەکوو دڵتا، میکرۆن و... هتد ناوبنرێن. ڕەنگه زۆربەی خەڵک ئەمانەیان تەنیا وەک ڕقەبەری و شەڕەجنێوێکی سیاسی دوو جیهانی جیاوازی ئایدۆلۆژی بینیبێ و هەر لاشیان لێ نەکردبێتەوه و به لایانەوه قەت گرنگ نەبووبێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەم مشتومڕانه له ناخی خۆیاندا وێنایەکن له گرنگی و پێگەی "ناو" وەک یەکێ له بواره هەره بەرینەکانی زمان و یەکێ له هێما و چەمکه هەره گرنگەکانی جیهان پەیڤ و وشه که له سەرەوه باسمان له هێز و پێگه و کاریگەری و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی کرد. ترامپ به خستنی ناوی کۆرۆنا لەپاڵ ناوی چیندا دەیویست هەموو نەحسی و خراپییەکانی ئەم ناوه ببەستێتەوه به چینییەکانەوه و لەم ڕێگایەوه ئەوانیش به نەحس و لۆمه و خراپ پیشان بدا. هەرچی چینییەکانیشه دەیانویست خۆیان لەم ناوه شوومه بێبەری بکەن مەبادا بەم بۆنەیەوه ناوبانگیان به لۆمەیی و ڕیسوایی دەربچێ. با له بواری جیاوازی دیکەشدا هەندێ میناکی تر بەسەر بکەینەوه. وەک دەزانین ئەژدیها که له زۆربەی فەرهەنگەکانی جیهاندا وەک هێمای شەڕ و وێرانکاری و شەڕەنگێزی دەناسرێ به درێژایی مێژوو یەکێک

بووە لە هێما هەرە بەناوبانگەکانی چینییەکان. بەڵام لە سەردەمی نوێدا دەسەڵاتدارانی چین بۆ دروستکردنی هێما و ناوێک کە بتوانێ ڕواڵەتێکی هێمن و سازگار و ئاشتیخواز لەوان نیشانی جیهان بدا، بۆ ساڵانێکی درێژ بە ملیۆنان دوڵاریان خەرج کرد تا بە ڕزگارکردنی ورچی پاندا لە مەترسی لەناوچوون ئەم ناوە وەک سەمبۆلێکی هێماکەری وڵاتی چین بەرز بکەنەوە. ئەمڕۆ دەبینین کە ئەم هێمایە لە لایەک لە تێڕوانینی جیهان بۆ چینییەکان بە ئاشکرا کاریگەری هەبووە و لە لایەکی دیکەشەوە بە لەسەر خودی چینییەکانیش باندۆری داناوە و بە ئاشکرا بەشێ لە ڕەوتی گەشەکردنی چین لە تێڕوانین و بیرکردنەوەیەک سەرچاوەی گرتووە کە پاندا ڕواڵەت و هێمایەتی. ئەم نموونەیە نموونەیەکی یەکانە نییە، بەڵکوو نەریتێکە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو لەسەری هاتووە. بە درێژایی مێژوو هەموو دەرکەوتنێک، هەموو ناسین و داناسینێک و هەموو پێناسەکردن و وێناکردنێک لە هەنگاوی یەکەمدا بە "ناو"ێک دەستی پێکردووە. دواتر هەموو ناوێک بە درێژایی تەمەنی لەگەڵ تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی خاوەنەکەیدا هەنگاو بە هەنگاو ژیان دەکرێ و ئیتر دەبێتە پێناسە، ڕواڵەت، مێژوو، هەڵسوکەوت، کەسایەتی و بەکورتی دەبێتە هێمایەکی باڵانوێنی خاوەنەکەی. هەر بۆیە هەموو ناوێک وەک چەمکێکی دەروونناسی لە ناخی خۆیدا کەسایەتییەکە و وەک زاراوەیەکی جڤاکناسیش زمان، دیرۆک، ئەردنیگاری، داب و نەریت، فەرهەنگ و هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی کۆمەڵگایە. بە خستنەپاڵ تەنها یەک "ناو" دەکرێ مرۆڤەکان تووڕە بکرێن یان خۆشحاڵ ببن، هەست بە سەرشۆڕی بکەن خۆبایی بن، سووکایەتی

بکەن یان گاڵتەیان پێ بکرێ، خەڵک ناویان بزڕێنێ یان ناوی خەڵک بزڕێنن، کەسایەتی خۆیان دەرخەن یان ناخی خۆیان بشارنەوە، ڕێزیان لێ بگیرێ یان بێڕێزیان پێ بکرن، ڕیسوا بکرێن یان شانازی بکەن بە خۆیان و... هتد. بەکورتی ئەمە بەم واتایە دێت کە ناو زۆر زیاترە لە واژەیەکی پەتی و هەڵگری گەلێ ڕەهەندی واتادار و گرنگی جۆراوجۆرە کە مرۆڤەکان بە هەرکام لەو ڕەهەندانە و لە ئەنجامدا بە کۆی گشتیان پەیوەندیدار دەکا. دواجار لەسەر ئەم پاشخانە و لە هێمای خودی ناوەکاندایە کە مرۆڤەکان دەبنە خاوەن تێڕوانین، داوەری، ڕەفتار و هەڵوێست سەبارەت بە مەبەست، بوونەوەر، شوێن، ڕووداو، کەس، جڤات، نەتەوە و یا هەر شتێکی دیکەی خاوەن ئەو ناوانە. لێرەدایە کە بۆ وێنە ناوێکی وەک محەمەد بۆ عەرەبێکی موسڵمان زۆر جیاوازە وەک بۆ ئەورۆپییەکی مەسیحی. هەستێک کە کۆرش دەیبەخشێ بە فارسێکی پانئێرانی ڕێک پێچەوانەی ئەو هەستەیە کە کوردێکی داگیرکراو لێی هەیەتی. ئەو هەستەی کە مەغۆلییەک بە بیستنی ناوی چەنگیز بۆی دروست دەبێ تەواو جیاوازە لەوەی کەسێگی ڕۆژهەڵاتی وەکوو کورد. ئەو تێڕوانینەی کە ڕۆژهەڵاتییەک بۆ ئەسکەندەر هەیەتی زۆر جودایە لە تێڕوانینی کەسێکی یۆنانی و ڕۆژاوایی. تورکێکی فاشیست هەر ئەوەندە لە خۆشەویستی ناوی ئەتاتورکدا دەتوێتەوە کە کوردێک لەنێو ڕق و نەفرەتی ئەم ناوەدا. ئاگر هەر ئەوەندە بۆ کورد هێمای ئومێد و پیرۆزییە کە بۆ عەرەبێکی موسڵمان هێمای ترس و نەگبەتییە. نەورۆز چەندە بۆ کورد هێمای سەرهەڵدان و شۆڕشە، بۆ تورک هێمای یاخیبوون و نافەرمانییە. کە وابوو ناوەکان پارچەیەکی گەورەن لەو هێمایانەی کە بەشێک لە

کەسایەتی هەموو کیانێکی مرۆیی پێکدێنن و هەر بۆیەش ئەم بوارە یەکێکە لە بوارە سەمبۆلیکە هەرە گرنگ و مانادارەکانی زمان. هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە ناو تەنیا وشەیەکی ڕووت و پێناسە یان مۆرک و کۆدێکی ڕواڵەتی نییە بۆ خاوەنەکەی و بگرە زۆر زیاتر لەمە و بە ڕێژەیەکی زۆر هەڵگری هەبوون و کۆی ڕەهەندەکانی کەسایەتی خاوەنەکەیەتی. لەپشت هەر ناوێکەوە دەکرێ میتۆلۆژییەکی دێرین، ڕووداوێکی ئەفسانەیی، سەردەمێکی مێژوویی گرنگ، نەریتێکی لەمێژینە، بوویەرێکی دیرۆکی، شانازیی یان نەگبەتییەکی گەورە و بەگشتی بەشێ لە فەرهەنگ و نەریت و کەسایەتی کەس یان گەلێک تۆمار کرابێ.

من زیاتر لەمە ناچمە وردەکاری ڕەهەندە مێژوویی، فەرهەنگی، دەروونناسی و جڤاکناسییە جیاوازەکانی ئەم چەمکەوە و لێرەدا دیسانەوە مەبەستمە لە سۆنگەی تێڕامان لە ڕەفتاری دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان بۆ جارێکی تر بگەڕێمەوە سەر ئەمەی کە ناوی کوردی وەک بەشێک لە زمان و فەرهەنگ و هەبوونی کوردی بۆ ئێمەی کورد چەندە گرنگە، بۆچی گرنگە و چۆن دەبێ گرنگی پێبدەین. سەلاحەدین دەمیرتاش لە گێڕانەوەی بارودۆخی خۆی لە زیندانی تورکەکاندا دەڵێت: «لە داوا نامەکەدا، جەنابی دادوەر تیپی وشەی کورد(KURD) و کوردستان(KURDISTAN)ی بە تیپی بچووک نووسیوە، بە مەبەستی سووکایەتیکردن بە ناسنامەی ئێمە. ئەمە دەریئەخات کە چەند دادوەرێکی ڕق لەدڵ و لایەنگرە. بەڵام هەتاکوو ئێوە وام لەگەڵدا بکەن، نەک تەنها وشەی سەرەتای، هەموو وشەکانی بە گەورەیی ئەخوێنمەوە، چونکە من

کوردم و نیشتیمانی من کوردستانە. لە وشەی "کوردستان"دا، نەک تەنها تیپی سەرەتای، بەڵکو هەموو تیپەکانی بە گەورەیی ئەنووسمەوە. لەم وڵاتەدا، کە ئێوە وشەی کورد و کوردستان وەکوو پڕوپاگەندەی تیرۆر ئەبینن، وەکو بێڕێزییەکی گەورە ئەیبینم. من ئەمە قبوڵ ناکەم. ئەبێت دادگا ئەمە ڕاست بکاتەوە». ئەمە ئەو سۆنگەیەیە کە من دەمەوێ باسی لێوە بکەم و لەسەری بوەستم و مەبەستمە خوێنەری کورد بە وردی لێی تێبگەیێنم. لەڕاستیدا مرۆڤی کورد تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکیش لە پێگە و بایەخی "ناو" وەک بەشێکی گرنگ و گەورە لە زمان و فەرهەنگ نەزانێ، بێگومان دەتوانێ لە ڕووی هەڵویستی دەوڵەتەکانی سەردەستی کوردستان بە نەتەوەکانیشیانەوە لەمەڕ ئەم بەشەی زمانی کوردی لە گرنگی ئەم هێمایە تێبگات. کاتێ دەمیرتاش باسی دۆزگەرێکی تورک دەکات کە بە مەبەستی سووککردنەوەی باری مانایی وشەی کوردستان تیپەکانی بە بچووک دەنووسێتەوە، ئەو باسی تاکەکەسێک ناکات، بەڵکوو باس لەو سیستەم و ئایدۆلۆژیا و نەتەوانە دەکات کە لە هێمای تەنیا ناوێکدا زمان، فەرهەنگ، مێژوو، سیاسەت، خاک و زۆر شتی دیکەی نەتەوەیەک دەبینن کە ڕقیان لێیەتی و دژمنایەتی دەکەن و هەر بۆیەش وەها بەتوندی بەگژیدا دەچنەوە. با نموونەی دیکە هەر لە جۆری ئەم ڕەفتارە بێنمەوە تا بزانین کە ئەمە ڕەفتاری تاکە دادوەرێک نییە، بەڵکوو جیهانبینی و فەلسەفەی ژیانی نەتەوەکانی سەردەستی کوردستانە. لە زمانی فارسیدا هەرکات بیانەوێ باسی پەیڤی "ئیلام" بکەن، بەگوێرەی ئەوەی کە مەبەستیان شارستانییەتی کۆنی ئیلام بێ یان پارێزگاری ئیلامی ئەمڕۆی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نووسیندا ئەوەی کۆن بە "عیلام" دەینووسن و ئەوەی ئەمڕۆش بە "ایلام" بە جیاوازی تەنیا یەک تیپ. ئا لێرەدایە کە مرۆڤ دەتوانێ ببینێ کە بۆچوونەکەی دەمیرتاش لانیکەم سەبارەت بە پەیوەندی زمانی کوردی لەگەڵ نەتەوەی کورد و هەروەها دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستاندا چەندە لەجێی خۆیدایە و ئەو چقاس بە دروستی هەستی بەمە کردووە کە دەوڵەت نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان تەنانەت لە تیپەکانی پەیڤی کوردی و بەتایبەتی لە ناوی کوردی دەترسێن، ڕقیان لێیەتی و دەیانەوێ بیخنکێنن و بیسڕنەوە. کاتێ سیستەمێک بە تەنیا دوو تیپی سادە دەیەوێ ئیلامی ئەمڕۆ و ئیلامی کۆن لەیەک جیا بکاتەوە، مەبەستەکەی تەنیا گۆڕینی ڕواڵەتێک یا ڕێنووسێکی سادە نییە و بێگومان مەبەستێکی زۆر گەورەتری هەیە. ئەو دەیەوێ ئەوەی ئەمڕۆ لە مێژوو، شارستانییەت، فەرهەنگ و پێشینەی خۆی چۆڵ بکات و لە ڕیشەی خۆی دایببڕێ تا دواتر بیبەستێتەوە بەو ناوەی کە خۆی بەنیازە بۆی بتاشێ و لەڕێگەی ئەوەوە کەسایەتییەکی دیکەی بۆ دروست بکاتەوە. ئەو کاتێ ناوێ شاخێک، دێیەک، کانییەک یان چۆمێک دەگۆڕێ، تەنیا مەبەستی پەیڕەوکردنی ڕێنووسی زمانە فەرمییەکەی خۆی نییە، بەڵکوو دەیەوێ ڕۆحی مرۆڤی کورد لە جۆگرافیای خۆی دابڕێ و شوێنی نیشتەجێبوونەکەی پێ نامۆ بکا تا هەستی خاوەندارێتی لەم جۆگرافیایە لێ بستێنێتەوە و دواتر ئەم ببێ بە میوان و ئەویش بە خاوەنماڵ. کاتێ بەسەر ناسنامەی منداڵێکی کوردەوە ناوێکی فارسی، تورکی یان عەرەبی دەتاشێتەوە، تەنیا ئەوە نییە کە ناتۆرەیەکی پێ ببەخشێ بۆ پاسپۆرت و

پێناسەیەکی فەرمی، بەڵکوو بەنیازە لە فەرهەنگی خۆماڵی خۆی ڕووتی بکاتەوە تا دواجار بە نەریتی خۆی داپۆشێ و بیتوێنێتەوە...

لێرەدایە کە دەبینین پێشگرتن و ئەگەر بە تەواوەتی نەکرا، شێواندنی ناوی کوردی لە لایەن دەوڵەت نەتەوەکانەوە زیاتر لە قەدەخەیەکی سادە واتادار و ئامانجدارە. ئەم ئامانجە تەنیا خۆی لە سڕینەوە و شێواندنی ناوە کوردییەکاندا نابینێتەوە، بەڵکوو تەنانەت سەبارەت بە شوێن و کات و مەبەستی بەکارهێنانیشیان زۆر هەستیارە و بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. بۆ وێنە لەوانەیە لە ناوی "هەژار" لەسەر دووکانێکی مامرفرۆشی چاوی داپۆشێ، بەڵام هەمان ئەو ناوە مافی نییە بە ناوەندێکی فەرهەنگییەوە بنرێ. چۆنکە لەوەی یەکەمدا بە جۆرێ سووککردنەوەی هێمایەکی تێدایە و ئەوەی دووەم هەڵگری پەیام و ئاسۆیەکی بەرزی ترە. دەکرێ سەدان کچی فارس لە تاران بە ناوی "ڕۆژان و ڕۆژین"ـەوە ناسنامە وەربگرن، بەڵام ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێیان کەوتبێتە فەرمانگەی وەرگرتنی ناسنامە باش دەزانن ئەم ناوە لە کرماشان چقاس بۆ منداڵی کورد قەدەخەیە. چۆنکە لەوێ شاردنەوە و دزران و توانەوەی فەرهەنگێکە لەناو فەرهەنگێکی دیکەدا و لێرەش گەڕانەوە و دەستگرتنە بە ڕەسەنایەتی و بە کوردبوونەوە. دەکرێ ناوی "کوردستان" بە ئۆتۆبانێکی گەورەی تارانەوە ناوبنرێ، بەڵام ناوی فراکسیۆنێکی پارلەمانی بە ناوی "کوردستان"ـەوە تاوانێکی گەورەیە. چۆنکە ئەوە کوردستان دەکا بە بەشێ لە ئێران و ئەمەش بە دوای شووناسێکە جیا لەو شووناسەی کە ئەو مەبەستییەتی. دەکرێ ناوی تەلەڤزیۆنێکی دەوڵەتی داگیرکەر بکرێ بە "تەرتە کوردی" یان بە

"زاگرۆس"، بەڵام نابێ خودی کورد بەم ناوانەوە تەلەقزیۆن دابمەزرێنن. چۆنکە ئەوەی یەکەم هەنگوینێکی ژەهراوییە کە کوردی پێ لە هۆش دەبرێ و ئەوەی دووەمیش دەرمانێکە وردەوردە بە ئاگای دێنێتەوە. ئەم گەمە ترسناکە لەگەڵ ناوی کوردیدا شێوازێکی دیکەشی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر نەکرا لەناو ببرێ و بسڕدرێتەوە، بە جۆرێ دەشێوێنرێ کە چیتر نەتوانێ وێناکەر و هەڵگری ناخ و کرۆکە ڕەسەنەکەی خۆی بێ و تا ڕادەیەکی زۆر لە واتا و کەسایەتی و مێژووی ڕاستەقینەی خۆی دوور بخرێتەوە. لێرەدایە کە بۆ وێنە "کرماشان" دەبێتە "کرمانشاە" و "سنە" دەکرێ بە "سەنەندج". ئەگەر دیسان ئەمەش سەری نەگرت ئیتر هەوڵدەدا خۆی بکا بە خاوەنی. "نەورۆز" نموونەی هەرە دیاری ئەم ڕەوتەیە. تورکەکان بە دەیان ساڵ دژایەتی "نەورۆز"یان دەکرد تا بیسڕنەوە. تەنانەت ڕۆژانێک تەنیا ناوبردنی نەورۆز دەیان ساڵ زیندانی بەدواوە بوو. بەڵام کاتێ بۆیان نەچووە سەر، لەگەڵ دەوڵەتانی وەک ئازەربایجان، عێراق ئێران و ئەفغانستان کە هیچکام لەوانیش خاوەنی ڕاستەقینەی نەورۆز نەبوون توانییان وەک هێمای هاوبەشی خۆیان تۆماری بکەن تا بتوانن مێژووی خۆیانی پێدا هەڵواسن و پێکەوە کوردی لێ دابڕن. بەکورتی پرۆسەی دژایەتیکردنی ناوی کوردی هەتاکوو ئێستاش پرۆسەیەکە کە هەر لە سڕینەوەی نایاسایی و قەدەخەکردنی یاساییەوە بکرە، تا شێواندنی بەئەنقەست و دابڕانی لە فەرهەنگی کوردی، تا هاوبەشکردنی لەگەڵ نەتەوەی سەردەستدا، تاکوو پاساوی نەبوونی دەنگ و تیپەکانی ناوی کوردی لە ڕێنووسی زمانی فەرمیدا، تاکوو بانگەشەی ناوەکانی فەرهەنگی سەردەست لەڕێی

سیستەمی پەروەردە و دەزگای ناسنامەوە هەموو جۆرە ڕێبازێکی تێدا تاقی دەکرێتەوە تا لە کۆتاییدا ناوی کوردی قوربانی بکرێ. بەداخەوە تاکوو ئەم ساتەوەختەش ئەوەی کە زۆربەی وەختەکان لەم پرۆسەیەدا بێئاگا بووە خاوەنی سەرەکی قوربانییەکە، واتە مرۆڤی کورد بووە.

لە کۆتاییدا من هەموو ئەو ستەمکارییەی کە لە لایەن دەوڵەت نەتەوەکانەوە سەبارەت بە ناوی کوردی دەکرێ بە بەشێکی ئاسایی لە ستەمی زمانی و لە وێنایەکی گەورەتردا وەک بەشێکی ئاسایی لە ستەمکارییە گەورەکە، واتە ستەمی داگیرکاری دەبینم و لە بەرانبەردا ئەوەی بە لای منەوە نائاسایی و نارێکە جۆری مامەڵەکردنی تاک و جڤاکی کوردییە لەگەڵ ئەم چەمک و تێگینەدا. من وەکوو کوردێک وێڕای ئەمەی کە ئاگام لێیە بەشێکی زۆری لەناوچوونی ناوی کوردی دەستکردی ڕاستەوخۆی پەرگالی داگیرکارییە، بەڵام نایشتوانم خۆم لەم ڕاستییە بدزمەوە کە بەداخەوە لە هەر چوار بەشی کوردستان تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ ڕێژەی بە دەمەوەچوون و پێشوازیکردنی کورد لە ناوی فارسی و تورکی و عەرەبی و هەروەها کەمتەرخەمی لە ئاست هەڵبژاردنی ناوی کوردی هێندە زۆر بووە کە شاردنەوەی نییە و لەڕاستیدا ئەم جڤاکە خۆی هەمیشە هاوکار و کاتالیزۆرێکی بەباندۆری پرۆسەی ئەنفالکردنی ناوی کوردی بووە. خاڵێکی گرنگی دیکەش ئەمەیە کە گەرچی ئەم ئەنفالکردنە بەردەوامە، بەڵام کورد لە ئەگەری بەئاگاهاتنەوە لە گرنگی چەمکی ناو هێشتا ڕێکار و ڕێبازی بەگژداچوونەوەی لە بەردەستدا هەیە و دەتوانێ ئەم ئەنفالە کاڵ بکاتەوە و لانیکەم لە بواری ناوی کەسیدا تەنانەت ڕێگریشی

لێ بکا. بۆ وێنە ئایا ناکرێ مرۆڤی تاراوگەنشینی کوردی هەر هیچ نەبێ بۆ ڕزگاربوون لەم گرنگترین هێمای داگیربوونە واز لەو ناوە ناچارییە بێنێ کە ناسنامەی دەوڵەتانی داگیرکەر بە سەریدا سەپاندوویانە؟. ئایا ناشێ دەسەڵاتەکانی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان لەپێناو دوبارە بەرجەستەکردنەوەی شووناسی کوردی یاسایەک بۆ گەشەکردنی ئەم بوارە گرنگەی زمانی کوردی دابڕێژن و لەڕێگەی بەرنامەڕێژییەکی فەرهەنگییەوە گەشەی پێبدەن؟. ئایا ئەوە ناهێنێ نووسەرانی کورد لەپێناو پێکەوە گرێدانی ناو و ئەدەبی کوردیدا بەرهەمی خۆیان بە ناسناوێکی کوردییەوە پێشکەش بکەن؟. ئایا ڕۆماننووسانی کورد ناتوانن پاڵەوانی چیرۆکەکان بە ناوی کوردییەوە بئافرێنن تا ناوی کوردی بۆ خوێنەرەکان دەروونی بکەنەوە؟. ئایا باشتر نییە هونەرمەندانی کورد نازناوی هونەری کوردی خۆیان هەبێ تا هونەری کوردی لە هێمای ئەو ناوە کوردییەدا تێکەڵاوی ڕۆحی مرۆڤی کورد ببێ؟. ئایا لە هێمای ناوی کوردیدا ژیانی کوردی ئەوەندە ناهێنێ کە مرۆڤی کورد لەپێناویدا ژیانێکی دووناوە بژیت؟ و... هتد. من لەو باوەڕەدام کە هەنگاوی لەم شێوەیە هەموویان کردەنین بە مەرجێ مرۆڤی کورد لە گرنگی و هێزی ناوی کوردی تێبگات. من چەندە دڵنیام کە جیهانی وشە وەک سەرەکیترین پێکهاتە و دیارترین ڕواڵەتی زمان یەکێکە لە بەهێزترین بەشەکانی هەموو زمانێک، لەمەش دڵنیام کە ناوەکان لە بەهێزترین وشەکانی هەر زمانێکن. لە هەمان کاتیشدا پێم وایە بواری ناو لە ئاسانترین بەشەکانی زمانە بۆ پاراستنی زمان و بە ڕادەیەکی زۆر پاراستنی کەسایەتی کوردبوونیش. بە ژیاندنەوەی هەر ناوێکی کوردی

بەشێکی گەورە لە کەسایەتی کوردبوونی ئێمە زیندوو دەکرێتەوە، لە دۆزینەوەی هەر ناوێکی کوردیدا، پارێکی گرنگ لە دیرۆکی کوردیمان دەدۆزرێتەوە، لە ناوگیربوونەوەی هەر ناوێکی کوردیدا پارچەیەکی مەزن لە فەرهەنگی کوردیمان سەوز دەبێتەوە و لە هەموو ئەمانەش گرنگتر زمانی کوردی وەک یەکێ لە گرنگترین ڕەگەزەکانی نەتەوەبوونمان پتەوتر، دەوڵەمەندتر و لە هەمان کاتدا جیاوازتر لە زمانی گەلانی دەوروبەر بەرجەستە دەکرێتەوە.

## گرنگی زمانی کوردی بۆ کورد

لە دوو بەشی پێشوو لە هێمای جیهانی "وشە" و لە میناکی "ناو"دا وەک بەشێکی گرنگ لەم جیهانە باسمان لە گرنگی زمان کرد. ڕاستە کە ناویشی تێدا پەیڤەکان کەرستە و بنەمای هەموو زمانێکن، بەڵام ئەگەر پێمان وابێ زمان تەنیا بریتییە لە پەیڤ و دەتوانین زمان لە پەیڤەکانیدا کۆ بکەینەوە، خۆ دەکرێ هەموو زمانێک لە کتێبێکی بەسنووردا کۆ بکرێتەوە و وەک کۆی گشتی ئەو زمانە پێناسە بکرێ. بێگومان زمان زۆر زیاترە لە کتێبی واژەکان و تەنانەت زۆر زیاتریشە لەو ئامرازە پەیوەندییەی کە لەڕێگەی ئەو واژانەوە دێتەئاراوە. لەڕاستیدا زمان "گەمەیەکی بێسنووری سایکۆلۆژیک ـ سۆسیۆلۆژیکی مرۆڤەکانە لەگەڵ واژەکانی ئەم کتێبەدا". بە مانایەکی دەقیقتر زمان نواندن و سەمبۆلیزەکردنی هەست و هزری مرۆڤەکانە لە هێمای دەنگەکان، پەیڤەکان و ڕستەکاندا. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین زمان لە دۆخی تاکەکەسیدا بریتییە لە کەسایەتی تاک و لە دۆخی جڤاکیشدا بریتییە لە کۆی فەرهەنگی جڤاتی ئاخێوەرەکانی. هەر وشە یان گوزارەیەک کە بە ئاماژەکردن، بە قسەکردن، یان بە نووسین پێشکەش دەکرێت، هەڵگری چەمک و تێگینێکی زمانییە و لە کەسایەتی ئەو پەیڤ و گوزارەیەدا زمان دەرخەری جیهانبینی و بیرکردنەوە و فەرهەنگە. کەسەکان بەپێی بیرکردنەوە و بە ڕێژەی زانین و بە هێندەی فەرهەنگ و لە چوارچێوەی جیهانبینی خۆیاندا دەئاخڤن. هەر بۆیە زمان دەتوانێت ئاستی ئەمانە دیاری و دەستنیشان بکات و بەپێچەوانەشەوە هەرکام لەمانە ڕەهەند و ئاستێک لە زمان دەئافرێنن. کە واتە، لە ڕێی زمانیانەوە نەتەنیا دەتوانین کەسایەتیی

مرۆڤەکان بناسینەوە، بەڵکوو دەتوانین بزانین لەنێو چۆن ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی یان کامە چوارچێوەی باوەڕی و ئایدۆلۆژیدا گەشەیان کردووە و پەروەردە کراون. سەرئەنجام دەتوانین بڵێین زمانی نەتەوە وەک زمانی هاوبەش و بەستەری بەیەک گەیشتنی ئەندامەکانی، بەرهەڤ و کۆی کەسایەتی ئەوان و بە مانایەکی وردتر پێکهێنراو و پێکهێنەری فەرهەنگی نەتەوەیە. زمانی نەتەوەیی تەنیا هاوبەشییەکی پەتی نییە، بەڵکوو لەڕێگەی ئەم هاوبەشییەوە دەبێتە جیهانبینی هاوبەش، داب و نەریتی هاوبەش، بەها و نرخی هاوبەش و بەکورتی کەسایەتی نەتەوەیی کە هەمان فەرهەنگی نەتەوەیە. کە واتە فەرهەنگ وەک یەکێ لە ڕەگەزە هەرە سەرەکی و گرنگەکانی دروستبوونی نەتەوە لەسەر بنەمای زمان دادەمەزرێ و ڕەنگە ئەمە گرنگترین کارکردی زمان بێ نەتەنیا لە دروستبوون، بەڵکوو لە بەردەوامبوونی کیان و ژیانی نەتەوەدا.

بەڵام ئەو پرسیارە گرنگەی کە لێرەدا مەراقی منە و دەمەوێ لەسەری ڕاوەستم ئەمەیە کە ئایا زمان بۆ کورد تەنیا لەم پێناسە گشتییەدا دەمێنێتەوە و بەس؟. ئایا زمانی کوردی بۆ کورد هەمان ئەو شتەیە کە زمانی نەتەوەیی بۆ گەلانی دیکەش؟. بۆ تێگەیشتن لە لە ناخی ئەم پرسیارە با جارێ لە ناودڵی نارێکترین پرسگرێکی کورد، واتە داگیربووندا لە چەند گۆشەوە سەیری ئەم ستەمکارییە بکەین بەڵکوو بتوانین پێگەی زمان لەگەڵ باقی ڕەگەزەکانی تری نەتەوەدا بەراورد بکەین. وەک دەزانین ئایین هەمیشە بەشێ بووە لە پرۆژەکانی چەوساندنی کورد لە لایەن دەوڵەتەکانەوە. بۆ وێنە لە ئێران کوردی سونە و یارسان بەردەوام لەژێر

هەڕەشە و گۆشاردا بوونە، لە تورکیا عەلەوییەکان ستەمی ئایینی گەورەیان لێکراوە، لە عێراق ئێزدییەکان بەهۆی ئایینەوە هەمیشە لە تەنگاسیدا ژیاون و... هتد. بەڵام دەبینین کە هیچکام لەم ئایینانە وەک بەشێک لە هەبوونی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد لەناو نەچوونە و سەرکوتی ئایینی نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ لەم ڕێگەیەوە کیانی کورد بکاتە ئامانج و کەلێنی تێ بخات. دواجاریش لە ئەگەری هاتنەئاری خراپترین دۆخ، یانی لە ئەگەری ڕامالینی کورد لە ئایین، دیسان لەبەر ئەوەی نەبەستراوەتەوە بە ئایینێکی دیاریکراوەوە، کوردبوون هەر دەمێنێتەوە و بە گۆڕینی ئایین نەتەوەبوونی لەناو ناچێ. لە بوارێکی تردا بۆ وێنە لە ساتەوختی داگیربوون و دابەشبوونەوە تاکوو ئێستا خاک و نیشتمان و جۆگرافیای کورد دابەش و تاڵان دەکرێ، بەڵام سەرەڕای تاڵانکردنی، دیسان هەر لەجێی خۆیدایە و تا کورد هەبێ و بمێنێ ئەم جۆگرافیایەش وەک ڕەهەندە شوێنییەکەی نەتەوەبوونی کورد هەر دەمێنێتەوە. بە مانایەکی تر تا مرۆڤی کورد مابێ هیچ شتێک ناتوانێ ڕەگەزەی خاک لە نەتەوبوونی کورد بسڕێتەوە و لەناوی بەرێ. ئەگەر لە لایەکی ترەوە سەیر بکەین و لە ستەمی داگیرکاری لەسەر ڕەهەندی مێژوویی نەتەوە بڕوانین، دەبینین کە سەرەڕای ئەو هەموو شاردنەوە و چەواشەکردنەی مێژوو، دیسان ئەوە مێژووی کوردە کە نەتەنیا بە تەواوەتی حەشار نادرێ و پاک ناکرێتەوە، بەڵکوو وردەوردە ڕاستییەکانی مێژوو خۆیان سەر دەردێنن. بۆ وێنە ئەمڕۆ کورد زۆر کەس دەزانێ کە ئەو دیرۆکە داتاشراوەی فارسەکان بۆ ئێران لە درۆیەکی گەورە و لۆمەییەکی زانستی مێژوو بەولاوە هیچی تر نییە، یان زۆر کەس دەزانێ کە کوردستان

لانیکەم یەکێکە لە بێشکەکانی شارستانییەت و... هتد. مەبەستم، تەنانەت مێژووش ئەگەر بشێوێنرێ، لە دەرفەتێکی گونجاودا دەکرێ بگەڕێتەوە و ڕۆڵە پاشخانییەکەی خۆی لە پێناسەی نەتەوەدا بگێڕێتەوە... . بەڵام ئەگەر زمان زەبری لێ بکەوێ چی ڕوودەدات؟!. ئەنجامەکە بە ڕوونی لەبەر چاومانە و بە ئاشکرا دیارە کە ستەمی داگیرکاری لەسەر زمانی کوردی چۆن و چەندە وێرانگەر لەسەر هەبوون و کیانی کوردی دەرکەوتووە. دیارترین ڕواڵەتی ستەمی زمانی لە کوردستان ئەو خەڵکانەیە کە زمانی دایکی خۆیان فەرامۆش کردووە. بەشێکی ئەم کوردانە کە مخابن ڕێژەیەکی بەرچاوی کورد پێکدێنن و زۆربەیان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتن، لە ڕواڵەتی زمانەکەیاندا تا ڕادەیەکی زۆر لە کوردبوون شۆراونەتەوە، بە ڕێژەیەکی زۆر بە فەرهەنگی کوردی بێگانە و بە هەمان ئەندازەش لە فەرهەنگی زمانی سەردەستدا تواونەتەوە. ئەم بەشەی جڤاکی کوردی لەڕاستیدا هێمایەکی زیندوون لە مەرگی هێدی و بێدەنگی نەتەوەی کورد. هەرچەند پێداگری لەسەر کوردبوون لە لایەن بەشێکی بەرچاوی ئەو کوردانەی باکوور کە زمانی دایکییان لەدەست داوە ڕێگە نادا بە ڕەهایی قسە بکەم، بەڵام دیسان بە ئەزموونی ئەوەی لەبەر چاوە دەتوانم بڵێم بە جۆرێ لە جۆرەکان لەدەستدانی زمانی کوردی واتە لەدەستدانی شووناسی کوردبوون و بە ئەگەرێکی زۆر حاشاکردن و دەرچوون لە کوردبوون. بە مانایەکی تر هەموو نارێکی و ستەمێک سەبارەت بە زمانی کوردی ڕاستەوخۆ بە ئامانج گرتنی هەبوونی مرۆڤە بە شووناسی کوردییەوە و هەموو لەدەستدانێکی زمانی کوردیش لە لایەن تاکی کوردەوە ئەگەرێکی گەورەی بچووکبوونەوەی

نەتەوەی کوردی تێدایە و هەر ئەمەشە کە زمان لە ڕەگەزەکانی دیکەی نەتەوەبوون جیا و بەرجەستە دەکاتەوە. هەر ئەمەش بووە کە زمانی کوردی هەمیشە لە پێشەوەی تەوژمی ستەمی داگیرکاریدا بووە. لە بیریشمان نەچێ کە ئەگەر جارێکی تر لە ڕەگەزەکانی وەکوو نیشتمان، ئایین، مێژوو و... هتد کە بە ڕواڵەت لە دەرەوەی زماندان بڕوانین، دەبینین بەشێک لەو ستەمەی کە لەو بوارانەدا دەکرێ دیسان گرێدراوی زمانن و هەر لەڕێگەی زمانەوە پەیڕەو دەکرێن. بۆ وێنە قەدەخەکردن یان شاردنەوەی تێکستەکانی یارسان و ئێزدی وەک ستەم یان نارێکییەکی ئایینی لەڕاستیدا قەدەخەکردن و شاردنەوەی زمانی کوردییە. تێکدانی شیرازەی دیمۆگرافی کوردستان لەڕێگەی بەفارسکردن، بەعەرەبکردن و بەتورککردنی شارەکانەوە هەمدیس بەشێکی گەورەی دەکەوێتە چوارچێوەی ستەمی زمانی لەڕێگەی گۆڕینی ژمارەی ئاخێوەرانەوە. بەشێکی گەورەی چەواشەکردنی مێژوو و سڕینەوە و شێواندنی دیرۆکی کورد تەنیا بە قەدەخەکردنی زمانی کوردی دەکرێ. بۆ وێنە مرۆڤی کورد تەنیا لەڕێگەی ناسینەوەی کۆکی زمانەکەی دەتوانێ بە ئاسانی پەی بە گرنگی شارستانییەتی خۆی ببا. ئەگەر مەبەستەکەم کورت بکەمەوە، هەموو ستەمێکی زمانی تەنیا خودی زمان ناگرێتەوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ زیان بە ڕەگەز و بوارەکانی دیکەی نەتەوەبوونی کوردیش دەگەیێنێ و لە ئەنجامدا تەنانەت مەترسی لەناوچوونی تەواوەتی نەتەوەشی لێ دەکەوێتەوە.

یەکێکی تر لە گرنگییەکانی زمانی کوردی ئەمەیە کە لەنێو هەموو هاوبەشییەکانی دیکەی وەکوو ڕەنگی پێست، مێژوو، فەرهەنگ، ئایین

و... هتد، دیارترین خاڵی جیاوازی و جیاکەرەوەی گەلی کوردە لەگەڵ گەلانی سەردەستدا. کورد جگە لە جیاوازی نیشتمان و زمانەکەی نەبێ، لەگەڵ ئەم گەلانەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی دیکەی نییە. لە دۆخی داگیربووندا تەنانەت نیشتمانەکەشی وە واقعێک بووەتە نیشتمانی هاوبەش لەگەڵ ئەوان و ئەمە تەنیا زمانی کوردییە کە دەتوانێ کورد لەم گەلانە جیا بکاتەوە و وەک شووناسێکی سەربەخۆ لە ئێرانیبوون، تورکیبوون، عێراقیبوون و سووریبوون بیگوازێتەوە بۆ کوردستانیبوون. ڕاستییەکی دیکەش هەیە و ئەویش، یەکێ لەو هۆکارانەی کە بەشێ لە کورد هەست بە داگیربوونی خۆی ناکا یان لانیکەم ئەم داگیرکارییە بە کردەیەکی ئاسایی دەبینێ ئەو نزیکبوونەیە کە بەهۆی هاوبەشییەکانەوە هەستی پێدەکەن. بۆ وێنە بەشێکی کورد لە ڕۆژهەڵات بەهۆی ئایینی هاوبەشی شیعەوە خۆیان لە ئێرانیبوون نزیکتر دەزانن تا کوردستانیبوون. ئەم نزیکایەتییە لای هەندێ کەسی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕیشەبوونی فارسی و کوردی یان ئێرانیبوونی فارس و کورد. یان لە تورکیا هاوبەشی لە موسڵمانبوون تا ئەم ساتەوەختەش هۆکارێکی سەرەک و گرنگی قەبوولکردنی داگیرکاری تورکەکانە. کە واتە هەستکردن بە جیاوازی لەگەڵ گەلانی داگیرکەر دەتوانێ داگیرکاری ئەم گەلانە لە چاوی مرۆڤی داگیرکراوی کورد لە هەمان کاتدا کە زەقتر و بەرجەستەتر دەکاتەوە، ناشیرین و ناڕەواشی بکا. بە مانایەکی تر کورد هەرچی زیاتر لەگەڵ گەلانی سەردەستدا هەست بە جیاوازی بکا، زیاتر دەتوانێ هەست بە ستەمی داگیربوون و نائاساییبوونی ئەم داگیرکارییە

بکا. له دۆخێکی وەهادا و له هەبوونی هاوبەشییەکانی دیکەدا زمانی کوردی ئەو ئامرازەیە کە دەتوانێ ئەم جودابوونە بۆ کورد دەستەبەر بکات.

یەکێکی دیکە لە ڕۆڵە هەرە گرنگەکانی زمان ئەو هێزەیە کە لە دروستکردنی تەونێکی گشتگیری پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێو نەتەوەدا دەیگێڕێ. ئەو پێناسە گشتییەی کە زمان وەک ئامرازی پەیوەندیگرتن دەناسێنێ لە خۆیدا گرنگی و پێگەی ئەم لایەنەی زمان بە ڕوونی نیشان دەدات. ئەم خەسڵەتەی زمان بەتایبەتی سەبارەت بە کورد دەتوانێ هێزێکی گەورە بێ بۆ یەکخستنەوەی ئەم جڤاکە پارچەکراوە. وەک دەزانین یەکێ لە جەرگبڕترین بەربەست و ڕێگرەکانی بەردەم خۆ پێناسەکردن و خۆ ناسینەوەی جڤاکی کوردی وەک یەکەیەکی زمانی و لە ئەنجامدا وەک یەکەیەکی نەتەوەیی بریتییە لە نەبوونی شێوەزارێکی هاوبەش لەنێوان ئەم جڤاکەدا. بێگومان لە ئەگەری گشتگیربوونی یەکێ لە شێوەزارەکان یان لانیکەم لەیەک تێگەیشتنی زارەکی ئاخێوەرانی ئەم دەڤۆکانە و نزیکبوونەوەی زیاتری زاراوەکانی زمانی کوردی لە یەکتری، دەکرێ بەشێکی گەورەی پچڕانی ئەم پەیوەندییە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بڕەوێتەوە. ئەم ڕۆڵەی زمان بەتایبەت لەم ڕووەوە زۆر گرنگە کە لە لایەک بەهۆی داگیربوونەوە کورد لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا بە کردەوە هێز و دەرفەتی دوبارە دروستکردنەوەی ئەم پەیوەندییە پچڕاوانەی بۆ نارەخسێ و لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە بەراورد بە سەردەمی پێش ئینتەرنێت دەتوانێ لە بەرزترین ئاستەکاندا ئەم پەیوەندییە دوبارە گرێ بداتەوە. بە مانایەکی تر لە کۆتاییدا ئەمە زمانی کوردی دەبێ کە لەڕێگەی ئەم گرێدانەوەیە و لەپاڵ نیشتمانی

هاوبەشدا دەبێتە هەوێنی یەکەمی یەکخستنەوەی جڤاکی پارچەکراوی کورد.

دواجار ئەوەی کە زمانی کوردی بۆ ئێمەی کورد لە هەموو شتێکی دیکە گرنگتر دەکاتەوە بەشی هەرە بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە فەرهەنگییەکەی بە تەواوی ڕەهەندەکانییەوە، واتە بە کوردی ژیانکردنی ئەم زمانە. بە کوردی ژیانکردنێ کە قەدەخەکردنی هەمیشە یەکێک بووە لە بنەما هەرە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی ستەمکاری لە کوردستان. وەک دەزانین بەشی هەرە گەورەی زمان کە لەڕاستیدا کرۆک و ناخی زمانیشە، ئەو جیهانبینییە گشتی و ئەو ماناکردنە هاوبەشەی ژیانی جڤاکییە کە ئاخێوەران ژیانی دەکەن، یان بە جۆرێ لە جۆرەکان بریتییە لە تۆپۆلۆژییەکی فراوان لەو هەست و هزر و کردارە هاوبەشانەی کە پێی دەگوترێ فەرهەنگ. بە مانایەکی دی تۆپۆلۆژی زمان تەنیا دەنگ و تیپ و واژە و ڕستەکان نییە، بەڵکوو تێکڕای ئەدەب و زانست و هونەرە لەگەڵ بلیمەتەکانیدا، دیرۆکە لەگەڵ ناودارەکانی، جۆگرافیایە لەگەڵ ناوەکانی و لە کۆتاییشدا دیمۆگرافیایە وەک زیندووترین خەزێنەی زمان. لەم گۆشەنیگایەوە مرۆڤی زیندووی کورد ئەگەر نەتوانێ بە مانای بەکارهێنان لە گشت بوارەکاندا ژیانی زمانی خۆی بژی، وردەوردە کاتێک دێت کە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانیدا کوردبوونێکی کرچوکاڵ دەژی کە زۆربەی ڕەهەندەکانی کوردایەتی خۆی لەدەست داوە و جگە لە کوردبوونێکی زایەندی هیچی تری لێ نەماوەتەوە. ئەم مرۆڤە لە باشترین دۆخی خۆیدا ڕەنگە بە کوردیش قسە بکا، بەڵام ئامادەبوونی هەمیشەیی واژەکانی

زمانی سەردەست لە قسەکانیدا و باڵادەستی بەهێزی ڕۆحی ئەو زمانە بەسەر ئاخافتن و بیرکردنەوەیدا گوزارەیەکی هەمیشەیی و ئاشکرایە لە پووکانەوەی دەروونی ئەم مرۆڤە و گیرۆدەبوونی بە فەرهەنگی سەردەست و توانەوەی تێیدا. ئەمە ڕاستییەکە کە سەلماندنی هیچ نیازی بە بیردۆزی و تیۆریزەکردنێکی ئەوتۆ نییە و دۆخی هەیی بە ئاشکرا وێنا و گۆیای هەموو شتێکە. ئەگەر ئەو تۆزە دەرفەتی هەناسەکێشانە فەرهەنگییەی باشووری لێ دەربکەین کە سەرەڕای ناتەندروستی و ناکارامەیی دیسان بەراورد بە بەشەکانی دیکەی کوردستان هەندێ لە دەسکەوتەکانی بەرچاون، تاکوو ئەم ساتەوەختەشی لەگەڵ بێ ئێمەی کورد نە بە نووسین، نە بە هونەر، نە بە زانست و نە بە پەروەردە زمان و فەرهەنگی خۆمان نەژیاوین. هەر بۆیە زمانەکەمان لە کەسایەتی هیچکام لە شێوەزارەکانیدا نەیتوانیوە ببێتە زنجیرێکی گشتگیری پەیوەستەگی جڤاکی لەنێو ئاخێوەرانیدا و لە ئەنجامدا نەشیتوانیوە ئەو تەونە سەرتاسەرییە فەرهەنگییە دروست بکات کە شووناس و کەسایەتی نەتەوە بە هۆیەوە پێناسە دەکرێ. نەبوونی وەها زنجیرێکی گرێدانی جڤاکی و وەها تەونێکی فەرهەنگی بە مانای ئەمە دێت کە کورد بەستەرێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی نەبووە بۆ ئەوەی ئەدەبی خۆی بخوێنێتەوە، ڕۆشنبیری خۆی بناسێ، لە دیرۆکی خۆی ئاگادار بێتەوە، ڕێزانی خۆی بدۆزێتەوە و لە کۆی گشت ئەمانەدا، لە دۆخی داگیربوونی خۆی تێناگات هیچ، تەنانەت ناتوانێ وەکوو گەلانی دیکە جیهانبینی هاوبەشی کۆمەڵایەتی خۆشی بژی.

بەکورتی ئەم جڤاکە جڤاکێکی بێ شیرازەیە کە لە نەبوونی زمانی هاوبەشدا نەتەنیا ناتوانێ خۆی وەک کیانێکی نەتەوەیی پێناسە بکا، بەڵکوو نایشتوانێ لە هێمای تەنانەت یەکەیەکی کۆمەڵایەتیشدا خۆی بنوێنێ و هەر ئەمەش ئەو ئاوات و ئامانجەی دەوڵەت نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانە. من بۆ ئەوەی زیاتر لەمە نەڕۆمە سەر بنەما و سەلمە هزرییەکانی گرنگی زمان، دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەست لەمەڕ زمانی کوردی. ئەوەی کە من تێبینیم کردبێ ستەمی داگیرکاری لانیکەم لە لایەن دەوڵەتانی ئێران، تورکیا و سووریاوە زیاتر لە هەر بوارێکی دیکەی ژیانی قورسایی خۆی خستووەتە سەر زمان و فەرهەنگی کوردی. تەنیا بۆ نموونە بەسە کە سزای چواردە ساڵ بەندکردنی لەیلا زانا لەسەر چەند وشەیەکی کوردی لەنێو پارلەمانی تورکیادا بەراورد بکەین بە سزاکانی تری ئەم دەوڵەتە کە بەسەر باقی تێکۆشەرانی دۆزی کورد لەو وڵاتەدا سەپاندوویەتی.

لەڕاستیدا ئەم ئاستی هەستیارییە و ئەم پێداگری و سووربوونەی داگیرکەران لەسەر ئەزموونی قەدەخەکردنی زمانی کوردی خۆی گەورەترین بەڵگەیە بۆ گرنگی زمانی کوردی بۆ ئێمەی کورد. من لەم بڕوایەدام کە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو ئەم دەوڵەتانە هەمیشە ئەوەندە هێزیان هەبووە، ئەوەندە پشتی یەکتریان گرتووە، ئەوەندە هاوئاهەنگ بوونە، ئەوەندە سەرمایەی ناوەکی و ئەوەندەش پشتیوانی نێودەوڵەتییان هەبووە کە دەیانتوانی بەبێ قەدەخەکردنی زمان و فەرهەنگی ئێمەش هەر ئەم حوکمی داگیرکارییە لەسەر ئێمە درێژە پێبدەن، بەڵام ئەوەی کە هەمیشە

ترسی دواڕۆژی خستووەتە بەریان، بەئاگاهاتنی کورد بووە لە خۆی و دواتر لەو دۆخەی کە تێی کەوتووە، ئەویش لەڕێگەی زمانی کوردییەوە. لەم ڕوویەوە من پێم وایە هیچ پێویست بە بیردۆزییەکی زانستی یان فەلسەفەیەکی قووڵ ناکات تا بە کوردێک بسەلمێنرێ بایەخدان بەم گرنگییەی زمانی کوردی چەندە ڕاستە و ئەم ڕێکارەی خۆپاراستن لەڕێگەی زمانی کوردییەوە چەندە دروستە. ئەم ڕاستییە دیرۆکییەش لەم قسەیە زیاد بکەم کە هەر لە داگیرکردنی ئامەریکای لاتین لە لایەن ئیسپانیاوە بگرە تا داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئەم چوار دەوڵەتەوە، درێژترین داگیرکارییەکانی چەند سەدەی ڕابردوو داگیرکارییە فەرهەنگی و زمانییەکان، واتە ئەو داگیرکارییانە بووە کە بە تۆخی لەسەر قەدەخەکردنی زمان و گۆڕینی فەرهەنگی بندەستەکانیان ڕاوەستاون. هیوادارم بە هەرچی زیاتر گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی داگیربوونی کوردستان زیاتر لەمە درێژە نەکێشێ.

## قەدەخەی زمان و باندۆرەکانی

لەبیرمە کاتێ لە زانکۆ دەمخوێند ڕۆژێکیان لەگەڵ یەکێ لە مامۆستاکان کە خۆی تورک بوو باسەکەمان چووە سەر زمانی دایکی و زمانی سەردەست. ئەویش بەسەرهاتێکی خۆی لە ڕۆژی پێشکەشکردنی تێزی دۆکتۆراکەی لە زانکۆیەکی بریتانیادا وەها بۆ گێڕاینەوە: "من زمانی دایکیم تورکییە، لە وڵاتێک ژیاوم کە زمانی فەرمی فارسییە و بە فارسی خوێندوومە، ئێستاش دەبێ بە ئینگلیزی لەگەڵ ئێوە بدوێم. کە واتە گوتارەکەی من سەرەتا لە مێشکمدا بە تورکی بەرهەم دێت، دوایی دەبێ هەر لەوێدا بیکەم بە فارسی، دواتر لە فارسییەوە بۆ ئێوەی بکەم بە ئینگلیزی. تازە ئەمە کۆتایی داستانەکە نییە و من دەبێ لە دواییدا بە زمانی عەرەبیش دوعا بکەم و لە خودا بپاڕێمەوە بەشکەم ئێوە لە مەبەستەکەی من وەک خۆی تێبگەن!".
ئەم بەسەرهاتە کە چارەنووسی زۆرینەی ڕەهای ئەو مرۆڤانەیە کە لە پەروەردەی زمانی دایکی بێبەش و بە زمانێکی دیکە پەروەردە دەکرێن، لەڕاستیدا وێنایەکی زۆر ڕۆشنیشە لە ئامانج و لێکەوتەکانی پرۆسەی سەندنەوەی زمان لەم کەسانە. یەکەم ئامانجی پرۆسەی قەدەخەکردنی زمان بریتییە لەمەی کە بە خاڵیبوون لە زمانی دایکی، مرۆڤ وەک یەکەیەکی پێکهاتوو لە هەست، تێڕوانین، گوێگرتن و بیرکردنەوە بشێوێنرێ و بەمجۆرە بەشێکی گەورە لە سروشتی خۆی لەدەست بدا. بێگومان ئەم سروشتە تەنیا ئەو وشە پەتییانە نییە کە لە ئەنجامی ونکردنی زماندا لەدەستی دەدا. زمان زیاتر لە پەیف ئەو مانایەیە کە لەپشت پەیڤەکانەوەیە، ئەو تێڕوانینەیە کە لەڕێگەی پەیڤەوە دەریدەبڕین، ئەو

تێگەیشتنەیە کە لە واژەکان وەریدەگرین، ئەو جیهانبینییەیە کە هەر ئەو وشانە بۆمانی دروست دەکەن، ئەو پەیوەندییەیە کە ڕستەکان و دەنگەکانی زمان لەگەڵ کۆمەڵگە و خوەزاری دەوروبەر بۆمانی سازدەکەن و ئەو فەرهەنگەیە کە ئێمە ژیانی دەکەین. کە وابێ هەموو قەدەخەکردنێکی زمان نەتەنیا ڕامالینی مرۆڤە لە وشەی پەتی، بەڵکوو دابڕینیەتی لە کۆمەڵگاکەی خۆی، پچڕانی پەیوەندییەکانیەتی، سەقەتکردنی تێگەیشتن و ناتوانکردن و ناتەواو هێشتنی مرۆڤە لە خۆ پێشکەشکردندا و بەگشتی خستنەدەرەوەی مرۆڤە لە فەرهەنگی دایک و وێڵبوونە لە ڕەسەنایەتییەک کە هیچ دوور نییە مرۆڤ لە کۆتا ویستگەی ئەم وێڵبوونەدا ببێتە کەسێکی شۆردراو لە ڕەسەنایەتی و دەستەمۆیەکی نامۆی نێو قەفەزی زمانێکی سەردەستی دیکەیە. بە مانایەکی ڕاستتر مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێک کە ئیتر لە یەکەم هەنگاو بەرەو ئەولاوە کەسێکی ئاسایی نییە و دەکرێ وەک "زۆڵەکە مرۆڤ" ناوی لێ بنێین. لێرەدا من دەمەوێ وردتر و زیاتر باسی ژیانی ئەم مرۆڤە زۆڵەکە بکەم لە پانتایی ئەم پرۆسەیەدا تا بزانین لە ڕێگای ئەم وێڵبوونەدا چی بەسەر دێ و چۆن لە خوەزاییبونی خۆی دەکەوێ.

ئەم بوونەوەرە ناتەواوە بەر لە هەموو شتێ لە بیرکردنەوەدا پەکی دەکەوێت. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد زمان تەنیا وشەی پەتی نییە و بەشێکی گەورەی بریتییە لە ڕامان و بیرکردنەوە و تەنانەت هەستیش. بە لێسەندنەوەی زمانی دایک لە مرۆڤ ئەم بیرکردنەوەیە بە ڕادەیەکی زۆر درزی تێدەکەوێ و ئەگەر لەباری هزرییەوە نەبێتە بوونەوەرێکی پەککەوتە، بێگومان دەبێتە کەسێکی ناتەواو لە بیرکردنەوەدا کە لە باشترین دۆخی

خۆیدا ناچارە بە زمانی سەردەست بیر بکاتەوە. بەڵام کاتێکیش بەو زمانە بیر دەکاتەوە و دەئاخڤێ نە بە ڕۆحی واژەکان، بەڵکوو تەنیا بە وشەی پەتی و ڕووتی خاڵی لە ڕۆحی زمان دەپەیڤی و هەر بۆیە هیچکات ناتوانێ لەڕێگەی ئەو زمانە سەردەستەوە پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەی خۆیدا دروست بکات و لە لایەکی تریشەوە هیچکاتێ ناتوانی بە ڕۆحی زمانی سەردەست بپەیڤێ. بەردەستترین نموونە و بەڵگە ئەو زمانە بەناو فارسییەیە کە کوردی ئاسیمیلەکراوی کرماشانی پێی دەئاخڤێ. لەم زمانەدا ئەوەی کە دێتەگۆ بە ئاشکرا ڕۆحێکی شێواوی کوردییە کە لە ڕواڵەتێکی فارسیدا خۆی پێشکەش دەکا. لە بیرمان نەچێ کە بیرکردنەوە و هەستکردنی مرۆڤ جگە لە کەسیبوون، دیوێکی جڤاکیبوونیشی هەیە و زمان لە هەمان کاتدا کە بەشێکە لە کەسایەتی مرۆڤەکان، لە ناوەڕۆکی فەرهەنگدا بەشێکیشە لە کەسایەتی جڤاک و هەروەها ئامرازی پەیوەندیکردنی تاکە بە جڤاک و ژیانکردنیەتی لە بەستەری فەرهەنگی ئەو جڤاکەدا. لەم ڕوویەوە کاتێ تاک بە قەدەخەکردن و سەندنی زمانی دایک لێی وردەوردە بە زمانی سەردەستەوە خوو دەگرێ و پێی ڕادێ، چیتر ئەو پردە پەیوەندییە خوەزاییەی نێوان خۆی و جڤاتی دایکی لەدەست دەدا. هەر بۆیە وەک کەسێ کە لەنێو خزم و خێزانی خۆیدا تەرا و غەریبەیە لەنێو جڤاکی دایکدا هێواش هێواش بەرەو نامۆبوونێک هەنگاو دەنێ کە ئاکامەکەی بۆ تاک بریتی دەبێ لە دابڕان یان لانیکەم دوورکەوتنەوەیەکی ڕۆحی و فەرهەنگی لەم جڤاکە. لێرەوە کەمکەم دوو ڕەوتی هاوتەریب و هاوکات لە ژیانی مرۆڤدا دەست پێدەکات کە هێڵێکی

سووکبوونی زمانی دایکە و هێڵەکەی دیکەشی پیرۆزبوونی زمانی سەردەستە. لەم پرۆسەیەدا ژیان لە چوارچێوەی زمان و فەرهەنگی دایکیدا ژیانێکی تەسک و مەندە کە لە نموونەی کوردانی باکووردا لەنێو ماڵەکاندا قەتیس دەکرێ، یان وەک نموونەی کوردانی ڕۆژهەڵات ئەوپەڕی بتوانێ لە سنووری شەقام و کۆڵانەکاندا بمێنێتەوە و ئەولاتر نەڕوات. لە بەرانبەردا زمانی سەردەست لەڕێگەی پەروەردەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ خۆی زیاتر و زیاتر دەسەپێنێت. ئەم زمانە هاوکات کە وردەوردە دەخزێتە نێو زمانی ئاخاوتنەوە، دەبێتە زمانی بیرکردنەوەش. بە مانایەکی دی لە ڕەوتی دابڕێنی مرۆڤ هەم لە ئاخافتن و هەم لە بیرکردنەوە بە زمانە ڕەسەنەکەیدا زمانی سەردەست چەندە بەبڕیارە بیرکردنەوە و هزری مرۆڤ داگیر بکا، بە هەمان ڕادە بەنیازە لە ڕواڵەتیشدا باڵادەستی خۆی بنوێنێ. ئەم ڕواڵەتە ئەمڕۆ بە ڕوخساری کوردی قسەکردنی ئێمەدا بە ئاشکرا دیارە و لە هەندێ شوێندا تا ئاستی تواندنەوە تەنگی بە هەندێ شێوەزاری کوردی هەڵچنیوە. ئەم خواست و تەوژمی داگیرکردنی زار و هزرە هێندە بەهێزە کە تەنانەت دەتوانێ کار لە زمانی ئاخاوتنی ئەو کەسانەش بکا کە بەتوندی گرێدراوی زمانی دایکی خۆیانن. لەم پرۆسەیەدا مرۆڤ لە لایەکەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گرنگی زمانی سەردەست دەگەیێتەوە و لە بەرانبەردا پەی بەمەش دەبا کە زمانەکەی خۆی زمانێکە ڕۆژ دوای ڕۆژ کەڵکی نامێنێ یان لانیکەم بەرانبەر بە زمانی سەردەست سەنگی خۆی لەدەست دەدا. بۆ وێنە مرۆڤ چقاس لە زمانی دایکیدا شارەزا و تەنانەت بلیمەتیش بێ، سیستەمی پەروەردە نەتەنیا لای لێ ناکاتەوە و وەک کەسێکی هەڵکەوتوو سەیری ناکا، بەڵکوو وەک بوونەوەرێکی دژەباو

و نائاسایی لێی دەڕوانێ و هەر بۆیەش مرۆڤی بێبەشکراو لە زمانی دایک و پەروەردەکراو بە زمانی سەردەستی سیستەم لە بەردەوامی ئەم پرۆسەیەدا کەمکەم دەگاتە هەستێک کە زمانی سەردەست بە گەورەتر و بەرزتر لە زمانی خۆی ببینێ. لەڕاستیدا ئەم هەستی بچووک بینینەی خود هێندە لێکەوتەیەکی ڕاستەوخۆی دۆخێکی ڕاسکانییە کە مرۆڤی بێبەشکراو لە زمانی دایک تێی دەکەوێ، ئەوەندە نەخۆشییەکی دەروونی یان کەماسییەکی کەسایەتی نییە. بێنینە بەرچاو کە مرۆڤ زمانێکی پێ قاڵب و پێناسە بکرێ وەک زمانی زانستی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و لە بەرانبەردا زمانەکەی خۆی تەنیا زمانێکی سنووردار بێ کە لە باشترین دۆخیدا تەنیا بە کەڵکی قسەکردنی ڕۆژانەی نێوماڵ یان سەرشەقام دێ. یان لەگەڵ خوێندنەوەی هەر پەڕتووکێکدا هاوتەریبی دوئالیتەی سەردەستبوونی زمانی پەروەردە و بندەستی زمانی دایک، دەیان جۆری دیکەی دوئالیتەی تووش دەبێ وەکوو ئامادەبوونی زانایان و ئەدیبان و بلیمەتەکانی فەرهەنگی سەردەست و بزربوونی هاوشێوەکانی ئەوانە لە فەرهەنگی دایکیدا. یان لە کاتی شرۆڤەکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیاندا بە ناچاری و لەبەر ڕاهاتوویی بەو زمانە، پەنا بباتە بەر زمانی پەروەردە وەک زمانی زانستی و بیرکردنەوە و لە بەرانبەریشدا نەتوانێ بە زمانی دایکی خۆی بیر بکاتەوە و ... هتد. گەلۆ ئەم مرۆڤە چۆن زمان و فەرهەنگی دایک لەگەڵ زمان و فەرهەنگی سەردەستدا بەراورد دەکا و چۆن لێیان دەڕوانێ و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکا؟!. بێگومان بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی ئەویان بە زمانێکی باڵا و بەهادار دەبینێ و ئەمیشیان وەک شێوە ئاخافتنێکی بێنرخ و بێ کەڵک دێتە

بەرچاو. لە ئەنجامدا دەبێتە کەسایەتییەکی داتەپیو کە لە ناخی خۆیدا تووشی خەمۆکییەکی فەرهەنگی گەورە دەبێتەوە و بەراورد بە زمانی سەردەست، ژیانکردن بە زمانی دایک بۆی دەبێتە ژیانێکی ڕووت، بێ ناوەرۆک، بێ تام و چێژ، هەژار و نادەوڵەمەند. لە ئەنجامدا ئەم مرۆڤە دەگاتە ئەوەی کە زمانەکەی خۆی بەراورد بە زمانی باڵا و دەوڵەمەندی سەردەست زمانێکی سووک و سادە و سەرەتاییە. ئەم بە سووک زانینە زۆرجار لای زۆربەی خەڵک دەگاتە ئاستی سووکایەتیکردن بە زمان و فەرهەنگی دایک و لێرەدایە کە مرۆڤی بێبەشکرا و دابڕاو لە زمانی دایک چیتر لە ڕووی فەرهەنگییەوە بوونەوەرێکی سەرەتایی و پووکە. ئەم چرکەساتە ساتی بەرهەمدان و بەئەنجام گەیشتنی پرۆسەی لێسەندنەوەی زمانی دایکە کە تێیدا ئاخێوەری زمانی قەدەخەکراو یان بۆ هەتایە قەدەری خۆی لە کەسایەتی مرۆڤێکی نزم و وەک ئەندامی فەرهەنگێکی نزم دەبینێتەوە، یان بڕیار دەدا لەڕێگەی گەیشتن بە زمانی سەردەستەوە بگاتە ئەو باڵامرۆڤی و باڵافەرهەنگییەی کە لەوێدا دەیبینێ و لە هێمای ئەو زمانەدا بۆی وێنا کراوە. ئەگەری یەکەم دەگاتە خۆ بەکەم زانین و ئەگەری دووەمیش دەگاتە توانەوە. ئەوەی تۆزێ لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابمێنێ و سەرنجی بداتێ بە دڵنیاییەوە بۆی دەرەکەوێ کە هەردوو ئەگەرەکە لەم بەشەی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئارادان... .
ئێمە دەزانین کە پرۆسەی ستەمکاری زمانی لە کوردستاندا تەنیا قەدەخەکردنی ئەم زمانە نەبووە، بەڵکوو هاوتەریبی قەدەخەکردن، هێرشێکی فەرهەنگی بەرفراوان و ژینۆسایدێکی زمانی بەردەوام بووە

لەڕێگەی فەرمییەتی زمانی سەردەستەوە. لەڕاستیدا ئەگەر سیاسەتی قەدەخەکردن زمانی کوردی زنجیر کردبێ، ئەوە فەرمییەتی زمانە سەردەستەکان بووە کە ڕۆژانە پەلاماری ئەم زمانەی داوە و بە بەردەوامی ئەشکەنجە و ئازاری کردووە. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین کە بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی قەدەخەکردنی زمانی کوردی، ستەمی هەرە گەورە لەم زمانە یاساکانی فەرمییەتی زمانی سەردەست نواندوویانە. لە درێژەی ئەم باسەدا لەم سۆنگەیەوە بە وردی باس لە پرۆسەی فەرمییەتی زمان دەکەین.

## فەرمییەتی زمان و لێکەوتەکانی

وەک لە کۆتایی بەشی پێشوودا ئاماژەم پێکرد ئێمەی کورد زۆر بەباشی دەزانین کە زمانە فەرمییەکانی وڵاتانی سەردەستی کوردستان زۆر زیاترن لە زمانێکی فەرمی ئاسایی و لەڕاستیدا هەموویان زمانی سەرکوت و ئامرازی لەناوبردن و چەوساندنەوەن و بەو مانایەی کە لە وڵاتانی دیمۆکراتیکی ڕۆژاواییدا هەیە ئەم زمانانە هیچ لە زمانێکی فەرمی ئاسایی ناچن. هەر بۆیە لە لای ئێمەی کورد چەمکی زمانی فەرمی لە خۆیدا چەمکێکە تا سەر ئێسقان هێمای ستەمکاری فەرهەنگی و ژینۆسایدی زمانییە. لەم بەشەدا بۆ ماوەیەک وا بیر دەکەینەوە کە ئەمانە زمانی فەرمی ئاسایین و لەم سۆنگەیەوە لە چەمکی زمانی فەرمی دەڕوانین تا زیاتر لە واتا و کارکرد و باندۆرەکانی فەرمییەتی زمان تێبگەین. بە شێوەیەکی گشتی، زمانی فەرمی بریتییە لەو زمانەی کە لە قەوارە، یان کیانێکی جڤاتی دیاریکراودا بە مەبەستی فەراهەمکردنی دەروەچێکی هاوبەشی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی ئەو کیانە جڤاتییەدا دەستنیشان دەکرێت. بە مانایەکی دی هەر جۆرە کیانێکی جڤاتی دەتوانێ بۆ خۆی خاوەن زمانی فەرمی خۆی بێ. بۆ وێنە هەر ڕۆژنامە، گۆڤار، یان هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆ خۆی زمانێکی فەرمی هەیە، زۆربەی دەوڵەتانی جیهان لە جۆگرافیای ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا زمانی فەرمییان هەیە. لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەکوو نەتەوەیەکگرتووەکاندا زمانێک یان چەندین زمان بە فەرمی ناسراون و... هتد. ڕاستە کە هەر جڤاتێکی مرۆیی دەتوانێ بۆ خۆی زمانێکی فەرمی هەبێ، بەڵام بە شێوەی کلاسیک مەبەست لە زمانی فەرمی ئەو زمانەیە کە لە

وڵاتێکدا لە لایەن دەوڵەتەوە وەک زمانی دامودەزگا فەرمییەکانی ئەو وڵات و دەوڵەتە دەستنیشان دەکرێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە دەزگای دەوڵەت یەکێکە لە چەمکە هەرە نزیک و هەرە گرێدراوەکانی تێگینی زمانی فەرمی. دەوڵەت و زمانی فەرمی تا ئەو ڕادەیەی لێک تەنراون کە زۆر جار زمانی فەرمی وەکوو زمانی دەولەت پێناسە دەکرێ. کە واتە، زمانی فەرمی بریتییە لە زمانێ کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە بە سەر قەوارەی جۆگرافی، سیاسی و فەرهەنگی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەستنیشان دەکرێ و ئەم زمانە ئیتر دەبێتە زمانی دیوان و زمانی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو دەوڵەتە و هەموو داڕێژە و فەرمانەکانی دەولەت، یان ڕاستتر بڵێین وڵاتی خاوەن دەوڵەت، بە زمانی فەرمی دەردەچن. بەم شێوەیە زمانی فەرمی لە لایەک دەبێتە ئامێرێکی بنگەهین بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارەکان و تێپەڕاندنی کارەکانی و لە لایەکی دیکەشەوە، ئامرازێکی هەرە گرنگە بەدەست دەوڵەتەوە بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی و بە تایبەتی گرێدراو بە خودی زمانەوە، سیاسەتە فەرهەنگییەکانی. پێش ئەوەی بزانین لە نموونەی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستاندا ئەنجامی ئەم لێکئاڵان و پەیوەندییە دووقۆڵییەی زمانی فەرمی و دەوڵەت چۆن بە شێوەیەکی تایبەتی بووەتە سەرچاوە و هەوێنی ئەو ستەمکارییە زمانی و فەرهەنگییەی کە دژ بە کورد و زمانی کوردی بەڕێوە دەچێ، با وەک دیاردەیەکی گشتی چاو لە پرۆسەی بەفەرمیکردنی زمان بکەین تا سەرەتا لە ناخی ئەم دیاردەیە و باندۆر و لێکەوتەکانی لەسەر زمانەکانی دیکە تێبگەین.

پێشتر گوتمان کە لە چرکەساتی فەرمییەتی زمان بە دواوە، ئیتر زمانی فەرمی و دەوڵەت وەکوو تان و پۆ لێکدەئاڵێن. هەر دوو چەمکی زمان و چەمکی دەوڵەت وەکوو دوو بوونەوەری دووانەیان لێدێ. زمانی فەرمی دەبێتە ئامرازێک بۆ دەوڵەت کە لە ڕێگەیەوە لەگەڵ جڤاکی ژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا پەیوەندی ساز دەکات و هەیمەنەی دەسەڵات و فەرمانەکانی خۆی بە سەریاندا دەسەپێنێ. لە بەرانبەردا دەوڵەتیش دەبێتە پاڵپشتێک بۆ زمانی فەرمی و بە هەموو شێوازێک یارمەتی دەدات تا لە هەموو بوارەکاندا و لە تەواوی کیانی ژێر فەرمانڕەوایی دەولەتدا گەشە بکات و پەرە بستێنێ. بەم شێوەیە دەوڵەت و زمانی فەرمی لە یەکتری چێژ وەردەگرن و دەبنە پاڵپشتی یەکتری و تا ئێرە ئەگەر ئەو وڵاتە یەک زمانی تێدا بێ، کە دەزانین وڵاتێکی وەها لە جیهاندا زۆر دەگمەنە و لەوانەیە هەر نەشبێ، پێوەندییەکی ئاسایی و تەندرووست دادەمەزرێ. بەڵام لە وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزماندا زمانی فەرمی و دەوڵەت پێکەوە پرۆسەیەکی ناتەندرووست بەڕێوە دەبەن کە هەندێ لە لێکەوتە و باندۆرە خراپەکانی لە بواری زماندا بریتین لەمانەی خوارەوە:

- دیاردەی بە فەرمیکردنی زمان بە هەر شێوازێک بێت، هەر لە یەکەم هەنگاودا بەرجەستە کردنی زمانی فەرمییە بەرانبەر بە زمانەکانی دیکە و تا ڕادەیەکی زۆریش پەراوێز خستنیانە. بە واتایەکی دیکە فەرمییەتی زمان هەر بە شێوەیەکی ئاسایی لە ناخی خۆیدا جۆرە ستەمێکی تێدایە و بە فەرمیکردنی هەر زمانێک لە هەر وڵاتێکدا جۆرێکە لە ستەمکردن سەبارەت

بە زمانەکانی دیکەی ئەو وڵاتە. کەواتە پێگەی زمانی نافەرمی بەرانبەر بە زمانی فەرمی هەمیشە پێگەیەکی بندەستە بەرانبەر بە سەردەست.

- هەر زمانێ لە ساتەوەختی فەرمیبوونەوە، لە پانتایی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ئیتر دەبێتە زمانی بڕیار، ڕاسپاردە و داڕێژەکانی ئەو وڵاتە و هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی وڵات بە زمانی فەرمی دەنووسن و پەروەردە بە زمانی فەرمی دەدرێ و بەم شێوەیە ئەو زمانە بە ڕادەیەکی بەرچاو لە زارەوە دەربازی نووسین دەبێ. وەک دەزانرێ زمانی زارەکی زمانێکی سەرەتایی و زمانی تێپەڕاندنی مەبەستە سەرەتاییەکانی مرۆڤە، کەچی زمانی نووسین زمانی هزر و بیرکردنەوەیە. بە واتایەکی دیکە مرۆڤ کاتێ دیتەگۆ هیچ بیرکردنەوەیەکی قووڵی لە سەر پەیڤەکان نابێ، بەڵام کاتێ دەنووسێ لە سەر "چی نووسین" و "چۆن نووسین" بیر دەکاتەوە. کە وابوو بە دەسپێکردنی فەرمییەتییەوە، زمان ئیتر دەربازی قۆناخی هزرییوون دەبێ و بەرەو پێش دەچێ و لە هەموو بوارەکانی جڤاکی و زانستیدا گەشە دەکا.

- پەیوەندی هاوڵاتییان لەگەڵ دەوڵەت و هەروەها لەگەڵ یەکتریشدا کە پەیوەندییەکی بەردەوامی ڕۆژانەیە، تەنیا یەک ڕێگەی دانووستانی بۆ دەمێنێتەوە کە ئەویش زمانی فەرمییە. زمانی فەرمی دەبێتە زمانی هاوبەشی پەیوەندییەکان و بەمجۆرە هەموو کەسێ لە ئاست زمانی فەرمیدا خۆی بە نیازمەند دەزانێ و زمانی فەرمی دەبێتە زمانێکی بایەخدار کە هەموو کەسێ پێویستی پێیەتی. وردەوردە ئەم زمانە دەبێتە زمانێکی گشتگیر کە لە پانتاییەکی گەورەی جۆگرافی و ڕووبەرێکی بەرینی

مۆنۆگرافیدا تەشەنە دەکا و پەرە دەستێنێ و هەر بەو رادەیەش و بگرە زیاتر لەوەش زمانە بندەستەکان لە سنووری جۆگرافی و مۆنۆگرافی سرووشتی خۆیاندا قەتیس دەمێننەوە و نە تەنیا لە گەشەکردن دەکەون، بەڵکوو نەتەوەی بندەست نەک هەر لە رووی خودی زمانەوە، بەڵکوو لە گشت بوارێکی فەرهەنگیدا کە هەموویان راستەوخۆ گرێدراوی زمانن تووشی وەستان و مەندبوونێکی بێدەنگ دەبێ.

- تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی هەر زمانێ تەنیا پەرەسەندنی هەندێ وشە نیە، بەڵکوو زمان هەڵگری فەرهەنگی ئاخێوەرەکانییە و بەرەو هەرکوێ بچێ ئەو فەرهەنگەشی لەگەڵدایە. کە زمانێ بوو بە فەرمی و گشتگیر بوو، لە رووبەری ژێر رکێفی دەسەڵاتی ئەو زمانەدا فەرهەنگەکەشی بڵاو دەبێتەوە و تا هەر کوێ زمانی فەرمی بڕ بکا و دەسەڵاتی هەبێ، فەرهەنگ و داب و نەریتی ئەو زمانەش برەوی هەیە. ئەم بەرەوپێشچوونە چۆنکە هێزی گەورەی دەوڵەتی لە پشتە، لە هەموو بوارەکاندا بە جۆرێک رەوایەتی پێ دەدرێ و راوەستاندنی زۆر ئەستەمە. لە ئاکامی ئەم هەلومەرجەدا لە لایەن زمانی فەرمییەوە داگیرکارییەکی فەرهەنگی بەهێز دێتە ئاراوە.

- مخابن لە جڤاکی مرۆڤایەتیدا تا ئێستاشی لەگەڵ بێ چەمکی دەوڵەت بە چەمکێکی پیرۆز و هێزی دەوڵەتیش بە هێزێکی رەوا و پیرۆز دەزانرێ. هەر بۆیە زمانی فەرمیش بە هۆی لێکئاڵان وگرێدراوی بە چەمکی دەوڵەتەوە، بە زمانێکی پیرۆز دادەنرێ و لە سایەی ئەم پیرۆزییەدا ئەو تەوژمە داگیرکارییە مەترسیدارەی کە ئاماژەم پێکرد نەتەنیا لە لایەن ئاخێوەرانی زمانی

فەرمییەوە بە کردارێکی ڕەوا دەزانرێ، بەڵکوو تەنانەت ئاخێوەرانی زمانە نافەرمییە بندەستەکانیش ئەم پرۆسەیە وەکوو ڕەوتێکی ئاسایی دەبینن. هێدی هێدی هەموو کەسێ ڕوو دەکەنە زمانی فەرمی و زمانەکانی دیکەش تەنانەت لەوانەیە لە لایەن ئاخافتوانانی خۆیانەوە پشتگوێ بخرێن و بەرەو کزی و لاوازی بچن و بەم شێوەیە مەترسی لەناو چوونی زمانە بندەستەکان دێتە ئاراوە و پرۆسەی خۆ تواندنەوەی ئەم زمانانەش دەست پێدەکا کە تا ڕادەیەکی زۆر ناخودئاگایە.

- چۆنکە زمانی فەرمی پاڵپشتی زیاتری لێ دەکرێ و خوێنەری زۆرتریشی هەیە، بەرهەمە ئەدەبییەکان تەنانەت ئەگەر بەرهەمی زمانی بندەستیش بن زۆربەیان بە زمانی فەرمی دەنووسرێن. ئیتر پێشخوانی فەرهەنگی، جڤاکی و دیرۆکی زمانەکانی دیکە بە هەموو هێزی خۆیانەوە دەکەونە خزمەت زمانی فەرمییەوە و دەبنە خۆراکی فەرهەنگی بۆ ئەو زمانە و لە ڕاستیدا زمانی فەرمی دەبێتە خاوەنی ئەدەب و کولتووری ئەوانی دیکە و بەردەوام هەرچی لەوان دەکرێتەوە دەخرێتە سەر زمانی فەرمی و بەم شێوەیە لە حاڵێکدا زمانی بندەست خەریکی نەمام چاندن دەبێ بۆ فەرهەنگی زمانی فەرمی، زمانی فەرمی لەم لاوە دەست دەکا بە بڕینی هەموو پیرە دارەکانی فەرهەنگی زمانە بندەستەکان. ئەمجا هاوتەریبی توانەوەی ناخودئاگای زمانە نافەرمییەکان پرۆسەی تواندنەوەی بەئەنقەستی ئەم زمانانە لە لایەن زمانی فەرمییەوە دەبێتە ڕەوتێکی بەهێزی ڕۆژانە.

- پەیوەندی زمانی فەرمی لەگەڵ زمانە فەرمییەکانی دیکە بە حوکمی دەسەڵاتییەوە دانووستانێکی ڕاستەوخۆیە و هەر چەمکێکی زانستی و هەر بەرهەمێکی هزری لە هەر زمانێکی دیکەوە ڕاستەڕاست وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی فەرمی، کەچی ئاخێوەری زمانی نافەرمی لە ڕێگەی زمانی فەرمییەوە هەموو شتێکی پێدەگات و لە ڕاستیدا لە پەنجەرەی زمانی دووهەمەوە کە زمانی فەرمییە بۆ دەرەوی جیهانی خۆی و جڤاکەکەی دەڕوانێ. زمانی فەرمی دەبێتە پردێک لە نێوان زمانی بندەست و جیهانی دەرەوەیدا. کە واتە ئاخێوەری زمانی بندەست لە لایەک بەرانبەر بە زمانی فەرمی هەست بە نیاز دەکا، لە لایەکی دیکەوە هەموو شتێکی بە نیوە و ناتەواو پێدەگات. لە ئاکامدا تێڕوانینی ئاخێوەری زمانی نافەرمی بۆ چەمکەکانی ژیان ڕوانینێکی کورت و ناتەواوە و لە ئەنجامدا ئەم ئاخێوەرە لەچاو ئاخێوەری زمانی فەرمی تێگەیشتن و جیهانبینییەکی ناچڵ و ناتەواوی هەیە.

- ئەو دانووستانە ڕاستەوخۆیە کە لە نێوان زمانی فەرمی و زمانەکانی هاوشێوەی لە وڵاتانی دیکەدا ساز دەبێ کاناڵێک درووست دەکا بۆ داناسینی زمانی فەرمی لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی و لە ڕێگەی ئەم پردەوە بەرهەمەکانیشی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکانی دیکە. هەر چەشنە بەرهەمێکی فەرهەنگی دانیشتوانی وڵات چۆنکە لە ڕێگەی زمانی فەرمییەوە هەناردە دەکرێن وەکو بەشێک لە میراتی فەرهەنگی ئەو زمانە دەناسرێن و بەم شێوەیە زمانی فەرمی دەبێتە نوێنەر و تەنانەت دەبێتە هێمای تەواوی خەڵکی ئاکنجی ئەو وڵاتە و ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە شۆناسی زمانی فەرمی و تەنانەت شۆناسی نەتەوەی خاوەن زمانی

فەرمییان دەخرێتە سەر و بە جۆرێ لە جۆرەکان پرۆسەی تواندنەوەی زمانی نەتەوە بندەستەکان ڕەهەندێکی جیهانیش وەردەگرێ.

- پەروەردەی فەرمی چەکێکی بەهێز و کاریگەرە لە خزمەت زمانی فەرمیدا. دەوڵەت هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە ڕێگەی پەروەردەوە زمانی فەرمی دەخاتە مێشکی هاووڵاتی و فێری دەکا کە چۆن لە بیرکردنەوە بە زمانی دایکی خۆی واز بێنێ و دەوسی ئەوە بە زمانی سەردەست بیر بکاتەوە. چۆنکە زۆرینەی ڕەهای خەڵک ناچارن بە ڕەوتی پەروەردەی فەرمیدا تێپەڕ بن، سیستەمی پەروەردە لە هەموو قۆناخەکانی تواندنەوە و سڕینەوەی زمانە بندەستەکان و بەهێزکردنی زمانی فەرمی و مسۆگەرکردنی باڵادەستی ئەو زمانە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. لە ڕاستیدا پەروەردەی فەرمی بەهێزترین و ترسناکترین کاتالیزۆری باندۆر و لێکەوتەکانی دیاردەی فەرمییەتی زمانە. ئەڵبەتە لەم بەینەدا گەلێ فاکتەری دیکەش هەن کە لەسەر ڕێژە و ڕادەی ئەم لێکەوتانە کاریگەری دادەنێن کە لە درێژەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەم.

ئەگەرچی ئەو دەرهاویشتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا ئاکام و ئاسەواری ڕاستەوخۆی دیاردەی فەرمییەتی زمانن، بەڵام مەودای مەترسی و ڕادەی کاریگەرییان ڕێژەییە و زۆر فاکتەر و هەلومەرج هەن کە لەسەر ڕادە و ئەندازەی ئەم کاریگەرییانە باندۆر دەکەن. پێویستیشە ئاماژە بەمە بکەم کە هیچکام لەم فاکتەرانە نە بە تەنیا، بەڵکوو زۆر جار پێکەوە دەکەونە گەڕ و باندۆری بەهێزیان دەبێ. چەند میناکێکی گرینگ و جەوهەری لەم فاکتەرانە بەکورتی بریتین لە:

- هۆشمەندی نەتەوەی ژێردەست: وەک چۆن لە پێشتردا باسکرا، ڕاستە کە زمانی نافەرمی وردەوردە لەهەمبەر زمانی فەرمی بەرەو کزی و لاوازی دەچێ، تووشی وەستان و مەندبوون دەبێتەوە و لە لایەن زمانی فەرمییەوە دەخرێتە ژێر تەوژمێکی بەهێزی داگیرکاری و هێرشی فەرهەنگی و لە ئاکامدا بارودۆخێکی مەترسیداری بۆ دێتە ئاراوە، بەڵام ڕادەی گرنگیدان و مەودای پەیوەست بوونی نەتەوەی خاوەن زمانی نافەرمی بە زمانەکەی خۆیان فاکتەرێکی گرنگ و چارەنووس سازە. چەندە هۆشیاری فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە لە ئاستێکی بەرزدا بێ و زیاتر گرێدراوی فەرهەنگ و نەریت و زمانی خۆی بێ، بە هەمان ڕادە زمانەکەیان دەکەوێتە دۆخێکی بەرگرییەوە و لەوانەیە لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بوەستێ، بەڵام مەترسی لە ناوچوونی کەمڕەنگتر دەبێتەوە، بە پێچەوانەش هەر جۆرە ناوشیاری و کەمتەرخەمییەک بەرانبەر بە زمان و فەرهەنگی خۆماڵی لەز ئەداتە لاوازبوون و پەراوێزکەوتنی زمان و بەرەو ئاراستەیەکی نالەبار و نادیار دەیبا. بۆ وێنە لە باکووری ئێران بەهۆی پەیوەست نەبوون و هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردن لە لایەن نەتەوەی گیلەکەوە لەمەڕ زمانەکەی خۆیان، زمانی گیلەکی تا لێواری لەناوچوون ڕۆیشتووە. بۆ هەندێ زاراوەی زمانی کوردیش، بۆ وێنە شێوەزاری کەلهۆڕی ئەم دۆخە لە ئارادایە.

- هۆشمەندی و هەڵوێستی نەتەوەی سەردەست: چەندە ئەندازەی کاریگەری دیاردەی فەرمییەت لە سەر زمانی بندەست گرێدراوە بە مەودای هەستیاری و پەیوەست بوون بە زمان و فەرهەنگ و کولتووری خۆماڵی لە لایەن ئاخێوەرانی زمانی نافەرمییەوە، بە هەمان ئەندازەش هۆشمەندی

نەتەوەی خاوەن زمانی فەرمی بۆ چەمکی فەرمییەتی زمان، ڕادەی کراوەیی یان دەمارگرژی ئەو نەتەوەیە باندۆر و کاریگەری دادەنێ. ئەگەر گەلی خاوەن زمانی فەرمی گەلێکی کراوە و دوور لە دەمارگرژی بێ و فەرمییەتی زمانەکەیان بە دیاردەیەکی ئاسایی وەربگرێ، لە نێوان زمانی فەرمی و نافەرمیدا بوارێک بۆ دانووستاندن دەڕەخسێ و بەمجۆرە نەتەنیا زمانی فەرمی دەتوانێ ڕۆڵی پردێک لە نێوان زمانەکانی دیکەدا بگێڕێ، بەڵکوو دەتوانێ لە ڕێگەی ئەوانیشەوە خۆی دەوڵەمەندتر بکا. پێچەوانەش، هەر جۆرە دەمارگرژی و فاشیزمێ لە لایەن نەتەوەی سەردەستەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ چەوساندنەوەی زمانی نافەرمی. زمانی فەرمی وەک زمانێکی دژمن سەیر دەکرێ و زمانی فەرمیش دەرگا لە خۆنواندنی زمانەکانی دیکە دەگرێ. پەیوەندی زمانی فەرمی و نافەرمی ئیتر دەبێتە پرۆسەیەکی بەرهەڤدان و ململانێ نێوان داگیرکەر و داگیرکراو، سەردەست و بندەست و زمانی خودی و زمانی بێگانە. بە کورتاسی، بەرهەڤدانێکی فەرهەنگی نالەبار و ناتەندرووست لە نێوان زمانی فەرمی و نافەرمیدا ساز دەبێ کە بە داخەوە بە هۆی پاڵپشتی هەمە لایەنەوە هەمیشە بە قازانجی زمانی فەرمی دەکەوێتەوە. یەکێ لە میناکە هەرە ناتەندرووستەکانی پەیوەندی زمانی فەرمی و نافەرمی لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا دەبینرێ. لە وڵاتێکی وەکوو ئێران نەتەوەی فارس زمانی خۆیان بە زمانێکی بەرتر لە زمانەکانی دیکە دەزانن و لەهەمبەر زمانەکانی دیکەی ناو جۆگرافیای ئێراندا هەڵسوکەوتێکی باشیان نیە و نەتەنیا هەموو جۆرە چالاکییەکی فەرهەنگی لە لایەن نەتەوەکانی دیکەوە ڕاستی سووکایەتی ئەوان دێت، بەڵکوو هەر

لە خۆڕا بە شێوەیەکی ڕۆژانە زمانەکانی دیکە دەخەنە بەر تەوژمی گاڵتە و گەپ و هێرشی سووکایەتی پێکردن. ناساندنی زمانەکانی دیکە وەکوو زاراوەی زمانی فارسی و بەکارهێنانی وشەگەلێکی وەکوو زمانی ناوچەیی، یان ڕستەگەلێ وەکوو گوویش بۆ خۆی نیشاندەری تێڕوانینی فارسەکانە بۆ زمانەکانی دیکە. بێ گومان یەکێ لە کاراترین مەترسییەکان بۆ سەر زمانەکانی دیکەی ئێران ئەو تێڕوانینە نادرووستەی نەتەوەی فارسە بۆ زمانەکان و بە گشتی فەرهەنگەکانی دەرەوەی خۆیان و هەر ئەمەش زمانی کوردیشی تێدا، زیانێکی گەورەی بە زمانەکانی ناو جۆگرافیای ئێران گەیاندوە.

- هاوبەشێ فەرهەنگی، مێژوویی، ڕەگەزی: ئەڵبەتە لەم بەینەدا هەبوونی خاڵی هاوبەشی جڤاکی و فەرهەنگی، یان بە پێچەوانەوە جیاوازی فەرهەنگی لە نێوان ئاخێوەری زمانی فەرمی و نافەرمیدا دەتوانێ بە هەردوو ڕوودا کاریگەری خۆی هەبێ. چقاس تێگین و چەمکی فەرهەنگی هاوبەش لە نێوان دوو نەتەوەدا زەقتر بن، دوو نەتەوە خۆیان بە خاوەن یەک مێژووی هاوبەش بزانن، یان یەک بنچینەی ڕەگەزی و نەژادی بۆ خۆیان پێناسە بکەن، هەر بەو ئەندازەیەش نەتەوەی بندەست ڕۆحی خۆی لە نەتەوەی سەردەست نزیکتر دەکاتەوە، چۆنکە نەتەوەی سەردەست لە خۆی و بەڵام لە ئاستێکی بەرزتردا دەبینێ. ئەم نزیک بوونەوەیە لە یەکەم هەنگاودا لە زمانەوە دەست پێدەکا و بە گرانی هەر لەناو زمانیشدا چەق دەبەستێ و ئاخافتوانی زمانی نافەرمی بەم شێوەیە زمانەکەی خۆی بەرەو ئاراستەی زمانی فەرمی پشتگوێ دەخا. بۆ نموونە ئایینی شیعە وەکوو

هاوبەشییەکی گرنگی نێوان شێوەزاری کەلهۆڕی و زمانی فارسی ئەگەر گرنگترینیان نەبێ، مسۆگەر یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی ئاخێوەرانی زاری کەلهۆڕی لە زمانی فارسی و خۆویستانە کەوتنە ناوەوەی داوێکی ژینۆسایدی فەرهەنگی بەهێز. لە میناکێکی دیکەدا نەتەوەی کورد بە هۆی هاوبەشی بنچینەی ڕەگەزی، فەرهەنگی و زمانییەوە، هیچکات بەراورد بە زمانەکانی دیکەی دراوسێ، هەڵوێستی نەرێنی لە هەمبەر زمانی فارسی وەرنەگرتوە. ئەڵبەتە بەپێچەوانەش هەرچی جیاوازی فەرهەنگی، نەژادی و دیرۆکی لە نێوان نەتەوەی خاوەن زمانی فەرمی و نافەرمیدا زیاتر بێ، نەتەوەی ژێردەست زمانی فەرمی لە خۆی دوور دەزانێ و خواستی بەرەو زمانی فەرمی کەمتر دەبێتەوە و بەرانبەر بە زمانی باڵادەست لە زمانەکەی خۆی جۆرێک بەرگری دەنوێنێ. باشترین نموونە پاراستن و بەرگریکردنی گەلی ئازەری لە زمان و فەرهەنگی خۆیانە بەرانبەر بە زمانی فارسی.

- بارودۆخی دیرۆکی، جوگرافی و دیمۆگرافی زمان: فاکتەرێکی گرنگی دیکە کە لە کێبڕکێ و بەرکەوتنی نێوان زمانی فەرمی و نافەرمیدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ بارودۆخی مێژوویی، جۆگرافی و دیمۆگرافی زمانی نافەرمییە. ئەگەر زمانێک پاشخوانێکی فەرهەنگی دوور و درێژ و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی لە پشتەوە بێ، لەهەمبەر هێرشی زمانەکانی دیکە و بە تایبەت زمانی فەرمی دەتوانێ بەرگەی خۆی بگرێ و مەترسییەکانی سەر ئەو زمانە هەرچەندە بەهێزیش بن ناتوانن بەربەست و ئاستەنگی زۆری بۆ درووست بکەن. دەتوانین لە میناکێکی بەراوردیدا شێوەزارەکانی هەورامی

و کەلهۆڕی وەک نموونە بێنینەوە. لەحاڵێکدا هەورامی بە ئەدەبیاتێکی نووسراوەی دەوڵەمەندەوە لە ژێر تەوژمی فارسی و عەرەبیدا توانیویەتی خۆی ڕابگرێ و تەنانەت گەشەش بکا، کەلهۆڕی وەکوو یەکێ لە نزیکترین شێوەزارەکان بە هەورامی تا لێواری لەناوچوون ڕۆیشتوە و یەکێ لە هۆکارەکانیشی بە دڵنیاییەوە نەبوونی ئەدەبیاتێکی نووسراوەیی بەردەست بەم شێوەزارەیە. خاڵێکی گرنگی دیکە بۆ زمان پانتایی جۆگرافی و دیمۆگرافییە. لە ڕاستیدا پانتایی جۆگرافی و حەشیمەتی ئاخێوەرانی هەر زمانێک وەکوو شوورایەک بۆ ئەو زمانە ڕۆڵ دەبینن. ئەگەر زمان ڕووبەرێکی بەرینتر و بەرفراوانتر داپۆشێ، یان حەشیمەتێکی زۆرتری ئاخافتوانی هەبێ، کەرانەیەکی ئاسایشی بۆ خۆی دابین دەکا. لاواز کردن و بەتایبەت لەناوبردنی ئەو زمانە کارێکی ئاسان نیە و دیاردەی فەرمییەتی زمانێکی دیکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ هەبوونی ئەو زمانە بخاتە مەترسییەکی یەکجارییەوە.

- کارەکتەری دەوڵەت: دەوڵەت لە خودی خۆیدا بەهێزترین و زیندووترین بوونەوەری جڤاکییە کە پەیوەندی نزیک و کاریگەری لەگەڵ زماندا هەیە. ئەم بوونەوەرە نەتەنیا خۆی باندۆری ڕاستەوخۆی لە سەر زمان هەیە، بەڵکوو لە سەر فاکتەرەکانی دیکەی پەیوەست بە زمان کە پێشتر باس کران کاریگەری بەهێز دادەنێت. کەواتە هەر خەسڵەتێکی ساختاری دەوڵەتی نوێنەری زمانی فەرمی دەتوانێ بە لای ئەرێنی یان نەرێنیدا کاریگەری خۆی هەبێ. بۆ نموونە هەرچی سیستەمی دەوڵەت بەرەو ناوەندگەرایی نزیک بێتەوە و ناوەند دەسەڵاتی زیاتر بێ، زمانی فەرمیش پشتیوانی زیاتری

لێدەکرێ و لەبەرانبەردا زمانەکانی دیکە زیاتر پەراوێز دەخرێن. بە تایبەتی ئەگەر دەوڵەتی ناوەندگەرا نەتەوەییش بێ پەراوێز خستنی زمانە نافەرمییەکان زۆر تۆختر و بێڕەحمانەتر ڕوودەدات. بەپێچەوانەوە هەرچی دەوڵەت خەسڵەتی فیدراڵیەتی زیاتر تێدا بێ و دەسەڵاتەکانی دابەش بکرێن، زمانەکانی دیکەش دەتوانن دەسەڵاتی زیاتر وەربگرن و ئاسانتر خۆیان بپارێزن و تەنانەت پەرەش بستێنن. بە واتایەکی دیکە چەندە ڕەگەزەکانی دیمۆکراسی بە تایبەتی لە بواری نەژادی و فەرهەنگیدا لەناو دەولەتدا کاڵتر بن، بەو ڕادەیەش، فاکتەرەکانی دژ بە زمانە نافەرمییەکان تۆختر و پرڕەنگتر دەبن و بە پێچەوانەشەوە ڕەنگدانەوەی زیاتری دیمۆکراسییەت لەناو دەوڵەتدا کاڵبوونی مەترسییەکانی سەر زمانە نافەرمییەکانی بەدواوە دێت... .

ئمجا با بگەڕێینەوە سەر فەرمییەتی زمان لە کوردستان و بزانین لە نموونەی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستاندا ئەنجامی ئەم پەیوەندییە دووقۆڵی و لێکئاڵاوەی زمانی فەرمی و دەوڵەت چۆن بە شێوەیەکی تایبەتی بووەتە سەرچاوە و هەوێنی ئەو ستەمکارییە زمانی و فەرهەنگییەی کە پێشتر باسم کرد. ئەگەر چاوێکی خێرا بە پرۆسە و دیاردەی فەرمییەتی زمان لە جیهاندا بخشێنینەوە، وەک دیارە ئەگەرچی لەوانەیە لە ڕواڵەتدا بە شیوەیەکی ڕەسمی زمانی فەرمی دەستنیشان نەکرێ و ڕانەگەیەنرێ، بەڵام لە هەموو دەوڵەتێکدا، یان ڕاستتر بڵێین لە هەموو وڵاتێکی خاوەن دەوڵەتدا زمانی فەرمی بوونی هەیە و ڕاگەیاندن و ڕانەگەیاندنی بە واتای هەبوون یان نەبوونی زمانی فەرمی نیە. بۆ وێنە لە ئامریکا بە بێ ئەوەی بە

ئاشکرا فەرمییەتی ڕابگەیەنرێ، زمانی ئینگلیزی زمانی فەرمییە. دوای ئەمە زمانی فەرمی دەتوانێ تەنها یەک زمان یان زیاتر لە یەک زمانی فەرمی هەبێ. بۆ وێنە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین یەک زمانی فەرمییان هەیە، لەحاڵێکدا لە وڵاتانی وەکوو سوید، هیند و عێراقی ئەمرۆ لانیکەم دوو زمانی فەرمی بوونی هەیە. زمانە فەرمییەکان بە گشتی لە ڕێگەی یاساوە دەستنیشان دەکرێن، بەڵام لە نموونەی وەکوو ژاپۆندا زۆر وڵاتیش هەن کە زمانی فەرمی بەبێ پاڵپشتی یاسایی خۆی دەسەپێنێ. ئەم حاڵەتە زیاتر لە ولاتانێ دێتەئاراوە کە زۆرینەی ڕەهای ئاکنجی ئەو وڵاتانە لە یەک نەتەوەن و بە یەک زمان دەئاخڤن. بە واتایەکی دیکە لەم ولاتانەدا زمانی فەرمی دەوڵەت و زمانی دایک وەک زمانی نیشتمانی و نەتەوەیی یەک دەگرنەوە. ئەڵبەتە زمانی فەرمی دەتوانێ تەنانەت نە زمانی نەتەوەیی و نە زمانی نیشتمانیش بێ. بۆ وێنە زمانی ئینگلیزی لە هیندستان سەرەڕای ئەوەی زمانی خەڵکی هیندستانیش نییە بەڵام لەوێ وەکوو زمانی فەرمی ناسراوە. هەروەها زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە هەندێ وڵاتی ئافریقادا زمانی فەرمین. ئەم حاڵەتە زیاتر لە وڵاتانی داگیرکراوی دوو سێ سەدەی ڕابردوودا دەبینرێ کە لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی چەندین دەیە گیرۆدەبوون بە زمانێکی داگیرکەر، ئەو زمانە بێگانەیە بووەتە زمانی فەرمی بۆیان. دوای ئەمانە، خاڵێکی گرنگی دیکە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکانە لەگەڵ زمانە نافەرمییەکاندا. دەوڵەتەکان وەک هاوکار و پاڵپشتی زمانی فەرمی بەگوێرەی ڕێژەی دیمۆکراتیکبوون، سەبارەت بە زمانە نافەرمییەکاندا ڕەفتاری جیاواز دەنوێنن. بۆ وێنە کە هەندێ دەوڵەت هەرچەند بە

نایەکسانیش بووبێ، بەڵام تا ڕادەیەک یارمەتی زمانە نافەرمییەکانیش دەدەن تا دەرفەتی ژیانکردنیان هەبێ. هەندێکی تریان تەنیا خزمەت بە زمانی فەرمی دەکەن و ئەوانی دیکە بە هەند وەرناگرن و یارمەتییان نادەن. هەندێ دەوڵەتیش هەن کە نەتەنیا بە تەواوەتی دەکەونە خزمەت زمانی فەرمی، بەڵکوو زمانەکانی دیکە قەدەخە و سەرکوت دەکەن.

لە سۆنگەی هەرکام لەم ڕەهەندانەی سەرەوە سەیری بکەین، دەبینین کە فەرمییەتی زمان لە دەوڵەتانی سەردەستی کوردستاندا نارێکترین و ناتەندروستترین جۆری فەرمییەتە. لەم وڵاتانەدا کە هیچکامیان یەک زمان نین و هەرکامەیان دوو و سێ و چوار و پێنج و تەنانەت زیاتریش زمانیان تێدایە، تاقە زمانێک کراوە بە زمانی فەرمی و سەردەست. دوای ئەمەش تەواوی هێزی دەوڵەت و سەرمایەی وڵات خراوەتە خزمەت ئەو زمانەوە، تەواوی شارستانییەتی هەموو گەلانی دیکەی ئەم وڵاتانە بەناوی ئەوەوە تاپۆ کراوە، لە کۆتاییشدا زمانەکانی دیکە قەدەخە و سەرکوت دەکرێن لەپێناو باڵادەستی ئەودا. کورت و کورمانجی، دیاردەی فەرمییەتی زمان لە وڵاتانی سەردەستی کوردستاندا بە هیچ پێوەرێک فەرمییەتێکی ئاسایی و لەڕێزێدا نییە کە مەبەستی ئەوە بێ زمانێک هەڵبژێرێ بۆ سازدانی پردێکی لێک تێگەیشتن و پەیوەندی هاوبەش لەنێوان دانیشتوانی وڵاتێکی چەندزمانیدا، بەڵکوو لەڕاستیدا پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی دژمنکاری زمانی و ستەمکاری فەرهەنگییە کە ئامانجی ئەوەیە هەموو زمانەکانی دیکە لەپێناو یەک زمانی دیاریکراودا لەناو بەرێ.

کە واتە کورد چۆن دەبێ بڕوانێتە زمانە فەرمییە سەردەستەکان؟!. دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان کە هەموویان هەڵقوڵاوی فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەستن و تەنیا نوێنەرایەتی هەموو شتیکی ئەوان دەکەن. بێگومان دەوڵەتی نەتەوەش کە ڕەگێک لە فاشیزم و نەژادپەرستی تیدایە، خۆی بە پارێزەری هەر شتێ دەزانێ کە مۆرکی نەتەوەی سەردەستی لە سەر دانرابێ. هەر بۆیە زمانی فەرمی بەرانبەر بە زمانەکانی دیکە دەبێ وەکوو زمانێکی فەرمانڕەوا سەیر بکرێ کە لە هەنگاوی یەکەمدا تەنیا لە خەمی پاراستن و گەشەکردنی خۆیدایە و ئەوانی دیکەی پەراوێز خستوە. مخابن ئەمە تەواوی داستانەکە نییە و ئەم دەوڵەتانە کە باسیان دەکەین هەموویان بێ جیاوازی لەسەر بنچینە و زەمینەیەکی دیکتاتۆرییەتی دەیان و تەنانەت سەدان ساڵە پێکهاتوون. هیچ گومانێ لەمەدا نییە کە خەسڵەتی سەرەکی هەرجۆرە دیکتاتۆریەتێک ئەوەیە کە مانەوەی خۆی لە پێشێلکردن، بنپێخستن و نابوودی بەرانبەرەکەیدا دەبینێتەوە. نەتەوە خاوەن زمانە فەرمییەکانی سەردەستی کوردستانیش بە حوکمی ئەم تایبەتمەندییە هەمیشە مانەوەی خۆیان لە نابوودی زمانەکانی دیکەدا بینیوە و بەردەوام بە هەموو هێز و توانایانەوە هاتوونەتە سەر زمانی کوردی و بەوپەڕی دڕندەییەوە لانیکەم لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا هیچ بێڕێزی و ستەمێک نەماوە لەهەمبەر زمانی کوردی نەیانکردبێ. بە واتایەکی دیکە زمانی فەرمی نەتەنیا زمانەکانی دیکەی پەراوێز خستووە، بەڵکوو هەمیشە لە پارێز و کەمیندا بووە بۆ لەناوبردن و سڕینەوەیان و بەتایبەت سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم سڕینەوەیە هەمیشە لە دژمنانەترین شێوازی خۆیدا بەڕێوە

چووە. کورت و کورمانجی ڕەنگە ئەم قسەیە هەندێک زێدەڕۆییشی تێدا بێ بەڵام بەکورتی لە نەست و ناخودئاگای مرۆڤی کورددا فەرمییەتی هەر زمانێک بەم شێوازەی کە لە وڵاتانی سەردەستی کوردستاندا هەیە، نە بە واتای پەراوێزخستن، تەنانەت نە بە واتای نکۆڵیکردنیش، بەڵکوو دەبێ ڕێک بە مانای قڕکردن و لەناوبردنی زمانی کوردی بێت.

## بۆ گرنگە دژایەتی زمانی سەردەست بکەین؟!

با لە سۆنگەیەکی دەروونناسییەوە بە پرسیارێکی زۆر سادە و ساکار دەست پێبکەم. بەگریمانە بێننە بیر خۆتان کە بەردەوام داواتان لێ بکرێ لە پێناو کەسێکدا دەستبەرداری مافێکی خوەزایی و نیازێکی سروشتی خۆتان بن. گەلۆ دوای جارێک و دووان و دەیان جار چی جۆرە هەستێکتان بەرانبەر بەو کەسە لەلا دروست دەبێ؟. خودی ئەو کەسە هیچ، ئایا تەنانەت لە ناوەکەشی ڕقتان نایێتەوە؟!. لە گریمانەیەکی دیکەدا، ئەگەر بەردەوام لە تێڕوانینێکی سووکایەتیکردنەوە لەگەڵ کەسێکدا بەراورد بکرێن کە خۆتان دەزانن ئەو کەسە ئەگەر پێگەیەکی لە ئێوە بچووکتری نەبێ گەورەتریش نییە، ڕوانینتان بەرانبەر پێی چۆن دەبێ؟. ئایا بەردەوام ئاوات بەوە ناخوازن چاوتان پێی نەکەوێ و نەیبینن؟!. گریمانەیەکی دی، ئەگەر لەسەر ناوی کەسێک یان بە ناوی شتێکەوە یان بەهۆی شتێکەوە بەردەوام ستەمتان لێ بکرێ، ئایا لەو کەسە یان لەو شتە کین و نەفرەت هەڵناگرن؟! ... و هتد. بێگومان مرۆڤی ئاسایی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لە پێناو هەر شتێکدا، بە بیانووی هەر شتێ، بەهۆی هەر شتێک و لەڕێگەی هەر شتێکەوە هەر جۆرە ستەمێکی لێ بکرێ، هەم لە ستەمکارەکان و هەم لە بیانووەکان و هەم لە ئامرازەکان و هەمیش لە شێوازەکانی ستەمکردن ڕقی هەڵدەستێ و پێیان قەڵس و زویر دەبێ. با لە دووتوێی دوو میناکی جیاوازدا هەندێ وردتر لەم دۆخە دەروونییە بکۆڵینەوە تا تێبگەین کە چەندە ئاساییە. بۆ میناکی یەکەم ئایینی ئیسلام نموونەیەکی باشە. ڕاستییەک هەیە کە بەشێکی خەڵکی کورد کە ئاگاداری ستەمکاری سەر کوردستانن ئایینی ئیسلام بە

ژێدەری ستەمەکانی سەر کورد دەزانن و لە ئەنجامدا کەم نین ئەو کوردانەی دژی ئیسلام دەوەستنەوە و ڕقیان لێیەتی. بەشێکی تر لە کورد نە ئیسلام، بەڵکوو موسڵمانەکان وەک سەرچاوەی ئەم ستەمە دەبینن و هەر بۆیە لە هێمای گەلانی داگیرکەردا نەفرەت لە هەموو موسڵمانێک دەکەن. هەندێکی تر دەقەکانی وەک چەمکی ئەنفال و جیهاد لەنێو قورئاندا بە سەرچاوەی ستەمکاری لە کوردستان چاو لێدەکەن، لەوما دژی خودی قورئان دەوەستنەوە. زۆرێکیش پێیان وایە کە موسڵمانەکان بەهۆی ئیسلامەوە لە پێناو ئیسلام، بە ناوی ئیسلام و بە چەکی ئیسلام ستەم لە کورد دەکەن و هەر بۆیە ئەوەی ڕەنگ و تام و بۆنی ئیسلامی پێوە بێ، نەفرەتی لێدەکەن و ڕقیان لێیەتی. بۆ ئەوەی ئەم دۆخە دەروونییە لە پانتاییەکی سایکۆلۆژی بەرینتر و فراوانتردا وێنا بکەین، با میناکی دووم لە سۆنگەیەگی دیکە و لە بوارێکی جیاوازتردا بێنینەوە. بەگریمانە خۆتان بخەنە جێی کەسێکەوە برایەکی هەیە کە بە جۆرێ لە جۆرەکان بووەتە هەمەکارەی بنەماڵە، وەک قسەکەر و بڕیاردەری ماڵبات دەردەکەوێ و بە ستەمکردن و بێبەشکردنی ئەوانی دیکە خۆی هەموو سامانی باوکەکەی داگیر دەکا لە پێناو خێزان و منداڵەکانی خۆیدا. هەموو ئەمانەش بەو ناوەوە ئەنجام دەدا کە کوڕی گەورەی باوکە، یان باوکی وەها وەسیەتی کردووە، یان باوکی دوای خۆی چارەنووسی سامانەکەی ڕادەستی ئەو کردووە، یان باوکی ڕایسپاردووە دوای ئەو سەرپەرشتی ماڵ و خێزانەکەی بکا و... هتد. ئێستا بۆ جارێکی تر خۆتان بخەنەوە جێی برای ستەمدیدە، بێگومان جگە لەوەی کە لە براکەتان، لە خێزانەکەی و لە منداڵەکانیشی ڕق هەڵدەگرن، دڵتان لە

باوکیشتان ڕەش دەبێ. ئەم دۆخە دەروونییە و ئەمجۆرە تێڕوانین و ڕەفتارانە کە لەم دوو میناکەدا وێنام کرد لە هەر ڕوویەکەوە لۆژیکی و ئاسایی نەبێ، بێگومان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ڕێژەیەکی گەورە لە لۆژیک و ئاساییبوونی تێدایە کە ئەویش بریتییە لە پەرچەکرداری مرۆڤێکی ئاسایی سەبارەت بە هەر هێمایەک کە بە ناوی ئەوەوە، یان لە پێناو ئەودا یان لەڕێگەی ئەوەوە ستەمێکی گەورە بەرانبەر بەو مرۆڤە دەکرێ. مرۆڤی کورد سەبارەت بە زمانی سەردەست ڕێک ئەم دۆخە دەروونییە دەژی کە وێنام کرد. کە مرۆڤ زمانی خۆی لێ قەدەخە بکرێ لە پێناو پاراستنی زمانێکی دیکەدا، لە زمانی خۆی داببڕێنرێ بۆ ئەوەی زمانێکی دی گشتگیر بکرێ، گاڵتە و سووکایەتی بە زمانەکەی بکرێ بۆ بەرزکردنەوەی زمانێکی دی و... هتد، نەکردە و ماحاڵە کە ئەو مرۆڤە ڕقی لەو زمانە ستەمکارە هەڵنەستێ. بەکورتی من بێگومانم لەوەی کە هەر کوردێک لە کوردستان ویستبێتی لە ڕووی زمانییەوە کوردبوونی فەرهەنگی و جڤاکی خۆی بژی و لە ستەمکاری زمانی سەبارەت بە خۆی بەئاگا بووبێ و هەستی بە ستەمی فەرهەنگی کردبێ، هەر دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان دۆخێکی سایکۆلۆژی لە کینەتۆزی و هەستێکی ڕقاوی لە نەفرەت سەبارەت بە زمانە سەردەستەکان ژیابێ. ئەمە تا ئێرە تەنیا لە سۆنگەیەکی زمانی و فەرهەنگی پەتییەوە باسم کرد.

ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" گرتەیەکی گرنگی تێدایە کە دەتوانێ یارمەتیمان بدات تا ڕەهەندەکان و هۆکارەکانی دیکەی ئەم نەفرەتە بە ئاسانی بدۆزینەوە. ئەم گرتەیە لە زاری جەلادەتی کۆترەوە دەڵێ: "من بە درێژایی ئەم کتێبە هەموو ئەو دیالۆگ و قسانەی بە عەرەبی دەکرێن بۆتان

دەکەمەوە بە کوردی، نا لەبەر ئەوەی کە کوردی بە زمانێکی باشتر دەزانم، بەڵکوو لەبەر ئەوەی عەرەبی لە یادەوەری مندا زمانی جەللادەکانە، لە یادەوەری مندا وەک زمانێکی ترسناک وەهایە کە ئەوانە قسەی پێدەکەن کە دەستیان بە خوێنی ئیمە سوور بووە". وەک لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی کورد لە ستەمکارییە زمانی و فەرهەنگییەکە ئەو ستەمی داگیرکارییەش زیاد بکات کە قڕان، ئەنفاڵ، جیهاد، سێدارە، گواستنەوە، تاڵان و... هەزاران تاوانی گەورە و بچووکی جۆراوجۆری دیکەشی تێدایە، ئیتر من پێم وایە نەتەنیا هەستێکی لەلا نامێنێتەوە بۆ حەزکردن و خۆشویستنی زمانە سەردەستەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی، بەڵکوو نەفرەتکردن و بێزکردن لێیان نزمترین ئاستی هەستە کە مرۆڤێکی ئاسایی لە دۆخی مرۆڤی کورددا بتوانێ دەرییبڕێ.

لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی سەرەوە پێم وایە تا ئێستا ڕوونە کە بۆچی کوردێکی گرێدراوی زمان و فەرهەنگی خۆی ڕقی لە زمانە سەردەستەکانە و ئەم ڕقە چەندە ئاساییە. ئمجا با بێینە سەر ئەمەی کە بۆچی پێویستە مرۆڤی کورد نەفرەت لە زمانی سەردەست بکا و بەگژیدا بچێتەوە و بەرەنگاری ببێتەوە. وەک پێشتر گوتمان مرۆڤ و جڤاکی کوردی بە ناوی زمانی سەردەستەوە، لە پێناویدا، لە ڕێگەیەوە و لە لایەن ئەوانەی کە پێی دەئاخڤن ستەمی زمانی و فەرهەنگی گەورەی لێدەکرێ و بە ئاشکرا لە کەسایەتی زمانەکەیدا ئازاری ڕۆحی و مەعنەوی دەدرێ. ئەم ئازاردانە لەڕاستیدا تێرکردنی سادیسمێکی لەمێژینەی فەرهەنگییە کە گەلان و دەوڵەت نەتەوە سەردەستەکانیان سەدان ساڵە گیرۆدەین. ئەم نەتەوە

سادیستانە کە شەهوەتێکی گەورەی تواندنەوەشیان تێدایە تا دوا ڕادە وێڵی بەدەستهێنانی باڵادەستی فەرهەنگین لەم ناوچەیەدا و هەر بۆیە لە هەموو بەرکەوتنێکیان لەگەڵ گەلانی دیکەدا یەکەم شتێک بیر و خەیاڵی لێ بکەنەوە ئازاردانی بەرانبەرەکەیانە لەڕێگەی بچووککردنەوە و سووکایەتی پێکردن و ئەگەر بۆیانیش بلوێ لەناوبردنی بە تەواوەتی. لەم ڕێبازەشدا یەکێ لە چەکە هەرە بەهێزەکان بریتییە لە چەکی زمان و فەرهەنگ بە دوو دیوی هاوتەریبدا. بە دیوێکدا قەدەخەی زمانە بندەستەکانی وەکوو کوردی و بە دیوەکەی تریشدا هێرشی فەرهەنگی هەمەلایەنە لەڕێگەی دەزگاکانی وەکوو پەروەردە. لە دۆخێکی وەهادا پیشوازیکردن، نزیکبوونەوە و خۆ خستنە باوەشی ئەم زمانە سەردەستە و چێژگرتن لێی بە هەمان ڕادە کارێکی بێمانا، بێهۆدە و مەترسیدارە کە مەلەکردنی کەسێکی گرفتار و چەقیو لە زەلکاوێکدا کە ئاگاشی لێیە هەموو جووڵەیەک بە ئاراستەی نوقمبوون و خنکانی زیاتر دەیبا. بە گوتنێکی دی هەموو شێوازێکی بەهەند وەرگرتن و گەورەکردنی زمانی سەردەست لە لایەن هەر کوردێکەوە کە ئەم زمانە وەک زمانێکی ستەمکار دەبینێ یان لانیکەم بە هێمای ستەمکاری دەیزانێ، بە پلەی یەکەم قەبوولکردنی ئەم ستەمکاری و ئازارە فەرهەنگییەیە. مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی بتوانێ ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم ستەمکارییە بزانێ، پێویستە هەموو ڕەهەندەکانی بخوێنێتەوە تا دواجار بتوانێ مامەڵە و دانووستانێکی عەقڵانی لەگەڵدا بکا و بە وریاییەوە لەگەڵیدا بجووڵێتەوە. با پرسیارەکەی پێشوو بە دیوەکەی تریدا دوبارە بکەینە و ڕاشکاوانەتر بپرسین ئەگەر کورد خۆویستانە پێشوازی لە زمانی

سەردەست بکا چی ڕوودەدات؟!. بێگومان ئەگەر من زمانێک ببێتە زمانی بیرکردنەوەم و خۆمیش بۆ تێرکردنی چێژە هەستی و هزرییەکانم بە دەمیەوە بچم و دەستی پێوە بگرم، لە ئەنجامدا هیچ پێویستییەکم بە زمانی دایک نامێنێتەوە و من هەر بەو زمانەی کە دەستم پێوە گرتووە خەریکم زمانەکەی خۆمی تێدا دەخنکێنم. بۆ وێنە منێکی کورد کە وەک ئێرانییەک فیردەوسی بە شانازی خۆم بزانم، چۆن دەتوانم لە قەدەخەبوونی شانامەکەی خۆم ڕاچڵەکێم و بەئاگا بێمەوە؟!. منێکی کورد ئەگەر وەک تورکێ ئۆرهان پامووک بە سامانی فەرهەنگی خۆم دابنێم، چۆن بەرانبەر بە خنکانی زمانەکەی خۆم لەم وڵاتەدا وەدەنگ تێم؟!. منێکی کورد وەک سووری یان عێراقییەک جێژ لە شێعری جەواهری و قەبانی وەرگرم، چۆن دەتوانم بەرانبەر بە قەدەخەی شێعری جگەرخوێن هەڵویستم هەبێت و بەرەنگاری ببمەوە؟! و... هتد. ئەو بەرسڤەی کە من لە ئەزموونی بەرکەوتنەکانی ژیانی خۆمدا لە هەڵسوکەوت، لە تێڕوانین و تەنانەت لە وەڵامی ڕاستەوخۆی ئەمجۆرە کوردانەدا دەستم کەوتووە ئەمەیە: " کە من زمانێکم دەست کەوتووە زمانی پەروەردەیە، زمانی باڵادەستی و فەرهەنگە، زمانی دەسەڵاتە، زمانی پێشفەچوونی ژیان و زمانی ئابۆرییە، با زمانی کوردی بە توون بچێ و دۆزەخی لێ پڕ بێ". بە مانایەکی تر ئەوەی من پێی گەیشتووم، لە ئەگەری کەوتنیدا لە دۆخی خۆشویستن و چێژگرتن لە یەکێ لە زمانە سەردەستەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و شانازیکردن پێیان، مرۆڤی کورد تەنانەت ئەگەر لەو ستەمە زمانییەی کە لێی دەکرێ ئاگاداریش بکرێتەوە، چیتر سەبارەت پێی سڕ دەبێ و بە ڕادەیەک لەگەڵیدا

ڕادێ کە زمانی ستەمکار وەک زمانی سەردەستی ژیانی خۆی قەبوول دەکا و ئەوەی لە زمان و فەرهەنگی دایکدا پێیەتی تەنیا بارگرانییەکە کە لەم وڵاتانەدا دەیکا بە کەسێکی پلە دوو و سێ... .

ئەڵبەتە پێویستە ئاماژە بدەم کە هیچکام لەم قسانە هیچکات بە مانای ئەوە نایێ کە خۆمان لە فێرکردنی ئەم زمانە سەردەستانە بدزینەوە، چۆنکە فێربوونی زمانی سەردەست پێویستیەکی ناچاری ژیانە لە دۆخی داگیربووندا و بەردێکە کە ناتوانین پلی بدەین و جارێ ناچارین پاڵی پێوە بدەین، بە مەرجێ تەنیا لە سێبەرێکی کاڵ و کەمڕەنگیدا دابنیشین. بە مانایەکی تر لەم دۆخەدا هۆگربوونی مرۆڤی کورد بە زمانی سەردەست نابێ هیچکات بگاتە ڕادەیەک کە هێندە چێژ لە ئەدەبی ببینێ، بە نووسینی بحەسێتەوە، هونەری پێ بکا، بەرهەمی بۆ بخوڵقێنێ و بەکورتی هێندە شەیدای بێ کە بیری نەمێنێتەوە ئەم زمانە سەردەستە هەم هێما و هەم ئامانج و هەم ئامرازی سەرکوتکردن و ستەمکاری زمانییە سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی دایکی ئەو. بەکورتی وەک چەندین جار تاکوو ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر ئاماژەم پێکردووە، بە هەمان ڕادە کە سیاسەتی زمانی داگیرکەران بە ڕۆشنی نیشانی داوە کە زمانی سەردەست چەکێکی بەهێزی سەرکوتکردن و ستەمکاری زمانییە، هەروەها کاریگەری و ڕۆڵی زمانی کوردی لە مانەوە و خۆڕاگری ئەم گەلە سەلماندوویەتی کە زمانی کوردیش چەکێکی بەهێزی بەرگرییە کە دەتوانێ هاوکات ببێتە هێزی یەکخستنەوەی جڤاکی دابڕاوی کوردی. لە کۆتایی ئەم بەشەدا گرتەیەک لە دوایین ڕۆمانی بەختیار عەلی بەناوی "داگیرکردنی تاریکی" دێنمەوە کە بە ڕێژەیەکی نزیک لە

ڕاسکانی گۆشەیەک لە گرنگی و سەنگی زمان هەم بۆ ئێمەی کورد و هەمیش بۆ داگیرکەرانی کوردستان وێنا دەکات.

"چەند ساڵ لەمەوبەر لە زیندانی دیاربەکر ژنێکیان هێنا تورکی باش دەزانی، تورکی لە من و ئەفسەرەکە و حاکمە سەربازییەکانیش باشتر دەزانی. هەموو جارێك چەندەها ساعەت ئەشکەنجەیان دەدا تا وای لێبکەن بە تورکی وەڵام بداتەوە، هەموو شتێکی خراپیان بەرامبەر دەکرد، لێیاندەدا، لاقەیاندەکرد، نینۆکیان دەردەهێنا... ، شت نەبوو بەرامبەری نەکەن، هێندە جگەرەیان لەسەر مەمك و سمتی کوژاندبووەوە ناویان نابوو تەپڵەکی جگەرە. هەموو جارێك کاتێك دەیانهێنایەوە بەردەمی دادگا و حاکم دەیپرسی ها تەپڵەکی جگەرە ئێستا دەڵێیت چی؟، کیژەکە دیسان هەر بە کوردی وەڵامی دەدایەوە. ئەوسا دووبارە دەیاننادەوە بۆ ئەشکەنجە. چەندەها مانگ ئاوەها بوو، حاکمەکان شێت بووبوون بەدەستییەوە و جەلادەکانیش ماندوو بووبوون، ئەویش خۆی گەیشتبووە سەرەمەرگ. جارێك گووتم: بۆ وا دەکەیت، تۆ تورکی دەزانیت، بۆ ئەم عەزابە بەسەر خۆتدا دەهێنیت، جارێك بە تورکی وەڵام بدەرەوە و با ڕزگارت ببێت و بەس بێت. گووتی: عەلی ئیحسان، حاکم لە تۆ باشتر دەزانێت من تورکی دەزانم، ئەو شتێکی تری دەوێت. دەزانێت ئەگەر بە تورکی وەڵامم دایەوە، دان بەوەدا دەنێم ئەو لە ڕەگەزێکی بەرزە و من سەر بە نەتەوەیەکی نزم. حاکمە تورکەکان پەنجا ساڵە لێرە تەنیا بەدوای ئەوەوەن بیسەلمێنن ئەوان لە ڕەگەزێکی بەرزن و ئێمە لە ڕەگەزێکی نزم. کاتێك کوردی قسە دەکەم، دەمەوێت یەك ڕاستی پێ بڵێم، ئەویش ئەوەیە: ئەو لە من بەرزتر نییە.

## دەروونناسی توانەوە لە زمانی سەردەستدا

بەداخەوە هەندێ نارێکی لەنێو جڤاکی کوردیدا هەن کە هێندە بەرچاو و دیارن کە نەتەنیا بۆ سەلماندنیان پێویستمان بە بیرێکی تیژ نییە، بەڵکوو تەنانەت پێویست بە چاوێکی تیژیش ناکا بۆ ئەوەی بە ڕوومەتی ئەم جڤاکەوە بیانبینین. پەیوەندیدار بە باسەکەی ئێمەوە کە زمانە، یەکێ لەم نارێکییانە کە بە بۆچوونی من لە نارێکییە هەرە گەورەکانیشە، سەرمەستی و شەیدابوونی نائاسایی خەڵکی کوردە بۆ زمانی بیانی و بە شێوازێکی زۆر تایبەتی زمانە سەردەستەکانی کوردستان. ئەم شەیدابوونە تەنیا تایبەت نییە بەو کەسانەی کە بە زمانێ لە زمانە سەردەستەکان دەزانن، بەڵکوو تەنانەت لە هەڵسوکەوتی کەسانێکیشدا دەردەکەوێ کە لەوانەیە ئەوپەڕی دوو سێ ڕستە لەم زمانانە فێر بووبن. بۆ وێنە من خۆم زۆر کەسانێکم بینیوە کە پەنجا ساڵ لەمەو پێش لە شارێکی تورکی سەرباز بوونە و دوو سێ وشەی تورکی فێر کراون، کەچی دوای تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ دیسان بە سەرمەستییەکی سەیرەوە ئەو وشانە وەک بیرەوەری یان وەک بەڵگەی ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی تورکیدا کاوێژ دەکەنەوە و وەک شانازییەک بە دەوروبەری خۆیانی دەفرۆشنەوە. لەم بەشەدا بۆ ئەوەی بتوانین هەندێ لە دەروونناسی ئەم کەسانە نزیک ببینەوە، هەوڵدەدەم بە گێڕانەوەی هەندێ میناکی ڕاسکانی وێنایەکی ڕاسکانی لە ناخی ئەم سایکۆلۆژییەتە نیشان بدەم کە لەڕاستیدا زیاتر لە نەخۆشییەکی هەمەگیری تاکەکەسی و جڤاکی دەچێ تا خەسڵەتێکی سایکۆلۆژی.

دۆستێکم جارێکیان بۆی گێڕامەوە کە ڕۆژێک تووشی ژن و پیاوێک بووە بە منداڵێک و سەگێکەوە. گوتی کاتێ لێیانم پرسی بۆ لەگەڵ منداڵەکەتان بە فارسی دەدوێن لەحاڵێکدا هەردوکتان کوردن، پیاوەکە بەرسڤی داوە: "بۆ ئەوەی لە خوێندنگە کێشەی نەبێ". منیش کە بەم پاساوە بێمانایە ڕاهاتووم، ئیتر درێژەم پێنەدا تا وەختێ ویستیان هەستن و بڕۆن، پیاوەکە بە فارسییەوە بانگی سەگەکەی دەکرد کە وەرەوە دەمانەوێ بچین. منیش خۆم پێ ڕانەگیرا و گوتم کاکە منداڵەکەتان دەچێتە بەر خوێندن، ئەی سەگەکەتان خۆ ناچێتە خوێندنگە، ئەدی بۆ لەگەڵ ئەودا فارسی دەڵێی؟!. پیاوەکەش کە هاوکات تووڕەیی و شەرمەزاری بە دەموچاویدا دەباری گوتی وێڵمان بکە برا تۆزێ دانیشتووین دەبێ جوابی لێکۆڵینەوەی تۆ بدەینەوە!... . بە بڕوای من ئەمە یەکەم و ڕەنگە گشتگیرترین تایبەتمەندی بێ لەنێو ئەو کەسانەدا کە خۆویستانە لە زمانی سەردەستدا دەتوێنەوە. زۆربەیان خۆیان لە وەڵامی لۆژیکی کارەکەیان لادەدەن، چۆنکە وەڵامێکیان پێ نییە و هەر بۆیەش وەک چۆن خۆ شۆردنەوە لە زمانی دایک بووە بە نەریتێکی خۆڕسکی بێ بنەما لە نێویاندا، هەندێ پاساوی دوبارەکراویش هەن کە وەک نەریتێکی گشتگیر لە نێویاندا بووەتە باو و هەموویان بە جۆرێ وەک یەک کاوێژی دەکەنەوە کە چمان کەسێک لە زاری هەموویانی ناوە. بۆ وێنە یەکێ لە پاساوە هەرە بێمانا و هەرە گشتگیرەکانی فێرکردنی زمانی سەردەست کە لانیکەم من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینیومە ئەمەیە کە گوایە ئەگەر لە منداڵییەوە فێرەفارسی نەکرێن، لە فارسی گوتندا دەقۆک یا لەهجەیان دەبێ. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەزموونی نزیکەی سەد

ساڵ خۆ شۆڕنەوە لە زمانی دایکی لە شوێنێکی وەک کرماشان بە ئاشکرا نیشانی داوە کە دەقۆک بەشێکی ناچاری و نەبڕاوەی فێربوونی هەموو زمانێکی نادایکییە. دوای ئەمەش لە دانووستان لەگەڵ ئەم کەسە نارێکانەدا کاتێک سەرنجیان دەخەیتە سەر مەراقێکی وەک "خۆ خودی فارسەکان بۆ خۆیان چەندین دەقۆکی جیاوازیان هەیە، بۆچی هیچیان هەوڵنادەن دەقۆکێکی دیاریکراو بەکار بێنن"، دیسانەوە وەک داستانی ئەو کوڕ و باوک و سەگەی لە سەرەوە گێڕامەوە هیچیان بە پاساو بۆ نامێنێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژەیەکی بەرچاو لە توانەوەی زمانی لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ توانەوە لە شووناسێکی ساختە و درۆکانی کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ ئێمەی کورد دروست کراوە و دەرخواردمان دراوە. لەم ڕۆژانەدا بە گەیشتنی کلیپێکی پیرۆزبایی نەورۆز لە لایەن هاوکارێکەوە کە تێیدا داوای دەکرد دوعای عەرەبی سەرساڵی نوێ بە فارسی بخوێنین، بیرەوەرییەکی نەگبەتتر و گەوجانەتر و تراژیکترم هاتەوە یاد کە دەتوانێ سایکۆلۆژییەتی توانەوەی مرۆڤی کوردی نائاگا و ڕاهاتوو بە دیرۆکی درۆی دەرخواردکراو بە ڕێکوپێکی وێنا بکا. جارێکیان دوو لە هاوکارەکانم کە هەردوکیانیش کورد بوون، کەوتبوونە مشومڕێکی زۆر سەیرەوە، یەکیان سکاڵای لەمە دەکرد کە بۆ دەبێ ئێمەی ئێرانی! بە زمانی عەرەبی نوێژ بکەین لەحاڵێکدا زمانی فەرمیمان فارسییە. کاتێ منیش کەوتمە نێو قسەکەیان و پرسیم لەنێوان زمانی کوردی وەک زمانی دایک، زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی ئێران، زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرهەنگی و ئایینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

زمانی ئینگلیزی وەک زمانی گشتگیری جیهانی، ئێوە بە کامە لۆژیک ڕێک نووساون بەو دوو زمانەی لە ناوەڕاستدان؟!، ئەمیان گوتی ئێمە ئێرانین و ئەویش گوتی ئێمە موسڵمانین. نموونەکانی لەم شێوازە کە زۆر فراوانن ئەنجامی شێواندنی شووناسی مرۆڤی کورد و نەبوونی تێگەیشتنێکی دروستە لە شووناس، نەتەوە، نیشتمان و زمانی دایک لەلای ئەم مرۆڤە. چۆنکە سیسیتەمی داگیرکەر بەئەنقەست هەموو ئەمانەی بە هەڵە و چەواشە بۆ پێناسە کردووە.

وەک لە دەسپێکی ئەم بەشەدا ئاماژەم پێدا حەزکردن و خۆشویستنی لەخۆڕا و بێمانا و بێهۆی زمانی بیانی یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە نارێکەکانی مرۆڤی کورد. ئەم خەسڵەتە کە لەڕاستیدا یەکێکە لە سایکۆلۆژییەتە هەرە هاوبەش و هەرە باوەکانی ڕەوتی توانەوە لە زمانە فەرمییەکاندا، بە دوو دیوی کوشندەدا هەنگاو دەنێ. لایەکی شەیدابوونێکی سەرسوڕهێنەری ئەم مرۆڤە بندەستەیە بە فەرهەنگی سەردەستەوە کە دەبا بە شێوەیەکی ئاسایی بێز و نەفرەتی لێ کردبا، لایەکی دیکەشی بە نزم و خوار زانینی فەرهەنگ و زمانی دایکە بەرانبەر بە فەرهەنگ و زمانی سەردەست کە دەبا بگۆڕدرایە بۆ هەستانەوە و ڕکابەری دژی ئەم فەرهەنگە. با لە میناکە بچووکەکان گەڕێین و لەم بوارەدا سەرنج بخەینە سەر نموونەیەکی گەورەتر و کوشندەتر. چەند ساڵ لەمەو پێش لە کاناڵێکی تەلەگرامی گۆڕینەوەی کتێبدا شتێک سەرنجی ڕادەکێشام و ئەویش: ڕۆژ نەبوو کەسێکی باشووری لەم کۆڕەدا داوای کتێبی فارسی نەکات، ئەویش نە لە بواری زانستیدا، بەڵکوو بە ڕادەیەکی نزیک لە ڕەها زۆربەیان داوای کتێبی شێعر و

ئەدەبی فارسییان دەکرد. بەداخەوە دواتر بینیم کە ئەم خۆ بەدەستەوەدانە لە تەواوی بوارەکانی دیکەشدا لە ئارادایە. بەڕاستی هەتا ئەم ساتەوەختەش من نەمتوانیوە جگە لە شەیدابوون و خۆ بەکەم زانین بەرانبەر بە نەتەوەی سەردەستی فارس بەرسڤێکی ئەوتۆ بۆ ئەم مەراقە بدۆزمەوە کە چۆن دەکرێ گەلێک خۆویستانە و بە دڵخوازی خۆی ئەوەندە بەپیر زمانێکەوە بچێ کە نە زمانی فەرمییەتی، نە زمانێکی زانستییە، نە زمانێکی جیهانییە، نە لە زمانەکەی خۆی دەوڵەمەندترە و سەرباری هەموو ئەمانەش یەکێکە لە هێما و ئامرازەکانی ستەمکاری فەرهەنگی و داگیرکردنی بەشێ لە وڵاتەکەیان؟!. ئەڵبەتە سایکۆلۆژییەتی هۆگربوون بە زمانێ لە زمانە سەردەستەکان دەتوانێ دیوێکی دیکەشی هەبێ کە بریتییە لە گیرۆدەبوون بە یەکیان لەپێناو دژایەتیکردنی ئەوی دیکەیاندا. لەوانەیە بەشێکی نزیکبوونەوەی کۆیلەئاسای خەڵکی باشوور لە زمانەکانی تورکی و فارسی بگەڕێتەوە بۆ دژایەتی زمانی عەرەبی کە دژایەتییەکی ڕاست و دروستە. ئەگەر بێمەوە سەر نموونەکان لە ئاستی تاکدا، من لەنێو ئەو کەسانەی کە منداڵەکانی خۆیان فێری زمانی فارسی دەکەن کەسانێکم بینیوە کە بەو کەرێتییەوە نەوەستاون و لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی زمانی عەرەبی، گەوجانە هەوڵیانداوە گوایە فارسییەکی پاراویان فێربکەن. بۆ وێنە جارێکیان خۆم تووشی کەسێ هاتم کە دەیگوت فێری کچەکەم کردووە لەباتی "خوداحافیز" کە بەشێکی عەرەبییە پەیڤی "درووود" بەکار بێنێ. دوای ئەوەی کە سەرنجم خستە سەر ئەمەی کە درووود خۆی واژەیەکی کوردییە، لێم پرسی سەداهەفتای زمانی فارسی خۆ عەرەبییە، چۆن دەتەوەێ فارسییەکی

پەتی فێری کچەکەت بکەی، دیسان وەک هەموو نموونەکانی تری ئەم کارە گەوجانەیە کە من تا ئێستا بینیومن، لەپڕ سیمای کابرا پڕ بوو لە ڕستە کەزاییەکەی "وێڵمان بکە" کە لە دەسپێکی ئەم بەشەدا نموونەیەکی دیکەم لێ گێڕایەوە. ئەم "وێڵم بکە"یە لەڕاستیدا تەنیا خۆ دزینەوە نییە لەو پرسیارانەی داوای لۆژیک و هۆکارەکانی ڕاکردن لە زمانی دایک دەکەن، بەڵکوو خۆ شاردنەوەیە لە لۆمەیی و شەرمەزاری ئامانجەکانی خۆ تواندنەوە لە زمانی سەردەستدا. هاوکات جۆرێکیشە لە سەرلێشێواوی و هەستکردن بە پووچی و بێنرخی لە ناخی خوددا.

بێگومان جڵەوکێشی سەرەکی ئەم ڕەوتە نەگبەتییە لەنێو کورددا بە پلەی یەکەم خوێندەوارانی ڕاهێنراوی سیستەمی پەروەردەی سەردەست و کارمەندەکانی دەوڵەتن، بەڵام لە کۆتاییدا نابێ لەبیر بکەین کە لەژێر باندۆری ئەم چینەدا بەشێکی تری ڕەوتی توانەوە لە زمانی سەردەست تەوژمێکی چاولێکەری کوێرانەیە کە بەشێکی بەرچاوی دیمۆگرافیای کوردی تەنیوەتەوە. پاساوەکانی ئەم بەشەی جڤاکی کوردی کە تەنیا وەشوێن شەپۆلی نەزانی چینی یەکەمدا کەوتوون کاوێژی هەمان ئەو پاساوانەی چینی یەکەمە. من پێم وایە کارێکی ناوازە و نەکردەیە کە کۆمەڵێکی گەورە لە مرۆڤەکان بەبێ ئەوەی لەیەک کۆببنەوە و بەبێ هاوبیری و هاوئاهەنگی لەپێشدا، بتوانن بەرەو ئاراستەیەکی هاوبەش هەنگاو بنێن. هەر بۆیە پێدەچێ هۆکاری یەکەم و سەرەکی ڕەوتی خۆ تواندنەوەی مرۆڤی کورد لە زمانی سەردەستدا هەمان هۆکاری تواندنەوەی ئەم مرۆڤە، واتە بندەستی و داگیربوونی بێ. لەڕاستیدا هەر لە مامۆستایەکی زانکۆوە بگرە کە بەرزترین

پلەکانی خوێندنی تەواو کردووە تا ئەو کەسانەی کە ئاستی خوێندەوارییان لە دوو سێ پۆلی خوێندن تێناپەڕێ، هاوبەشبوونی پاساوەکانی ئەوانەی کە خەریکن خۆویستانە لە زمانی سەردەستدا دەتوێنەوە، سەرەداوێکە دەمانباتەوە سەر هەمان دیاردەی داگیربوون. بەتایبەتی کە دەزانین لە ڕووی دیرۆکیشەوە تاقە ڕێبازێ لە مێژوودا توانیبێتی گەلان بتوێنێتەوە و زمان و فەرهەنگیان لێ بگۆڕێ، داگیرکاری بووە.

بەڵام پرسیارێکی گرنگ لێرەدا بێتە ئاراوە ئەمەیە کە گەلۆ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەتوانین ڕەوتی خۆ تواندنەوەی مرۆڤی کورد تەنیا ببەستینەوە بە پرسگرێکی داگیرکارییەوە؟!. من لەو باوەڕەدا نیم کە تەواوی هۆکارەکە ئەمە بێ. جارێکیان لە هاوڕێ و هاوکارێکم پرسیم کە بۆچی کەسێکی خوێندەواری لەم ئاستە باڵایە منداڵەکانی فێرەفارسی کردووە. کابرا وەڵامێکی دامەوە کە لە یەک کاتدا هەم گرێکوێرە و هەمیش کلیلی تێگەیشتنی ئەم نەگبەتییە گەورەیەیە. ئەو گوتی ئێمە چیمان پێ دەکرێ کاتێ دەوڵەت خۆی بەئەنقەست لەپشت زمانی فارسیدایە و دەیەوێ ئەم زمانەی ئێمە نەهێڵێ و لەناوی ببا. بەکورتی کرۆکی قسەکەی ئەمە بوو کە چۆنکە دەوڵەت نیاز و خواستی لەناوبردنی زمانی کوردی هەیە، ئێمەش دەبێ ویستی خۆمان بخەینە سەر خواستی دەوڵەت و یارمەتی بدەین تا کارەکە ئاسانتر بەڕێوە بچێ!. بە مانایەکی تر کابرا دەزانێ هێزێک خەریکە ئازاری دەدا و ئەمیش لەباتی بەرەنگاربوونەوە بڕیار دەدا هەرچی ڕێکوپێکتر ئازارەکە بچێژێ تا خواستی ئازاردەرەکەی بێنێتە دی. ئەڵبەتە لایەنە سۆسرەت و سەیرەکە لەمەدایە کە ئازار لێکراو خۆی لە ئازاردانەکەی خۆشی

چێژ دەبینێ. لەڕاستیدا ئەم چێژ وەرگرتنە لە ئازاربینینی فەرهەنگی و زمانی جۆرێکە لە جۆرەکانی مازۆشیزم کە دەکرێ ناوی بنێین "مازۆشیزمی فەرهەنگی". لەم مازۆشیزمە فەرهەنگییەدا کە بە ڕادەیەکی زۆر لە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی کورددا دەروونی کراوەتەوە، مرۆڤی کورد بەردەوام پەلکێشی ئازاردەرەکەی دەکات بۆ ماڵی خۆی، بەردەوام خزمەتی دەکات و بەردەوام لە گیرۆدەیی ئەودا دەژی. ئەم مرۆڤە دەتوانێ هۆکاری شەیدابوونی خۆی بە زمانی سەردەست بگەڕێنێتەوە بۆ هەبوونی ئەدەبێکی هەزار ساڵە، بەڵام ئامادە نییە تۆزێ لە سنووری زاراوەکەی خۆی بچێتە دەرەوە تا بزانێ کوردیش هەزار ساڵ لەمەو پێش هەڵبەستڤانی وەک عەلی حەریری هەبووە. بە ئاسانی هەژاربوونی کتێبخانەی کوردی دەکاتە پاساو بۆ بەرەو پیرچوونی ئەدەبی سەردەست، بەڵام لە خۆی ناپرسێ بۆچی ئەدەبی زمانەکەی ئەم قەدەخە کراوە و ئەم قەدەخەکردنە چەندە لە هەژار نواندنی لە چاو ئەمدا کاریگەری هەبووە. ئەم گیرۆدەبییە تەنیا نەخۆشییەک نییە کە کەسانێکی تاک و تەرای وەک ئەو میناکەی کەمێ پێشتر باسم کرد تووشی هاتبن، بەڵکوو زیاتر لەوەی کە بوویەر بێ دیاردەیە و ڕەهەند و نیشانەکانیشی لە ژیانی فەرهەنگی ئێمەدا هێندە زۆرن کە دەتوانین وەک "سەندرۆمێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی" پێناسەی بکەین. دوو لەو نموونانەی کە هانی ئێمە دەدا وەک نەخۆشییەکی جڤاکی و فەرهەنگی دان بە هەبوونی ئەم سەندرۆمەدا بنێین نموونەی باشووری کوردستان و ڕەوەندی کوردانی باکوورە لە تاراوگە. چەندە کوردانی تاراوگەنشینی باکوور گیرۆدەی زمانی تورکین و لە ئەورۆپاش ئامادە نین دەستی لێ هەڵبگرن، بە

هەمان ڕادە کوردانی باشووریش شەیدای زمانی فارسین. ئەم دوو نموونەیەم بۆیە هێنایەوە کە هەردوکیان لەوپەڕی ئازادیدا تووشی ئەم نارێکییەن و ئەمە خۆی دەرخەری ئاستی کوشندەیی پەتاکەیە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین جۆری مامەڵەکردنی جڤاکی کوردی لەگەڵ زمانی دایک و زمانە سەردەستەکان کە لە سەرەوە بە ژمارەیەکی کەم لە نموونەی ڕاسکانی ئاماژەی پێدرا، دوئالیتەیەکی نارێک و ناتەندروستە. ڕێکتر بڵێین ئەم ڕاستییە لە هیچ کەسێ شاراوە نییە کە ڕاوەستەی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت بە زمانە سەردەستەکان ئاراستەیەکی هەیە بەرەو توانەوە لەواندا و ئەم دیاردەیە زیاتر لە نەخۆشی و سەندرۆمێکی گەورەی جڤاکی و فەرهەنگی دەچێ تا حەزکردن بە فێربوونی زمانێکی دی یان ئاشنابوون بە فەرهەنگێکی دیکە. لەم پەتایەدا هەم نەخۆشی، هەم نەخۆش و هەمیش ڕاگوێزەری نەخۆشییەکە خودی مرۆڤی کورد بۆ خۆیەتی. ئەم مرۆڤە تاکوو وەک "زەکی باکڵان"ی ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی" کە گوتی "من هەموو تورکەکانم خەڵەتاند...، تەنیا کەسێک ناتوانم بیخەڵەتێنم خۆمم"، نەگا بەم ڕاستییەی کە گۆڕینی زمانی دایکی و دابڕان لێی، ناتوانێ لە ناخەوە لە نەتەوەی دایک داببڕێ و بە هەمان شێوە ئامێزگرتنی زمانی گەلێکی تریش نایکاتە ئەندامێکی ئەو گەلە، ڕێگای تەشەنەکردنی ئەم پەتایە هەر ئاوەڵایە. بە مانایەکی دیکە ئەگەر مرۆڤی کورد ئەم مازۆشیزمە فەرهەنگییە لەنێو خۆیدا نەکوژێت، کۆمەڵگەی کوردیش ناچارە وەک قەدەرێکی بەردەوام لەگەڵ ئەم سەندرۆمە جڤاکی و

فەرهەنگییەدا هەڵبکات کە ئاکامەکەی بێگومان لە بەرژەوەندی زمانی کوردیدا نابێت.

## نەخشی زمانی کوردی لە ئێستا و بۆ ئایندە

بێگومان زمان یەکێکە لە گرێدەرە هەرە سەرەکییەکانی ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی هەموو نەتەوەیەک و زیاتر لە هەموو ڕەگەزێکی تری نەتەوە دروستکەری پەیوەستەگی فەرهەنگی و مێژوویی ئاخێوەرانی خۆیەتی. بە مانایەکی تر زمانی هەر گەلێک چەندە گوزارەیە لە هەبوونی ئەو گەلە لە ڕابردوودا، بە هەمان ڕادە هەوێنی بوونیەتی لە ئێستا و کۆڵەکەی مانەوەیە لە داهاتوودا و لە کۆتاییشدا بەستنەوەی هەموویانە بە یەکترەوە. هەر بۆیە پەیوەندیدار بە هەرکام لە مەوداکانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو، زمان کارکرد و نەخشی تایبەتی خۆی هەیە. بێگومان مەبەستی من لێرەدا باسکردن نییە لەسەر ئەو ڕۆڵ و تایبەتمەندییە گشتییانەی کە هەر زمانێک لەم بوارانەدا بۆ ئاخێوەرانی خۆی هەیەتی، بەڵکوو مەبەستمە سەرنج بخەمە سەر نەخشی زمانی کوردی بۆ کورد، پەیوەست بە دۆخی داگیربوون و ئەم ستەمکارییە زمانییەی کە تێیدا دەژی. لەم بەشەدا بە دوو سەرنجی کورت باس لە کارکردی زمانی کوردی بۆ ئێستا و داهاتووی کورد دەکەین تا لە بەشی دواتردا لە گۆشەنیگایەکی جیاوازتر و پەیوەندیدار بە ڕابردوو دینامۆیەکی تا ئێستا شاراوە و نەبینراوی ئەم زمانە بخەینە بەر باس.

١- زمان، چەکی بەرگری: ئێمە دەزانین گەلانێک هاتوون و بەبێ خواستی ئێمە لەنێو خۆیاندا وڵاتەکەیان لێ داگیر و دابەش کردووین و هەرکامەشیان ئەو پارچەیەی کە وەبەریان کەوتووە بە بەشێکی هەربوو و هەرمانی خۆیانی دەزانن. بێگومان یەکەم کاردانەوەی ئاسایی ئێمەش

وەکوو کورد هەر دەبێ ئەمە بێ کە نە ئێوەین و نەیش بەشێکین لە ئێوە، بەڵکوو گەلێکی سەربەخۆ و جیاوازین بە زمان و فەرهەنگی جیاوازەوە. لەم ڕێبازەشدا یەکەم شت و گرنگترین شتێ جیاوازی بخاتە نێوانمانەوە و لەوان جیامان بکاتەوە هەر ئەم زمانی کوردییەیە. بە مانایەکی دی یەکەمین کارکردی زمانی کوردی لە دۆخی داگیربوونی کوردستاندا بریتییە لە جیاکەرەوەی ئێمە و گەلانی داگیرکەر. هەر بۆیەش یەکەم ئامانجێ کە داگیرکەر بیر لە نابوودی و لەناوبردنی بکاتەوە تا مرۆڤی کورد خۆی بە بەشێ لە وڵات و فەرهەنگ و نەتەوەی داگیرکەر بزانێ، هەر ئەم زمانە و ئەم فەرهەنگ و شارستانی و دیرۆکەیە کە هەڵگریەتی. ئەم چرکەساتە ڕێک هەمان ئەو ساتەوەختەیە کە زمانی کوردی هەم دەبێتە ئامانج و نیشانەیەک بۆ هێرشی داگیرکەر و هەمیش بە چەکێک بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکاری لە ئێستادا. لێرە بەدواوە مرۆڤی کورد زمانی لێ قەدەخە دەکرێ تا لە خودی نەتەوەیی خۆی بپچڕێ، ناودارانی لێ بزر دەکرێ تا خۆی نەناسێتەوە، مێژووی چەواشە دەکرێ تا لە ڕیشەی خۆی دابڕێ و وشەکانی لێ دەدزرێن تا لە خۆی خاڵی بکرێتەوە و بەکورتی کۆی هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە نەهێڵن ئەم مرۆڤە کورد بێ. کوردبوونێ کە هەم بە ڕواڵەت و هەم بە ناوەڕۆک گرنگترین ڕێگەی گوزارەکردن لێی زمانی کوردییە. ئەم مرۆڤە کە ئەگەر هەستی بەم ستەمکارییە کرد، ئەوسا بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم بارودۆخە وەک پەشێوی شاعیر لە وەڵامی خۆسێ ڕۆمیرۆسی ئینتەرناسیۆنالیستی سالڤادۆری دا دەڵێ "بۆیە سەربەندی شێعرم کوردە، چۆنکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!"، پێویستە و ناچارە دەست

بگرێ بە زمانەکەیەوە، هەم وەکوو سەنگەرێ بۆ مانەوە و هەمیش وەکوو چەکێ بۆ بەرگری لە هەبوونی خۆی و ئەمە ئەو ڕۆڵ و نەخشە گرنگەیە کە لە سەرەوە وەک یەکەمین کارکردی زمان لە ئێستا و بۆ ئاینده باسم لێوە کرد. لەم ڕێبازەدا نەتەنیا کۆی زمانەکە وەک وێناکەری گەورە و باڵانوێنی نەتەوەیەکی جیاواز، بەڵکوو تەنانەت دانەدانەی وشەکانیشی گرنگی و سەنگی خۆیان هەیە، هەم لەچاو داگیرکەر و هەمیش لەلای خودی کورد.

با بە مێناکێ لە خودی زمانەکەوە هەوڵبدەین زیاتر لەم گرنگییە تێبگەین. وەک دەزانین پاشگری "ستان" بە هەر ناوێکەوە بلکێت واتای زۆربوون دەبەخشێت بەو ناوە لە شوێن و جۆگرافیایەکدا. بۆ وێنە واژەی "کوردستان" کە بە واتای "شوێنێ کە کوردی زۆری لێیە" یان "شوێن و واری کوردان" دێت. ئەم پەیڤە جگە لەوەی کە پەیڤێکی ئاسایی نێو زمانی کوردییە، لەلای هەموو گەلانی ئەم ناوچەیە ڕاستییەکی دیرۆکی لەمێژینەیە و هەر بۆیەش بەر لەوەی کوردستان دابەش و داگیر بکرێ تەنانەت لە لایەن گەلانی داگیرکەری ئەمڕۆوە بەکار هێنراوە. ئەم وشەیە هێندە ئاسایی بووە کە تەنانەت بە واتا سیاسییەکەشی بۆ یەکەم جار هەر لە لایەن ئەوانەوە بەکار هاتووە. بەڵام لە سەردەمی داگیرکاری دەوڵەت نەتەوەکاندا ئەم پەیڤە بەردەوام یەکێک بووە لە تارماییە هەرە تۆقێنەرەکانی ئەم داگیرکەرانە. لێرەدایە کە ئەم پەیڤە سادەیە دەبێتە چەکێکی بەهێزی بەرانبەر بە داگیرکاری و ئەمە ئەو کارکردی یەکەم و سەرەکییەی زمانە لە دۆخی ئێستای داگیربووندا کە پێداگری لەسەری یەکێکە لە ڕێبازە هەرە گرنگەکان بە ئاراستەی ڕاکردنی ئەم داگیرکارییە لە ئایندەدا. پێویستە ئاماژە بەمەش

بدەین کە هەر لە قەدەخەکردنەوە بگرە تا شێواندن و گۆڕین و سڕینەوە، ڕەفتاری دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەست لەگەڵ زمانی کوردیدا خۆی نیشانەی هەرە گەورەیە بەمەی کە تاک بە تاکی وشەکانی ئەم زمانە بە هەمان ڕادەی پەیڤی "کوردستان" گرنگ و کاریگەرن. بەکورتی پەیوەست بە ئێستا و ئایندە هەر وشەیەکی زمانی کوردی هەم سەنگەری مانەوەیە، هەم سیپەڕی بەرگریکردنە لە کوردبوون و هەمیش چەکی بەگژداچوونەی داگیرکارییە.

٢- زمان، هێزی یەکخستنی کورد:

کارکردێکی گرنگی دیکەی زمان بۆ ئێستا و داهاتووی کورد بریتییە لەو هێزی کۆکردنەوە و یەکخستنەی کە ئەمڕۆ ئەم زمانە لە خۆیدا هەڵیگرتووە. ئێمە ئەگەر لە سۆنگەی دژایەتیکردنی داگیرکارییەوە سەیر بکەین، دەزانین کە کورد لە لایەکەوە تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ پاڵەوانێکی مێژوویی، هیچ ئەدیبێکی ناودار، هیچ شاکارێکی ئەدەبی، هیچ زانایەک و بەگشتی هیچ بلیمەتێکی گەورە لە هەر بوارێکدا بکا بە ڕەمز و هێمایەکی هاوبەش و گشتگیر تا بتوانێ وەک نەتەوەیەک لە دەوری کۆ ببێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەمەش دەزانین کە بە گەلێ هۆکار دابەشبوونی کوردستان ئەگەر دایکی هەموو پەرتەوازەیی و دابڕان و دابەشبوونەکانی جڤاکی کوردی نەبووبێ، بێگومان لە هەرە گرنگترین و بەباندۆرترین هۆکارەکان بووە. ئەم هۆکارە ئەوەندە کاریگەر بووە کە زۆرجار توانیویەتی تەنانەت ئەو هەنگاوانەش کە بە مەبەست و بانگەشەی یەکخستنەوەی کورد لەدایک

بوونە دوبارە بیانکاتەوە بە هۆکاری تێکدەر و پەرتکەر لە نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردیدا. لە هیچکەسێ شاراوە نییە کە بۆ یەکخستنەوەی کورد دژ بە داگیرکاری چەندان پارتی سیاسی لەدایک بوون، چەندان سەرکردە هەستان، چەندین ئایدۆلۆژی هاوردە کران، چەندین دروشم بەرز کرانەوە، چەندین بۆنە دروست کران، چەندین هێز ڕێکخران و چەندین ئاڵا هەڵکران، بەڵام بەداخەوە لەژێر باندۆری ئەم داگیرکارییەدا زۆربەی هەرە زۆریان خۆیان بوون بە هۆکاری جارێکی تر پەرتکردن و لەتکردنەوەی جڤاکی کوردی. بە مانایەکی دیکە تا ئێستا جگە لە جۆگرافیا و ناوی کوردستان و بۆنەی نەورۆز هیچ شتێکی دیکە نەیتوانیوە ببێتە خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی زۆرینەی کورد. بە لەبەرچاوگرتنی دەرفەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ کە جیهانی پەیوەندی خێرا و ئاسانە، لەم دۆخەدا سەرەڕای دابەشبوونی بەسەر شێوەزار و بنزاری جیاواز و هەروەها ئالفابێی جیاوازدا، پێدەچێ زمانی کوردی تەنیا ئامرازێک بێ کە هێزی ئەوەی تێدایە تێکڕای کورد بە هاوبەشی ژیانی بکەن. بێگومان ئەم ئەگەرە ئەگەرێکی خەیاڵی نییە و هەرکەس لە دەسپێکی سەدەی بیست و یەک بەملاوە ڕەوتی گەشە و هەستانەوەی زمانی کوردی و نزیکبوونەوەی زاراوەکانی شۆپاندبێ، ناتوانێ لەم ڕاستییە تێنەگات کە بۆ یەکخستنەوەی جڤاکی پارچەکراوی کورد گرەوکردن و سەرمایەدانان لەسەر زمانی کوردی جگە لەمەی کە لە تەواوی ڕێبازەکانی پێشوو خێراتر بەرهەم دەدات، لانیکەم لەڕووی مرۆیی و ئابۆرییەوە لە هەموویان تێچوویەکی کەمتری دەوێت و زیانێکی کەمتریش بە کورد دەگەیێنێت...

## دۆزینەوەی ڕابردوو لە زمانی کوردیدا

پەیوەندیدار بە ڕابردوو، زۆربەی گەلانی جیهان کاتێ باس لە زمانی خۆیان دەکەن زیاتر لە هەر شتێکی تر بەگشتی باس لە میراتێکی نووسراوە و بەتایبەت ئەدەبێک دەکەن کە لەو زمانە بۆیان ماوەتەوە و ئەو شانازییەی کە پێیانی بەخشیوە. بە مانایەکی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوودا یەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی زمان بریتییە لە گواستنەوەی مێژووی فەرهەنگی نەتەوەکان بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ. بەڵام بە بڕوای من ئەرک و ڕۆڵ و کارکردی زمانی کوردی بۆ کورد لەم بوارەدا گەلێ گرنگتر و بەواتاترە لەو کارکردەی کە بۆ گەلانی دیکە هەیەتی. بۆ ئەوەی لە ناخی ئەم ڕۆڵ و کارکردە تێبگەین پێویستە بە چەند میناکێ لە جۆری وشە و لە ناخی خودی زمانەوە لێی نزیک ببینەوە. کاتێ فەرهەنگە فارسییەکانی وەکوو "دێهخودا" و "موعین" دەکەینەوە، دەبینین کە لە شرۆڤەی واژەی "گالیسکە(بە فارسی کالسکە)"دا وەکوو واژەیەکی "ڕووسی" پێناسەیان کردووە. ئەمە لەحاڵێکدا هەرکەسێ کە تەنانەت شارەزایی و سەرڕشتەیەکی قووڵیشی لە زمانی کوردیدا نەبێ بە ئاسانی دەتوانێ تێبگات ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی "گا" و "لیسک" پێکهاتووە کە یەکەمین هەمان مانگایە و دووەمیشیان لە چاوگی "لیستن=لەیستن" و بە مانای خلیسکان و ڕاکێشان دێت. کە واتە گالیسکە بە واتای "ئامێرێک بەشوێن گاوە دەخلیسکێتەوە یان ڕادەکێشرێ" پەیڤێکی کوردی پەتییە. لە میناکێکی دیکەدا هەمان ئەو فەرهەنگانە لە شیکردنەوەی پەیڤی "گاڕی"دا

نووسیویانە پەیڤێکی بە ڕەگەز هیندییە. لێرەشدا شارەزاییییەکی ئەوتۆی ناوێ تا مرۆڤ تێبگات ئەم پەیڤەش لە دوو وشەی "گا" و "ڕی" لە ڕەگەزی ڕۆیین و ڕۆیشتن پێکهاتووە و بە مانای "ئامێرێ بەشوێن گادا دەڕوات" دیسان وشەیەکی کوردی پەتییە. دیوێکی تری ئەم فەرهەنگانە کە ئیتر لە حاڵەتەوە دەربازی دیاردە دەبن و هیچ ڕێیەک ناهێڵنەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ وەک هەڵەیەکی نائەنقەست گومانیان لێبکا، ژمارەیەکی زۆری ئەو پەیڤانەیە کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک و بەبێ ئەوەش بڵێن زمانی پەهلەوی چییە، وەک "پەهلەوی" دەیانناسێنن و کەچی لە بنەڕەتدا دەبینی کوردین. با دیسان نموونەیەک بێنمەوە. لەم فەرهەنگانەدا لە شیکاری وشەی "فهرست"دا نووسراوە لە بنەڕەتدا "پهرست"ی پەهلەوییە و بەعەرەبی کراوە و بووەتە "فهرست". لەحاڵێکدا ئەم پەیڤە وشەیەکی کوردییە پێکهاتوو لە دوو ڕستەی "پێ" و "ڕست"، بە مانای "بنچینەی ڕستن"...

لەوانەیە زۆرکەس ئەم میناکانە تەنیا وەکوو نموونەی سادەی نێو وشەدانێکی ئاسایی چاو لێبکەن، بەڵام بێگومان ئەوانەی کە تۆزێ سەرنجیان کەوتبێتە سەر ئەو تاڵانە فەرهەنگی و دیرۆکییەی کە لە سەدەی ڕابردوودا لە کوردستان بەڕێوە چووە بە ئاسانی تێدەگەن کە ئەمانە نە میناکی بچووک، بەڵکوو بەشێکن لە ڕەوتێکی سەدساڵەی دزین و تاڵان و چەواشەکردنی فەرهەنگ و مێژووی کوردستان لە لایەن فەرهەنگە سەردەستەکانەوە کە ئەڵبەتە بەهۆی هاوماڵباتی و هاوبەشییەوە بەشە گەورەکەی لە لایەن فارسەوە ئەنجام دراوە. بە هەرحاڵ ئەم نموونانەم بۆیە هێنایەوە تا دەروەچێک بن بۆ ئاسانتر تێگەیشتن و نزیکبوونەوە لە

مەبەستەکەم کە ئەویش: ئەوەی ڕاستی بێ دەوڵەت نەتەوەکان بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتەی لە سەدەی بیستەمدا دەستیان کەوت مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان بە شێوازێ چەواشە کرد کە بتوانن خۆیان بکەن بە خاوەنی شارستانییەتی ئەم دەڤەرە و بە تەواوەتی کورد بخەنە دەرەوەی دیرۆک و شارستانی ئەم ناوچەیە. بە جۆرێ کە لەژێر سێبەری ئەو دیرۆکە دەسکردە ساختەیەدا هەتاکوو ئەمڕۆش کورد هیچ شتێکی ئەوتۆی لە میراتی خۆی بۆ نادۆزرێتەوە و ئەگەر هەوڵی دۆزینەوەشی بۆ دابێ، زۆرجار ناچار بووە بۆ پەیداکردنی پەنا بەرێتە بەردەم هەمان سەرچاوە دەسکرد و چەواشەکانی داگیرکەران و هەر بۆیە زۆرجاریش بە هەڵەدا ڕۆیشتووە. ئەڵبەتە لەم ڕێبازەدا ئەوەی کە تا ئەم چەند ساڵەی پێشوو و بگرە هەتاکوو ئێستاش کەماسی یەکەمی ئەم لێگەڕینەیە بریتییە لە فەرامۆشکردنی ڕیشە و ڕەچەڵەک و جێگە و پێگەی زمانی کوردی لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا. بە مانایەکی تر دەمەوێ بڵێم کە کورد ئەگەر سەرچاوەکانی دیرۆکی لێ لیخن کراوە، ئەگەر مێژووی لێ شێوێنراوە و ئەگەر شارستانییەتی خۆی لێ شاردراوەتەوە، لانیکەم زمانێکی بۆ ماوەتەوە کە بەشێکی گەورەی ئەم دیرۆک و شارستانییەتەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. هەر بۆیەش کورد بۆ ڕاستکردنەوەی مێژووی خۆی و دۆزینەوەی سەنگ و پێگەی خۆی لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا پێویستە پێش هەموو شتێک خوەدی لە زمانی کوردی دەرکەوێ. با دیسان بە میناک مەبەستەکە ڕۆشن بکەمەوە. کاتێ عەرەب تەنیا لەبەر ئەمەی کە شوێنی شارستانییەتی سۆمەر دەکەوێتە نێو جۆگرافیای سیاسی دەوڵەت

وڵاتی عێراقی ئەمڕۆوە، خۆی بە میراتگری سۆمەر دەزانێ و هیچ بەڵگەیەکی تری پێ نییە بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە، کورد پشتبەستوو بە هاوبەشییەکانی زمانی کوردی و زمانی سۆمەرییەکان دەتوانێ ئەم چەواشەکارییە ڕاست بکاتەوە و لەڕێی زمانەکەیەوە میراتی خۆی بگەڕێنێتەوە. سۆران حەمەڕەش یەکێکە لەو کەسانەی لەم بوارەدا کاری باشی کردووە. با دوای ئەم میناکە گشتییە هەندێ نموونەی بچووکتریش بێنینەوە تا ببینین کە چۆن تەنانەت لە بچووکترین نیشانەکانی زمانەوانیشدا دەتوانین بەشێک لە مێژووی خۆمان وەربگرینەوە. ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک بپرسی "تەختەنەرد چییە؟"، من هیچ گومانێکم نییە کە زۆرینەی ڕەهای فارسەکان لەسەر بنەمای ئەو دیرۆکە چەواشە و درۆکانییەی کە بۆیان دروست کردوون و لەسەر کاوێژکردنی ڕایانهێناون، وەڵام دەدەنەوە "تەختەنەرد بازییەکی ئێرانی کۆنە" و ئەڵبەتە پڕ ئاشکرایە زۆرینەی ڕەهاشیان مەبەستیان لە ئێرانی هەمان فارسییە. ئەمە لەحاڵێکدا کە ڕواڵەتی وشەکە خۆی هاوار دەکا تەختەنەرد لە کوێوە هاتووە و کام نەتەوە دایهێناوە و خاوەنیەتی. "تەختەنەرد" پێکهاتووە لە دوو پەیڤی "تەختە" بە واتای "چێوی تەخت و تاشراو" و "نەرد" بەواتای "ناردن، هەناردن، هنارتن" کە چەندین واژەی دیکەی وەکووو "نێردە، ناردە، هەناردە، نێردراو و...هتد" لێ دروست کراوە. لێرەدایە کە پەیڤێکی سادەی زمانەکەی ئێمە دەتوانێ مێژوویەکی دزراومان بۆ بگەڕێنێتەوە...

ئەم چەند نموونەیە تەنیا دەروەچێکی بچووکە بە ڕووی دیرۆکی زمانێکەوە کە بەداخەوە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەم گەلە هێندە خەریکی

فێربوونی زمانەکانی دیکە و ئافراندنی وشەدانی زمانی بێگانە بووە کە نەیپەرژاوەتە سەری تا لەم ڕاستییە بگاتەوە کە زمانەکەی خۆی زۆر زیاترە لە زمانێکی پەتی و بگرە مێژوویەکە دەتوانێ کەسایەتی بنپێکراو و داتەپیوی خۆی دوبارە لەسەری بنیاد بنێتەوە.

گەر بمەوێ قسەکان کورت بکەمەوە، بە مانایەک لە ماناکان لە تێڕوانین بۆ ڕابردوو ئەگەر زمان بۆ زۆربەی گەلانی دیکەی جیهان تەنیا دەستگرتن و خۆ هەڵواسینەوە بێ بە دیرۆکەوە، بێگومان بۆ کورد ڕیشەکوتانە لە قووڵایی مێژوودا. کە واتە چەندە گرنگە ئێمە لە ئێستادا دەست بە زمانەوە بگرین و بیپارێزین تا لەڕێگەی ئەوەوە خۆمانمان پاراستبێ، هێندەش گرنگە لە ناخی ئەم زمانە بکۆڵینەوە تا هەموو ڕەهەندە شاراوەکانی خۆمانمان لێ ئاشکرا ببێتەوە و بزانین ئێمە لە کوێی دیرۆکەوە هاتووین و سەنگمان لەم دیرۆکەدا چەند بووە؟. من لەو باوەڕەدام لەم دەروەچەوە کورد دەتوانێ بەشێکی گەورە لەو داکەوتنەی کەسایەتی خۆی کە بەهۆی داگیرکارییەوە تووشی کراوە بڕەوێنێتەوە و دیسانەوە سەرهەڵبێنێتەوە. ئەڵبەتە ئەگەر بەئاگاهاتن لە ڕۆڵ و کارکردی زمانی کوردی لە ئێستا و داهاتوودا ئەرکێکی گشتی بێ بۆ هەموو مرۆڤێکی کورد، بێگومان بەئاگاهێنانەوەی ئەم مرۆڤە لە پێگە و ڕۆڵی ئەم زمانە لە ڕابردوودا دەبێ ئەرکی ڕۆشنبیران و بەتایبەت پسپۆڕانی زمانی کوردی بێ. وەک لە شوێنێکی تریشدا ئاماژەم پێکردووە یەکێ لە نموونەکانی ئەم پسپۆڕانە سۆران حەمەڕەشە.

# بەشی ٢

## چەند سەرنجێ لەسەر پرسی ناودێرکردنی زاراوەکان

بەگشتی یەکێ لە کەماسییە هەرە باوەکانی بزاڤ و تەڤگەری پاراستنی زمانی کوردی لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا ئەمە بووە کە ئەم ڕەوتە زۆرجار بە لای شتی زۆر لاوەکی و سەرەتاییدا ڕۆیشتووە. یەکێ لە نموونە بەردەوامەکانی ئەم کارە لاوەکییانە بریتییە لە پرسی ناودێرکردنی شێوەزارەکان. گوزارەگەلی وەکوو "ناودێرکردنی فڵانە ناو بۆ فڵان شێوەزار هەڵەیە"، "ناوبردنی شێوەزاری فیسار بە فڵانە ناو کارێکی نادروستە"، "فیسارە ناو سووکایەتییە بە شێوەزاری فڵان" و... هتد، نموونەی ئەو بۆچوونانەن کە بەبێ ئەوەی پاساوێکی لۆژیکی ئەوتۆیان لەپشتەوە بێ هەمیشە و هەمیشە دوبارە دەکرێنەوە. لەڕاستیدا ئەمجۆرە پرسانە ئەوەندەی مەراقی کرچوکاڵی ناپسپۆڕانەن، هیچکامیان پرسگرێکی سەرەکی زمانی کوردی نین و جگە لەوەی هۆکارێ بن بۆ خەریککردن و ماندووکردنی ئەم بزاڤە هیچ ئەنجامێکیان بۆ بووژانەوەی ئەم زمانە تێدا نییە. وەک دەزانین زمانی کوردی بە هەمان فرەیی لە ژمارەی زاراوە و بنزارەکاندا بۆ هەر زاراوەیەکیش خاوەنی چەندین ناوی جیاوازە. کاتێ سەیری ناوەڕۆکی ئەم ناوانەش دەکەین بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ناوانە بەهۆی هەندێ ڕێکەوت و تایبەتمەندی زمانی، جڤاکی، دیمۆگرافی، جۆگرافی و دیرۆکی دارێژراون و هیچکامیان هیچ مەبەستێکی دیاریکراویان پێ نییە جگە لە داناسینی ئەم شێوەزارانە لە لایەن خودی ئاخێوەران یان هاوسێکانیانەوە و لەڕاستیدا وەک چۆن شێوەزاری جیاواز و زۆربوونی بنزارەکان بە دیوێکدا وێنایەکی بەرجەستەن لە دەوڵەمەندی زمانی کوردی،

ئەم ناوانەش گوزارەن لە تایبەتمەندییە زمانی، جڤاکی، دیمۆگرافی، جۆگرافی و دیرۆکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و پێکهاتە زمانییەکانی ئەم جڤاکە. لە درێژەی ئەم بەشدا هەوڵدەدەم لە سۆنگەی پەیوەندییەکانی نێو جڤاکی کوردییەوە ئەم ناوانە شرۆڤە و شی بکەمەوە بەشکەم تۆزێ لەو هەناسەیەی کە یەک یا چەند ناوێک بە پیرۆز دەزانێ و ناوەکانی دیکە بە نەشیاو و نامۆ دەبینێ دوور بکەوینەوە و بە هەمان ڕادەش لە ئاساییبونی ناوەرۆک و هۆکاری ئەم ناو و نازناوانە تێبگەین و لێی نزیکتر ببینەوە.

١- هەورامی

ئەگەرچی بەشێکی بچووک لە دانیشتووانی ناوچەی ڕێژاو و زەردەی نێوان زەهاو و داڵاهۆش بەم شێوەزارە قسە دەکەن، بەڵام جۆگرافیای زاراوەکە بەگشتی ناوچەی هەورامانە لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا. لەبەر ئەوەی هەورامان ناوچەیەکی دیار و بەناوبانگی کوردستانە و لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردەوە دەناسرێ، شێوەزارەکەشی هەر بە ناوی هەورامانەوە، واتە بە "هەورامی" دەناسرێتەوە. کەچی لە ناوچەی ڕێژاو و زەردە هەر ئەم زاراوەیە مەگەر بە دەگمەن، دەنا هیچکات بە هەورامی ناودێر ناکرێ و لەباتی ئەمە بە ئاخافتوانانی ئەم زاراوەیە دەگوترێت "ماچۆ"زوان. هۆکاری یەکەمی ئەم ناودێرکردنە ئەوەیە کە خەڵکی ئەم ناوچەیە هاوسێیەتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هەوراماندا نیە و هەر بۆیەش زۆر ئاساییە کە زاراوەکە بە هەورامی نەناسن و بە ناوێکی ترەوە پێناسەی بکەن. دوای ئەمەش، هۆکاری دروستبوونی

واژەی "ماچۆ" دەگەڕێتەوە بۆ نەریتێکی باوی ئەم ناوچەیە کە لەوانەیە نەریتێکی گشتی بێ لەنێو فەرهەنگی کوردیدا. لەم دەڤەرەدا ئەگەر کەسێ لە قسەکردندا وشەیەک زۆر دوبارە بکاتەوە زۆرجار خەڵک ئەو وشەیە دەلکێنن بە ناوەکەیەوە و پێیەوە دەیناسێنن. بۆ وێنە دەبینی "ئاسۆ" ناوێک لە قسەکردنیدا پەیڤی "هین" زۆر دوبارە دەکاتەوە، ئیتر خەڵکەکە ناوی لێدەنێن "ئاسۆ هین". ئاشکرایە کە "ماچۆ" یەکێکە لە وشە هەرە بەردەستەکان کە زۆر دوبارە دەکرێتەوە و لەسەر بنەمای ئەم نەریتە بڕاوە بە باڵای ئاخافتوانانی ئەم وشەیەدا. بەتایبەتی کە بەهۆی جیاوازی وشەکە لەگەڵ هاوماناکانی، واتە "ئویشی" و "ئێژێ" لە زارەکانی دیکەی ئەم ناوچەیەدا، پەیڤێکی سەرنجڕاکێشە. ئەم نەریتە لە نموونەکانی تریشدا دوبارە دەکرێتەوە کە دواتر باسی دەکەم. ناوێکی تری ئەم شێوەزارە "گۆرانی"یە. وەک دەزانرێت گۆران ناوی عەشیرەتێکی گەورەی یارسانەکانە لە کرماشان. پەیڤی گۆران لە هەمان کاتدا ناوێکی جۆگرافیشە کە لەمێژە بۆ پێناسەی بەشێکی گەورە لەم ناوچەیە کە کرماشان و تەنانەت تا هەمەدانی ئەمڕۆش دەگرێتەوە بەکار هاتووە. لە لایەکی ترەوە ئەم زاراوەیە زمانی پیرۆزی ئایینی یارسانە و کتێبە ئایینییەکانی یارسان هەموویان بە زاراوەی هەورامی نووسراون. هەر بۆیە دوور نییە زاراوەی عەشیرەتی گۆران پێشتر هەورامی بووبێ(لەبیرمان نەچێ هەورامی و کەلهۆڕی زۆر لەیەک نزیک و لە بنەڕەتدا یەکێکن و کەلهۆڕەکان کتێبەکانی یارسانیشی تێدا، بە ئاسانی و ڕەوانی لە ئەدەبی هەورامی تێدەگەن) و وەک لە نموونەی ڕێژاو و زەردەدا ڕوویداوە خەڵکی ئەم دەڤەرانەی کرماشانیش بەهۆی دووربوون لە

دەڤەری هەورامان، بە ناوی عەشیرەتی گۆرانەوە ناوی "گۆرانی"یان لە ئەم شێوەزارە نابێ. هەر وەها بۆی هەیە ناوی گۆرانی بۆ ئەم زاراوەیە ڕاستەوخۆ گرێدراو و هەڵقوڵاوی ناوی جۆگرافی ئەم ناوچەی بێ. وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەم هەر لەسەر بنەمای ناوی عەشرەتی گۆران ئەم ناوە بۆ زاراوەیەکی دیکەش بەکار دێت. بەکورتی ئەوەی هەورامان و شێوەزارەکەی لە نزیکەوە ناسیوە پێی گوتووە هەورامی، ئەوەی لە ڕێژاو دوور لە هەورامان ژیاوە پێی گوتووە ماچۆ، زۆربەی ئەوانەش کە لە ڕوانگەیەکی دیرۆکییەوە بۆی ڕۆیشتوون ناویان ناوە گۆرانی. کە واتە زۆر ئاساییە کە هەرکەسە و لە گۆشەنیگای خۆیەوە و لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییەی کە چاوی گرتووە و بۆی گرنگ بووە شێوەزارەکەی ناودێر کردووە و هیچ کەسێکیش ناتوانێ هیچ بەڵگە یان سەلمێکی لۆژیکی بێنێتەوە کە بۆ وێنە "ماچۆ" هەڵەیە، یان "گۆرانی" نەشیاوە، یان "هەورامی" دروست و تەواوە.

٢- کەلهۆڕی

رووبەری جۆگرافی ئاخێوەرانی ئەم زاراوەیە بە گشتی بریتییە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام لە باشووری ڕۆژهەڵات، دەڤەری خانەقین لە باشوور و بەشێکیانیش لە بەغدا دەژین. هەر بۆیە ئەمیش لەسەر بنەمای جیاواز بە چەندین ناوی جیاوز ناودێر کراوە و دەکرێ. بۆ وێنە عەشیرەتی "کەلهۆڕ" یەکێکە لە عەشیرە هەرە مەزنەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هاوسێی عەشیرەتی گەورەی جافە و لە ناوچەکانی خوارووی کرماشان تا دەگاتە باشووریش لە هەندێ شوێندا تێکەڵاون. هەربۆیە ئەگەرێکی زۆری

هەیە پەیڤی "کەلهۆڕی" لە لایەن هاوسێکان یان خۆیانەوە لە ناوی ئێڵەکەیانەوە وەرگیرابێ و بە باڵای ئەم شێوەزارەدا بڕابێتەوە. وەک لە خوارەوەش ئاماژەی پێدەکەم بەتایبەتی کاتێ دەبینین کەلهۆڕەکانیش هەمان ڕێبازیان بۆ پێناسەکردنی زاراوەی عەشیرەتی هاوسێ، واتە جافەکان پەیڕەو کردووە، ئەم ئەگەرە ئەگەرێکی لۆژیکی دێتە بەرچاومان. عەشیرەتی "گۆران" جڤاتێکی دیکەی قەڵەمڕەوی ئەم شێوەزارەیە کە وەک لە سەرەوەش گوتم ئێل و ناوچەیەکە لە کرماشان کە پێدەچێ بچووککراوەی هەمان چەمکی گۆرانە دیرۆکییەکە بێ کە ئەمڕۆ زیاتر بۆ ناوچەکانی دەوروبەری کۆزەران و گاوارە تا دەگاتە داڵاهۆ بەکار دەبرێ. دیسان لێرەشدا ناوی زاراوەکە پەیوەست کراوە بە ناوی ئێل و ناوچەکەوە، واتە بە ناوی "گۆرانی" ناسراوە. لە هەندێ شوێنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم شیوەزارە بە ناوی "ئەڕا"زوان بەناوبانگە. بە هەمان شێوەی ماچۆ لە هەورامیدا پەیڤی "ئەڕا"ش کە مانای "بۆ، بۆچی" دەگەیەنێت، پەیڤێکە لەم شێوەزارەدا زۆر بەکار دێت و لەسەر بنەمای هەمان نەریت کە پێشتر باسم کرد ئەم زاراوەیە بە "ئەڕائەڕا" ناوبانگی دەرکردووە. ناوێکی دیکەی ئەم زاراوەیە بریتییە لە "فەیلی". فەیلییەکان بەپێی گەلێ بەڵگەی مێژوویی، لەوانە یەکسانی ناوچەی دانیشتنیان لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتی ساسانی و هەروەها خودی ناوی فەیلی کە بە عەرەبکراوی "پاڵەیی"یە، لە بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی ساسانی، واتە نەوەی پاڵەییەکانن کە لەمێژە لە دەڤەری خانەقین و بەغدا دەژین. لێرەشدا دیسان دەبینین کە ناوی بنەماڵەیەک لە شێوەزارەکەیان نراوە. بەکورتی لێرەشدا دەبینین هەمان ڕەوتی پێشوو لە

ئارادایە و بۆ وێنە لەکاتێکدا کابرای زەهاوی یان جوانڕۆیی بەهۆی ئاشنایەتی لەگەڵ عەشیرەتی کەلهوڕدا ناوی زارەکەیانی ناوە "کەلهوڕی"، کابرای عەرەبی بەغدادیش چۆنکە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ عەشیرەتی کەلهوڕدا نەبووە پێی گوتوون "فەیلی" و بە هەمان شێوە دیرۆکنووسانێ کە بۆ یەکەمجار هاتوونەتە دەڤەری گۆران زاراوەکەیان ناو لێکردووە "گۆرانی".

٣- سۆرانی

ئەم زاراوەیەش کە لە گەرمیان، واتە لە هێڵی زەهاو، خانەقین، کەرکووکەوە دەسپێدەکات و بە چەندین بنزار بەرەو سەرەوە تا ناوچەی سنە و ئەرەڵان، موکریان، سلێمانی و هەولێر دەچێ، لەم ڕووبەرەدا بە چەندین ناوی جیاواز ناسراوەتەوە. یەکێ لە ناوەکان "جافی"یە. وەک دەزانین "جاف" یەکێکە لە عەشیرەتە دیرۆکی و بەناوبانگەکانی کورد کە هاوسێی لەمێژینەی کەلهوڕەکانە. هەر بۆیە ناولێنانی شێوەزاری قسەکردنیان بە هەمان پرۆسەی ناولێنانی زاراوەی "کەلهوڕی" لە دانووستاندنی نێوان ئەم دوو عەشیرەتەدا تێپەڕیوە و ناوکی بە "جافی" براوە. وەک ئاماژەم پێدا هۆکارەکەشی لێرەدا ئەوەیە کە خەڵکی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵات سەدان ساڵە ئەم شێوەزارەیان تەنیا لە دەمی خەڵکی جاف بیستووە و تەنیا لە ڕێگەی ئێلی جافەوە پێی ئاشنان و هیچ پەیوەندییەکی دیکەیان لەگەڵ باقی ئاخێوەرانی ئەم زارەوەیە، بۆ وێنە موکریانی نەبووە تا پێی بڵێن موکریانی. بە گوتنێکی دیکە زۆر ئاساییە کە زارەکەیان لە لایەن خۆیان یان کەسانی دیکەوە بە ناوی عەشیرەتەکە، واتە "جافی" پێناسە بکرێ. ئەم

ڕەوتە لە جۆگرافیایەکی دیکەی کوردستان و لە پەیوەندییەکی نێوان دوو جڤاتی دیکەی هاوسێدا دیسان بە هەمان شێوە دوبارە کراوەتەوە. بە درێژایی سەدان ساڵ خەڵکی ئاکنجی ناوچەی ئوورمیە و بە گشتی سەرەوەی موکریان تەنیا لەڕێگەی عەشیرەتی موکری و ناوچەی موکریانەوە گوێیان لەم دەڤۆکە گرتووە و تەنیا ڕێگەی ئاشنایەتی ئەوان بەم شێوەزارە خەڵک و جۆگرافیای ناوچەی موکریان بووە و بۆ نموونە لەوانەیە تا پێش ئەم سەردەمی جیهانگیرییەی تەکنۆلۆژیا عەشیرەتی جافیان هەر نەناسیبێ. هەر بۆیەش ڕێگەی ئاسایی بەناوکردنی ئەم زاراوەیە دیسان ناودێرکردنی بووە بە ناوی ناوچەکە، واتە بە ناوی "موکری یان موکریانی"یەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم میناکانە هیچ دوور نییە لەدایکبوونی ناسناوی "سۆرانی"ش دیسانەوە هەر بەم شێوە بووبێ. دەڤەر و شارۆچکەی سۆران لە سێگۆشەی سنووری باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاوسێی خەڵکی کورمانج زمانە و کورمانجەکانی ئەو دەڤەرانەش هەر لەڕێگەی خەڵکی سۆرانەوە زاراوەکەیان دەناسن. ئەوان نە لە موکریانەوە نزیکن تا پێی بڵێن زاراوەی موکریانی و نەیش هاوسێی عەشیرەتی جافن تاکوو پێی بڵێن جافی. هەر بۆیە دەکرێ هەمان ڕەوتی نموونەکانی پێشوو لێرەشدا دوبارە کرابێتەوە و کاری هەرە ئاسایی کەڵک وەرگرتن بووبێ لە ناوی ئەم دەڤەر و شارۆچکەیە بۆ ناولێنانی زارەکەیان و بەمجۆرە "سۆرانی" کرابێ بە بەریدا. کورت و کورمانجی، بە هەمان ڕێژە کە ئاساییە ئاخێوەرێکی ئەم شێوەزارە لە ئیلام و کرماشان "جاف" بێ کە لە ورمێ بە "موکریانی" بناسرێ و لە بادینان بە "سۆرانی" ناو ببرێ و لە هەمان کاتدا هیچکام لەم ناوانەش

شتێکی هێندە هەڵکەوتوو و گرنگیان لە خۆیاندا نەشاردووەتەوە کە بەسەر ئەوانی دیکەدا بیانسەپێنێ و لێیانی بەرزتر و شایانتر بکاتەوە.

٤- کورمانجی

ئەم شێوەزارە نەتەنیا گەورەترین پانتایی لە جۆگرافیای زمانی کوردی داپۆشیوە و تەنیا زارێکە کە لە هەر چوار بەشی کوردستان بوونی هەیە، بەڵکوو زۆرینەی ڕەهای کوردەکانی دەرەوی جۆگرافیای کوردستانیش بەم شێوەزارە دەئاخڤن. ئەم شێوەزارەش هەر وەکوو ئەوانی تر هەڵگری چەندین ناوە کە "کورمانج" لەنێویاندا هەرە سەرەکی و گشتگیرە. لەڕاستیدا ئەم ناوە زیاتر لە هەموو ناوەکانی دیکە ڕەگی لە قووڵایی مێژوودایە و لە گەلێ شوێنیشدا هەر بە واتای کورد هاتووە. چیای "کورمانج" کە چیای "کوردان"یشی پێ دەڵێن و ئەمەش بەڵگەیەکە لە هاوواتایی ئەم دوو پەیڤە لە کۆندا، دەکەوێتە نزیک شاری عەفرین و یەکێکە لە چیاکانی ڕیزەچیای تۆرۆس لە ڕۆژاوای کوردستان. سەرەداوە دیرۆکییەکانی وەک ئەو سەرچاوانەی کە باس لەمە دەکەن نێئاندەرتاڵەکان یەکەمین جار لەم چیایەوە و بەرەو شوێنەکانی تر بڵاو بوونەتەوە، ئاماژەی بەهێزن کە ئەم چیایە لانیکەم یەکێکە لە یەکەمین شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد یان کورمانجەکان. لەسەر ئەم بنەمایە بۆی هەیە ناوی زاراوەی "کورمانج" گرێدراوی "چیای کورمانج" بێ. یەکێکی دیکە لە ناوەکانی ئەم شێوەزارو بریتییە لە "بادینی" کە زۆرتر لە لایەن خەڵکی باشوورەوە بەکار دەبرێت. وەک دەزانین ئاکنجی دەڤەری "بادینان" بەم زاراوەیە دەئاخڤن. بێگومان

لێرەشدا لە دانووستاندنی نێوان بادینییەکان و خەڵکانی هاوسێدا باشترین ڕێگەی ناساندن یان داناسینی ئەم زاراوەیە دەتوانێ هەمان نەریتی گرێدان بێ بە ناوی دەڤەرەکەوە و پێناسەکردنی بێ بە ناوی "بادینی". لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە هەمان ڕەوت و لۆژیک، بە هەمان شێوە کە هاوسێکانی دەڤەری بادینان بۆ وێنە ئێلی "شکاک"یان نەناسیوە تا ناسناوی شکاکی بخەنە پاڵ زاراوەکەیان و تەنیا لە دەروەچی ناوچەی بادینانەوە ئاشنای ئەم شێوەزارە بوونە و هەر بۆیەش بۆیان هەبووە ناوی ناوچەی بادینانی بدەنە پاڵ و بە "بادینی" پێناسەی بکەن، هاوسێکانی عەشیرەتی "شکاک"یش خەڵکانێکن دوور لە بادینان یان چیای کورمانج کە تەنیا دەروەچی ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم شێوەزارەدا عەشیرەتی "شکاک"ە. کە واتە چی لەمە ئاسانتر کە ناوی زارەکە لە عەشیرەتی "شکاک"ەوە وەربگیرێ و بکرێ بە "شکاکی". بەکورتی هاوشێوەی ناودێرکردنەکانی دیکە لەم نموونەیەشدا دەبینرێ کە ناوەکان هەڵقوڵاوی بارودۆخ و هەڵکەوتەیەکی تایبەتن کە خەڵکانێک لە گۆشەنیگای خۆیانەوە دایانهێناون و هەرکامەیان بەشی خۆیان هێندە ڕەوایی و لۆژیکیان تێدا هەیە کە بە هەند وەربگیرێن.

5- زازاکی

ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دەرسیم نیشتەجێن زیاتر لە هەموو پەیڤێکی تر خۆیان بە وشەی "کرمانج(کورمانج)"ەوە دەبەستنەوە و زمانەکەیان بە "کرمانجکی" دەناسێنن. لە ناوچەی وەکوو چەولگ خۆیان وەکوو "کرد" دەناسێنن و هەر بۆیەش زاراوەکە بە "کردکی"

پێناسە دەکەن. ناوێکی دیکەی ئەم شێوەزارە کە زیاتر خەڵکی ناوچەی سێواس زاراوەکەی خۆیانی پێ پێناسە دەکەن بریتییە لە "گنی". ناوی "گنی" لە ناوی عەشیرەتی "گنی" وەرگیراوە کە بەشێک بوونە لە عەشیرەتێکی گەورەتر بە ناوی قەرەباڵان لە ڕۆژاوای دەرسیم. لە هەرێمی سێوەرک و چێرمۆکیش بە هەمان نەریتی کەڵک وەرگرتن لە ناوی عەشیرەت، خەڵکی ناوچەکە بە ناوی عەشیرەتی "دملی"یەوە بە زارەکەیان دەڵێن "دملی". هەروایە بۆ ناوی "زازاکی"ش کە لە ناوی عەشیرەتی "زازا" وەرگیراوە... .

کورت و کورمانجی، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە باسم کرد، هەموو ئەو پەیڤانەی کە تا ئێستا بۆ پێناسە و ناساندنی شێوەزارێکی کوردی بەکار هاتوون، نەتەنیا هیچکامیان ناوێکی وشک و خاڵی نین، بەڵکوو هەموویان هەڵگری واتا و ناوەرۆکیشن. هەروەها هیچکام لە ناوانە تەنها هێما و داناسینێکی ڕووتی شێوەزارەکانی زمانی کوردی نین، بەڵکوو هاوکات بەشێک لە جۆگرافیا، فەرهەنگ، دیرۆک و پەیوەندییە جڤاکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێناسە دەکەن. هەر بۆیە بەکارهێنانی هەرکام لەم ناوانە بۆ ناساندنی زاراوەکانی زمانی کوردی دەچێتە خانەی گرنگیدان و پاراستنی دەوڵەمەندی فەرهەنگ، دیرۆک، جوگرافیا و شۆناسی کوردییەوە. لەبەر ئەمە من پێم وایە پێداگری و سووربوون لەسەر سڕینەوەی بەشێ لەم ناوانە لەپێناو چەسپاندنی یەک ناو بەبێ هیچ لۆژیک و پاساوێک لەڕاستیدا سڕینەوەی بەشێک لەو فەرهەنگەیە کە زمانی کوردی لە هێمای هەرکام لەم ناوانەدا و کەسایەتی هەرکام لە زاراوەکانیدا نوێنەرایەتی بەشێکی

دەکات. بەڕاستی کامە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی و زارەکانی دێتە پێش ئەگەر کەسێکی سنەیی لە هەولێر پێی بڵێن سۆرانی، لە ورمێ کابرایەکی ماردینی وەکوو شکاک پێشوازی لێبکرێت، منالێکی ماکۆیی لە سلێمانی بە بادینی بئاخڤێ، لاوێکی سلێمانی لە کرماشان جافی بێژێ و پیرەژنێکی کرماشانی لە بەغدا بە فەیلی قسە بکات، کاڵێکی دێرسیمی لە چەولک زازاکی بپەیڤێ، هەورامییەک لە زەهاو ماچۆزوان بێ و... هتد؟. بێگومان هیچیان کێشەی سەرەکی زمانی کوردی نین و بەپێچەوانەوە نیشانەی دەوڵەمەندی ئەم زمان و فەرهەنگەن و لۆمەکردن یان قەدەخەکردنی هەرکام لەم ناوانە دوورکەوتنە لە ئەرکی زمانپارێزی. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەم ناوانە تەنیا بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی هێما دەکەن و هیچکامیان هەڵگری کۆی تایبەتمەندییەکانی ئەم زمانە نین.

ئەم هەستیارییە نالۆژیکییە سەبارەت بە ناوی زاراوەکانی زمانی کوردی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئاراستە و لایەنێکی ناڕاستی دیکەشی گرتووە کە بە چەند نموونەیەک ئاماژە بە بەشێکی دەکەم. هەرچەند پێشتریش بە ڕێژەیەکی کەمتر هەبووە، بەڵام لەم چەند ساڵەدا دوو دەستەواژەی "کورمانجی سەروو" و "کورمانجی ناوەڕاست" زۆر دوبارە دەکرێنەوە. کورمانجی سەروو بۆ ئەو زاراوەیە بەکار دەبرێ کە دەمێکە ناوی کورمانجی وەک ناوێکی گشتگیر لەنێو کورددا بۆی جێگیر و پەسەند کراوە و لەڕاستیدا لکاندنی پاشگری "سەروو" جگە لە نامۆکردن هیچ شتێکی تری لێ زیاد نەکردووە. هەروەها تاپۆکردنی دەستەواژەی "کورمانجی ناوەڕاست"یش بۆ

ئەو زاراوەیە بەکار دێت کە بە هەمان شێوە ناوی سۆرانی بە سەریدا گشتگیر بووە و هەموو کورد بەو ناوە دەیناسن. هەر بۆیە لێرەشدا دیسان گۆڕینێکی ناپێویست و نامۆ لە ئارادایە. دوای ئەمەش ناتەواوی ئەم ناولێنانە بۆ خۆی بەڵگەی نالۆژیکبوونەکەی دەسەلمێنێ. بەپێی لۆژیک ناکرێ "کورمانجی سەروو" و "کورمانجی ناوەڕاست"مان هەبێ، بەڵام زاراوەیەکمان نەبێ بە ناوی "کورمانجی خواروو". کە وابوو یان دەبێ دەست لەم ناوە نامۆیانە هەڵبگرین، یان زاراوەیەک بۆ "کورمانجی خواروو"ش بدۆزینەوە و لە خوارەوەی کوردستان هیچ زاراوەیەک نییە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی پێی دەڵێن کەلهوڕی. کە واتە تێڕوانینی پشت ئەم کارە بۆشاییەکی لۆژیکی گەورەی تێدایە کە هیچ دەسکەوتێکی نییە جگە لە خستنی شێوێکی تر لەنێو ئەو هەموو ناوانەی کە خودی ئەم کەسانە زۆربوونیان بە کێشە و دەردەسەر دەزانن. نموونەیەکی دیکە دەستەواژەی "کوردی خوارین"ە کە لەجێی ناوی ئاڵایە گشتگیری "کەلهوڕی" داتاشراو و دانراوە. یەکێ لە پاساوەکانی پشت ئەم ناوە داتاشراوە کە من گوێم لێ بووە ئەمەیە کە گوایە لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە ناوی هۆزێکی دیاریکراوەوە، ناوهێنانی "کەلهوڕی" بە جۆرێ لە جۆرەکان پەراوێزخستنی ئەوانی دیکەیە، یان لانیکەم پەراوێزخستنی بنزارەکانی دیکەی وەکوو "لەکی"یە. ئەمە لەحاڵێکدا کە ئەم ناوە دیرۆکییانە بە ڕۆژێک و دووان دروست نەکراون و خەڵک بۆ مەودایەکی کاتی دوور و درێژ لەگەڵیدا ژیاون. دوای ئەمەش من خۆم وەک کەسێکی نزیک و دانیشتووی ئەم دەڤەرە هیچکات هەستێکی پەراوێزکەوتنم لەنێو ئەم خەڵکەدا نەبینیوە کە بەهۆی

ناوێکی وەک "کەلهۆڕ"ەوە بۆیان دروست بووبێ. ئەگەر لەمە گەڕێین، دەستەواژەی "کوردی خوارین" لە ڕووی لۆژیکیشەوە دیسان کێشەی تێدایە. بۆ وێنە گەلۆ بەرانبەر بەم دەستەواژەیە، ئەی "کوردی ژوورین" کامەیە؟!. ئەگەر بەڕاستی داڕێژەرانی ئەم دەستەواژانە بیریان لەم داهێنانەی خۆیان کردبێتەوە، ئایا باشتر نەبوو لەپاڵ "کوردی خوارین"دا ناوەکانی "کورمانجی ژوورین" و "کورمانجی ناوەڕاست"یشیان بکردایە بە "کوردی ژوورین" و "کوردی ناوەڕاست" تا تۆزێ لەو بۆشاییە دەرچوونایە کە تۆزێ پێشتر باسم کرد؟!. یان بەپێچەوانەوە "کوردی خوارین"ەکەیان بکردایە بە "کورمانجی خوارین" تا ناوی کوردی لەم شێوەزارەدا کورت نەکرابایەوە؟!...

ئەگەر مەبەستەکەم کورت بکەمەوە، زمانزان و زمانناس و زمانحەزانی زمانی کوردی یەکەم، نابێ هیچکام لەو ناوانەی کە بە زیندوویی بوونیان هەیە نە بە پیرۆز و نەیش بە کێشەی سەرەکی زمانی کوردی بیانزانن، چۆنکە بەکارهێنانیان لە لایەن هەر کەسێکەوە لە هەر شوێن و هەر کاتێکدا لەڕاستیدا هەڵدانەوە و بیرخستنەوەی بەشێک لە دەوڵەمەندی و میراتی فەرهەنگی کوردییە. دووەم، لەپاڵ ئەمەدا ئەو ڕێکەوتنە جڤاکییەش بە بنەما بگرن کە بەو ناوانە ڕاهاتووە کە بە هەر شێوازێ بێ تا ئێستا گشتگیر بوونەتەوە. سێیەم، خۆیان لە داتاشینی ناوی نوێ دوور بگرن و لەباتی ئەمە لەسەر بنەماکانی پاراستنی ئەم زمانە وەکوو نزیککردنەوەی زاراوەکان، یەکخستنەوەی ئالفابێ، دروستکردنی فەرهەنگی هاوبەش و بەراوردی شێوەزارەکان، ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردی و... هتد تێبکۆشن...

## هۆکارەکانی پەرتەوازەیی زاراوەکان

یەکێ لە پرسگرێکەکانی بەردەم زمانی کوردی کە مخابن تا ئەم ساتەوەختەش لە ئارادایە دووربوونی شێوەزارەکانیەتی لە یەکتری. ئەم دوورییە کاتێ نارێکتر دێتە بەرچاو کە بزانین دوورییەک نییە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵکوو زیاتر دووربوونێکی ڕۆحییە. ئەم شێوەزارانە لە ڕووی پەیڤەوە ئەوەندە لەیەک نزیکن و ئەوەندە هاوبەشییان لە پەیڤدا هەیە کە ئاخێوەری هەر زاراوەیەک بە کەمترین وردبوونەوە دەتوانێ بگاتە ئەم ڕاستییەی کە جیاوازی سەرەکی زاراوەکان تەنیا لە بەلێوکردن و بێژەکردنی وشەکاندایە و کەمترین تێڕامان دەتوانێ مرۆڤ بگەیێنێتە ناخی زاراوەکانی تر و ئەگەر سەداسەدیش نەبێت، بە ڕێژەیەکی بەرچاو لێیان تێبگات. بەڵام بۆ ئەمە ڕوونادات، هۆکاری سەرەکی نە لە جیاوازی بێژەکردن و دەڤۆکدا و نە لە ڕێژەی واژە ناهاوبەشەکاندایە، بەڵکوو ئاستەنگی سەرەکی دوورکەوتنەوەی ڕۆحی ئاخافتوانانی شێوەزارەکانە لە یەکدی و بە مانایەکی تر پەرتەوازەیی شێوەزارەکانە لە یەکتری. لەم بەشەدا باسی هەندێ لە هۆکارەکانی پەرتەوازەیی زاراوەکان دەکەین.

١- جۆگرافیای خوەزایی زمانی کوردی

زمانی کوردی بە کۆمەڵێ شێوەزاری دەوڵەمەندەوە جۆگرافیا و سەرزەمینێکی گەورە و بەرچاوی داپۆشیوە و بەرفراوانی جۆگرافی بە درێژایی مێژوو هۆکارێکی سەرەکی و پاڵپشتێکی بەهێز و بنەڕەتی بووە بۆ پاراستن و هەرمانی ئەم زمانە تا ئەمڕۆ. بەڵام لە لایەکی دیکەوشەوە هەڵکەوتەی

سروشتی و جۆگرافی زاراوەکان بە جۆرێک داڕێژراوە کە بووەتە ئاستەنگ لە بەردەم تێکەڵبوونی ئەم زاراوانەدا و تا ڕادەیەکی زۆر مەودای دانووستاندنی لێ سەندوونەتەوە، بە جۆری کە هەندێ جار لە نێوان دوو شێوەزاردا هەست بە هەڵپان و بۆشاییەکی گەورە دەکرێ. ئەگەر سەیری جۆگرافیای زاراوەکانی زمانی کوردی بکەین لە نێوانیاندا تەرابوونێکی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێ و هیچ زاراوەیەک نییە کە لەگەڵ تەواوی ئەوەکانی تردا پەیوەندی ڕاستەوخۆی جۆگرافی هەبێ. بۆ وێنە سۆرانی کە باشترین هەڵکەوتەی جۆگرافی هەیە و لەگەڵ سێ شێوەزاری کورمانجی، هەورامی و کەلهۆڕیدا هاوسێیەتی هەیە، هیچ سنوورێکی لەگەڵ زازاکیدا نییە و زۆریش لە یەکتری دوورن. دوای ئەوە کورمانجی دێت کە لەگەڵ کەلهۆڕی و هەورامیدا پەیوەندی نییە. کەلهۆڕی و هەورامیش کە لەگەڵ یەک هاوسێن، پێکەوە هاوسنووری سۆرانین و هیچ سنوورێکیان لەگەڵ زازاکی و کورمانجیدا نییە. تەراترین زاراوەش زازاکییە کە بە تەنیا هاوسنوور و تێکەڵی کورمانجییە و هیچ پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا نییە. بەگشتی ئەگەر جۆگرافیا بە دیوێکیدا ژینگەیەکی بەرفراوانی بۆ زمانی کوردی دروست کردبێ، بە دیوەکەی تریدا بەربەستێک بووە لە ڕێگای ناسین و ناساسین و دانووستاندنی زاراوەکانی ئەم زمانەدا و هەر بۆیەش ئەم زاراوانە لە ڕەوتی مێژوودا وەک چەند خێزانی پەرتەوازە و دوور لەیەکی ماڵباتێکیان لێهاتووە کە دووری لەیەک ساردی کردوونەتەوە. بە مانایەکی دیکە پەڕاکەندەگی جۆگرافی زمانی کوردی هەمیشە کۆسپێکی خوەزایی لە بەردەم نزیک بوونەوەی زاراوە جیاوازەکاندا دروست کردووە کە باندۆرەکەشی گەلی

بەرچاو و دیارە. ئەم بەربەستە سەرەڕای ئەمەی کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە تا ڕادەیەکی زۆر گرنگی و کاریگەری پێشووتری خۆی لەدەست داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کورد هێشتا لە ئاستێکدا نیە کە بە تەواوەتی لە تەکنۆلۆژی کەڵکی تەواو وەربگرێ، دیسان دەتوانێ باندۆری نەرێنی پێشووی خۆی هەبێ.

٢- جۆگرافیای سیاسی و سنوورە دەسکردەکان

لە سەردەمی چوارپارەبوونی کوردستاندا تاکوو ئەمڕو سەرباری جۆگرافیای خوەزایی جۆگرافیایەکی بەباندۆرتری دیکەش بەردەوام وەک یەکێ لە لەمپەڕە هەرە بەهێزەکانی بەردەم زمانی کوردی کاری کردووە کە ئەویش بریتییە لە جۆگرافیای سیاسی، واتە سنوورە دەسکرد و دابەشکەرەکانی کوردستان. پێچەوانەی جۆگرافیای خوەزایی کە وێڕای ئاستەنگییەکانی ڕووبەرێکی هەمیشە کراوە و هەرگیز مرۆڤەکان بە تەواوەتی بە شوێنێکەوە نابەستێتەوە و پەرژینیان ناکا، جۆگرافیای سیاسی کوردستان توانی لە چرکەساتێکدا نەتەوەیەک بە جۆرێ لەتلەت بکا و لە کەسایەتی زمانەکەیدا بە شێوازێ پارچەپارچەی بکا کە تا ئەم ساتەوەختەش نەیتوانیوە یەک بگرێتەوە. یەک زمان لە دوو جۆگرافیای سیاسی جیاوازدا و ژێر دوو پەروەردەی جیاوزدا بە ناچار دوو ڕەهەندی هزری جیاواز وەردەگرێ و وردەوردە لەباری ڕۆحییەوە دوو زمانی جیاواز دەخوڵقێنرێ و دۆخێک دێتە ئاراوە کە ئاخێوەرانی یەک زمان تا ڕادەیەک لەیەک دوور دەکەونەوە کە تانانەت لە یەکتری تێناگەن یان نایانەوێ تێبگەن. ئەگەر جۆگرافیای خوەزایی تەنیا

زاراوەکانی لەیەک دوور خستبێتەوە، ئەوە جۆگرافیای سیاسی تەنانەت خودی زاراوەکانیشی چەندین پارچە کردووە. بۆ وێنە ئەگەر جۆگرافیای خوەزایی توانیبێتی کورمانجی لە کەلهۆڕی دابڕێ، جۆگرافیای سیاسی سەرباری تۆخکردنی زیاتری ئەم دابڕانە تەنانەت خودی زارەکەشی کردووە بە چوار لەتەوە. هەروایە بۆ کەلهۆڕی، سۆرانی و هەورامیش کە هەموویان بەهۆی ئەم سنوورە دەسکردانەوە دوولەت کراون. ئەوەی کە ئەم دابەشبوونە وێرانگەر دەکاتەوە ئەوەیە کە هەر بەشێکی ئەم زمانە دەکەوێتە ژێردەستی یەکێ لە زمانە سەردەستەکان و لەژێر باندۆری ئەواندا ئاراستەی جودا وەردەگرێ. بۆ وێنە سەرنجێکی زۆری ناوێ تا مرۆڤ تێبگات هەرکام لە زارەکانی هەورامی، کەلهۆڕی و سۆرانی کە لەنێوان وڵاتانی ئێران و عێراقدا دابەش کراون، لە باشوور ڕەنگ و بۆی عەرەبییان وەرگرتووە و لە ڕۆژهەڵاتیش ڕەنگ و بۆی فارسییان پێوە دیارە. هەر ئەمەش وایکردووە کە زیاتر لە ئاستی سروشتی جیاواز بنوێنن. ئەم دۆخە بە ڕێژەیەکی وێرانگەرتر بۆ کورمانجیش هەروایە کە لە هەر چوار بەشی کوردستان لە ژێر کاریگەری هەرسێ زمانی تورکی، فارسی و عەرەبیدایە. کاریگەرییەکانی ئەم دۆخە تەنیا گۆشەیەک لە زمانی ئێمە ناگرێتەوە و لە هەموو بوارەکانی تایبەت بە زماندا خۆی نیشان دەدا. بۆ وێنە لە هەمان کاتدا کە لە ڕۆژهەڵات وشەیەکی فارسی دزە ئەکاتە نێو زارێکی کوردییەوە، لە باشووریش وشەیەکی عەرەبی خۆی دەخزێنێتە نێو هەمان شێوەزارەوە و لە ئەنجامدا دوورکەوتنەوە و جیاوازییەک دەکەوێتە نێو ئەم شێوەزارەوە. ئەڵبەتە بەداخەوە ئەم نارێکییە بە وشەیەک و دووانەوە نەوەستاوە و بە لێشاو ڕوویداوە. ئەم دۆخە لە

فۆنەتیک و بێژەکردن یان ئاوای قسەکردنیشدا بە هەمان شێوە هاتووەتە ئاراوە. بۆ وێنە بچووکترین سەرنج دەریدەخا کە لە هەمان کاتدا کە فۆنەتیکی کەلهۆڕی لە باشوور لەژێر کاریگەری عەرەبیدایە، کەلهۆڕی ڕۆژهەڵات فۆنەتیکێکی فارسی بە خۆوە گرتووە. لە کۆتاییشدا ئەم جیاکردنەوەیە تەنانەت لە فەرهەنگیشدا ڕواڵەتی خۆی نیشاندەدا و کۆی هەموو ئەمانە وا دەکا نەتەنیا زاراوەکان جودا لەیەک بنوێنن، بەڵکوو بنزارەکانی هەر زاراوەیەک و تەنانەت یەک بنزار لە دوو پارچەی جیاوازی کوردستاندا وەک دوو زمانی جودا لەیەک بێنە بەرچاو و ئەمەش یانی پەرتەوازەکردن و دابەشکردنی زیاتری زمانی کوردی کە لەڕاستیدا یەکێکە لە مەترسییە گەورەکانی سەر ئەم زمانە.

٣- لەمپەری کۆمەڵایەتی

لێرەدا مەبەستم لە لەمپەری کۆمەڵایەتی ئەو تایبەتمەندییە جڤاکییانەی کۆمەڵگەی کوردییە کە لە ژیانی جڤاکیدا وەک بەربەست لە بەردەم ئاشنابوون، دانووستاندن و تێکەڵبوونی زاراوەکان بە یەکتری کار دەکەن. لێرەدا بەکورتی دوو نموونەی لێ باس دەکەم. یەکێ لە بەربەستەکان پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆیەتی. پێکهاتەی جڤاکی کوردی جگە لەوەی کە ساختارێکی عەشیرەیی و ناوچەیی هەیە، بە گشتی لەناو یەکینە بچووکەکانی ئەم جڤاکە، واتە عەشیرەت، گوند، شار و ناوچەکانیشیدا ئاموشۆ و دانووستاندن لە ئاستێکی زۆر نزم و کزدایە و مەیلی ڕاوەستان لە بارودۆخی ئێستاکەیی و مەندبوون لە ژیانی هەییدا مەیلێکی تۆخ و بەهێزە

لەنێو ئەم جڤاکەدا. جڤاکی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و کۆچەری گەرچی هەمیشە لە لڤ و تەڤگەردا بووە، بەڵام ئەم تەڤگەرە هەم لە باری جۆگرافی و هەمیش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر تەسک و لاواز و پەرژینکراو بووە. بە درێژایی سەدان ساڵ هاتوچۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا ڕوویانداوە و ئەوپەڕی دانووستان و پەیوەندییەکانی هەر ئەندامێکی ئەم جەستەیە لەگەڵ عەشیرەت، شار، یان ناوچەکانی دراوسێی نزیکیدا ڕوویداوە. لە فەرهەنگی کوردیدا سەفەر بە ئاراستەیەکی دووری جۆگرافی و لە مەودایەکی درێژی کاتیدا بایەخێکی گرنگ و ئەوتۆی نیە و پەیوەستبوون بە شوێن بەشێکی دانەبڕاوەی ڕۆحی مرۆڤ و جڤاکی کوردییە. لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە تانوپۆی جڤاکی کوردی بە گشتی سازمانێکی ڕەقی هەیە و لە ئەنجامدا شێوەزارەکانی زمانی کوردیش هەمیشە لەناو ئەم سازمانە ڕەق و وشکەدا قەتیس ماون و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لەباری کۆمەڵایەتییەوە وەک زارێکی ناوچەیی ماونەتەوە. ئەم سۆسیۆلۆژییە جڤاکییە هەمیشە یەکێک بووە لە بەربەستەکانی بەردەم ئاشنابوون و تێکەڵاوی شێوەزارەکان بە یەکتری.

یەکێ لەو خەسڵەتانەی کە جڤاکی کوردی بەتایبەتی سەبارەت بە زمان گیرۆدەیەتی و لەڕاستیدا زیاتر لە نەخۆشییەکی جڤاکی دەچێ تا نارێکییەکی ئاسایی، ئەمەیە کە بەرانبەر بەو مەراقەی کە بە زمانی بێگانە لە خۆی نیشانی دەدا، بە هەمان ڕادە سەبارەت بە زمانی خۆی و بەتایبەت شێوەزارەکانی ئەم زمانە لە دەرەوەی خۆی زۆر گوێنەدەر و بێمەراقە. هەر بۆیە ئەو تێکەڵنەبوونەی کە لە سەرەوە باسم لێوە کرد تەنیا لەو شوێنانە

نایێتە ئاراوە کە زاراوەکان هاوسنوور و هاوسێی یەکترین، بەڵکوو هەندێ جار تەنانەت لەو دەڤەر و شارانەش کە خەڵک بە تەواوەتی لەناو یەکدا دەژین بە ئاشکرا دەبینرێ. بۆ وێنە تا ئەو جێیەی من لە نزیکەوە سەرنجم دابێ لەو دەڤەرانەی ڕۆژهەڵات کە سۆرانی و کەلهوڕی پێکەوە دەژین زۆربەی خەڵک و بەتایبەتی کەلهوڕەکان بەدەم زارەکەی ترەوە ناچن. لە باشووریش دۆخەکە هەروایە و بە ڕامانی من ڕێژەی خەڵکی سۆرانئاخێو کە بتوانن بە هەورامی قسە بکەن بەو هەورامییانەی کە سۆرانی دەزانن بڕوا ناکەم ١٠% تێبپەڕێنێ. ئەمە نیشان دەدا کە چقاس هەورامی لەسەر نیاز یان هەر هۆیەکی تر بەرەو سۆرانی دەڕون، سۆرانەکان زۆر زۆر کەمتر بەرەو هەورامی دەچن، لەحاڵێکدا کە زمانی بێگانە مەراقی زۆربەیان ڕادەکێشێ. نموونەیەکی تر کە لە نزیکەوە بینیومە و دەتوانم ئاماژەی پێبکەم، ئەو خەڵکانەی دەڤەری موکریان کە ڕوودەکەنە ئوورمیە، زۆر زۆر زیاتر لە کورمانجی مەراقیان دەچێتە سەر تورکی ئازەری. هیوادارم ڕۆژێک بێت کە ئەم نارێکییانە بە ئامار بکەونە بەر سەرنجی لێکۆڵینەوەی زانستی. بە هەرحاڵ ئەم سایکۆلۆژییەتە تاکوو ئەم ساتەش هۆکارێکی گرنگە لە هۆکارەکانی نامۆبوونی زاراوەکان بە یەکتری. من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر مرۆڤی کورد ئەوەندە سەبارەت بە زاراوەکانی دیکە ئەم بێگانەگی و نامۆبوونە نەژیایە، بێگومان هەموو کوردێکی سەردەمی دیجیتاڵ و تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکاندا بە لایەنی کەمەوە دەبوو دوو شێوەزاری سەرەکی کورمانجی و سۆرانی بە تەواوەتی تێگەیشتبایە.

٤- فراوانی بنزارەکان

وەک دەزانین هەموو زمانێک وەک جیهانێ لە پەیڤ و دەنگ هاوکات هەم هەڵگری دیوی لەناوچوونی پەیڤەکانە و هەمیش لەدایکبوون و زاوزێی زمان. بە مانایەکی تر لەنێو زماندا وەک چۆن هەندێ وشە و دەنگ لەناو دەچن، بە هەمان شێوە هەندێکی تر لەدایک دەبن. ئەڵبەتە پڕ ئاشکرایە کە ئەم لەدایکبوون و زاوزێیە تەنیا وشەی پەتی ناگرێتەوە، بەڵکوو هەر لە گۆڕینی واتاکانەوە بگرە تا گۆڕانگاری لە بێژە و دەنگی پەیڤەکاندا هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی زمانیش دەگرێتەوە. یەکێ لە ڕواڵەتە هەرە دیارەکانی ئەم زاوزێیە لە زمانی کوردیدا بریتییە لە فرەیی زاراوەکان و لەوە گرنگتر فرەیی بنزارەکان. وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد زاراوەکانی زمانی کوردی هێندە هاوبەشییان تێدا هەیە کە مرۆڤی کورد بتوانێ لانیکەم یەک و دوو شێوەزاری دەرەوەی خۆی فێر ببێ. بەڵام بۆچی ئەمە بەگشتی وا نییە دەگەڕێتەوە بۆ گەلێ هۆکار کە ئەوەندەی من سەرنجم دابێ یەکێ لەوانە زۆری و فرەیی بنزارەکانە. ڕاستە کە بەشێکی بەرچاوی زاوزێی زمانی کوردی لە کەسایەتی زاراوەکاندا زیاتر گۆڕانی ڕواڵەتی پەیڤێکە لە ئاهەنگ و دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی دیکە، بەڵام ئەم زاوزێیە بەمەوە نەوەستاوە و لەڕێگەی بنزارەکانیشەوە جارێکی تر دوبارە بووەتەوە. بە واتایەکی ڕێکتر زمانی کوردی هەمیشە لە زاوزێی بنزار و دیالێکتە ناوچەییەکاندا بووە و ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکارێ بێ لە هۆکارەکانی سەرلێشێواوی خەڵک کاتی دانووستاندن لەگەڵ زارەکانی دیکە و لە ئەنجامدا دوورکەوتنیان لە یەکتری. بۆ وێنە ئەو کەسەی کە لە کرماشان لەڕێی بنزاری جافییەوە ئاشنای سۆرانی دەبێ کاتێ دەچێتە موکریان و ڕووبەڕووی بنزاری موکریانی

دەبێتەوە، لەوانەیە هەر وەک زمانێکی جودا بێتە بەر گوێی و لەم جیاوازبیە سەرسام بیگرێ. لە نموونەیەکی تردا من زۆرجار کەسانێکم بینیوە کە بە گۆڕینی تەلەڤزیۆنەکەیان لە کاناڵێکی کورمانجی باکووری کوردستان بۆ کاناڵێکی باشوور بە بنزاری بادینی، بە جۆری لێیان تێکچووە کە پەشیمان بوونەتەوە لەوەی کە بڵێن کورمانجی تێدەگەن. ئەم دۆخە بەتایبەتی لە نەبوونی شێوەزارێکی پەروەردەیی چەترئاسادا کە بتوانێ ببێتە پردی پەیوەندی هاوبەشی ئاخێوەرانی زمانی کوردی زۆر بەباندۆر و کاریگەر دەردەکەوێ. ئەم باندۆرە نەرێنییە هێندە کارامەیە کە تەنانەت داگیرکەرانیش هەستیان پێکردووە و بە مەبەستی هەرچی زیاتر تۆخکردنی ئەم کەلێنە سیاسەتەکانیان دادەڕێژن تا هەرچی زیاتر بە ئاراستەی پەرتکردنی زمانی کوردی کەڵکی لێ وەربگرن. یەکێ لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم سیاسەتە لە تەلەڤزیۆنە دەوڵەتییەکانی پارێزگا کوردییەکاندا بە ئاشکرا دەبینرێ. لەو دەزگایانەدا جگە لەوەی کە هەر پارێزگایەک تەنیا بۆی هەیە بنزاری ناوچەکەی خۆی بەکار بێنێ، بەتایبەتی دژی بەکارهێنانی ئەو بنزارە دەوەستنەوە کە تا ڕادەیەک لە سۆرانیدا گشتگیر بووە.

0- زمانە سەردەستەکان

پێشتر ئاماژەم پێدا کە زاراوەکانی زمانی کوردی بەشی ئەوەندە هاوبەشییان تێدا هەیە کە ئاخێوەران بتوانن لانیکەم لە یەکتری تێبگەن. بەڵام هۆکارێ لەو هۆکارانەی کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کاری لەسەر ئەمە کردووە تا ئەم زاراوانە جیاواز بنوێنن و دوور لەیەکتری دەربکەون، تەوژم و

شاڵاوی ئەو پەیڤانە بووە کە لە زمانە سەردەستەکانەوە بەردەوام ڕژاونەتە ناو هەناوی زمانی کوردییەوە. ئەگەر لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ئەم لێشاوی پەیڤە تەنیا لە یەک زمانەوە بۆ ناو زمانی کوردی سەرەولێژ ببایە، لەوانەیە توانەوەیەکی زیاتر و تۆختر بەسەر ئەم زمانەدا بهاتبایە، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆر ئەمڕۆ زاراوەکان هاوبەشی و نزیکبوونێکی زیاتریان بە خۆیانەوە دەبینی. ئەڵبەتە دەزانین کە ئەم ڕەوشە زۆر خراپتر ڕوویداوە و لێشاوەکە لە سێ زمانی جیاوازەوە بە جۆرێ ڕژاوەتە نێو بەشە جیاجیاکانی زمانی کوردییەوە کە ئەم زمانە جگە لەوەی ڕێژەیەک لە پاراوی خۆی لەدەست داوە، لە هەمان کاتدا بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە و لێکترازان بە وشەی نامۆ و ناکوردی لێڵ و لیخن کراوە. ئەم لێڵبوون و دوورکەوتنە هاوکاتە هەندێ جار  لێکەوتەی نارێکی دیکەشی بەرهەم هێناوە. بۆ وێنە دەبینرێ کە وشەی ڕەسەنی کوردی لەڕێی زمانی فەرمییەوە دەشێوێنرێت و دیسان بە شێواوی لە مانا و لە بێژەدا وەک واژەیەکی زمانی سەردەست دەگەڕێتەوە نێو زمانی کوردی. نموونەی زەقی ئەم ڕەوتە گۆڕینی ناوی شار و دێ و شوێنەوارەکانە کە لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە پەیڕەو دەکرێن. کاریگەری شاڵاوی لێڵکردنی زمانی کوردی هێندە زۆر و بە باندۆر بووە کە تەنانەت ئەگەر هەر ئەمڕۆش زمانی کوردی لە ژێر هەژموونی زمانە سەردەستەکان دەربچێ، ڕەنگە دەیان ساڵ بخایەنێت تا دیسان خاوێن بکرێتەوە و بگەڕێتەوە سەر سرووشتی ڕاستەقینەی خۆی. وەک لە سەرەوەش باسم کرد زمانی سەردەست هاوتەریب لەگەڵ وشەکاندا تەنانەت فۆنەتیکی خۆشی بەسەر ئاخافتنی ئێمەدا دەسەپێنێ و

بەمجۆرەیە زمانی کوردی سەرباری لێکترازان لەڕێی هاتنە ناوەوەی پەیڤی جیاوازی زمانە جیاوازەکانەوە، لە ڕووی فۆنەتیکیشەوە بەرەو ئاراستەی جیاواز دەترازێ. بە جۆرێ کە نەتەنیا لەنێو زاراوەکان، بەڵکوو تەنانەت دەتوانێ لە پارچەیەک بۆ پارچەیەکی تر جیاوازی بئاخنێتە نێو زاراوەیەکی دیاریکراوەوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە زمانە سەردەستەکان تەنیا بەهۆی کەرستەکانی خۆیانەوە هەوڵی پەرتکردن و لەتکردنی زمانی کوردی یان هەر زمانێکی بندەستی دیکە نادەن، بەڵکوو دەتوانن لەڕێگەی ئەو پەیڤە بێگانانەش کە هاوردەی دەکەن ئەم کارە ئەنجام بدەن. بۆ وێنە کاتێ لەژێر کاریگەری زمانە سەردەستەکاندا ناوی وڵاتێک بە چەندین ناوی وەکوو "لەهستان، پۆڵۆنیا و پۆلەندا" دێتە ناو پارچەکانی زمانی کوردییەوە، بێگومان ئەمە هەر لە خۆیدا جۆرێ لە هەستی نامۆیی و جیاوازی و دووربوون لەنێو ئەم زمانەدا دروست دەکا. ڕێژەی کاریگەری ئەم دیاردەیە لە هەموو دانووستانێکی دوو کورد لە پارچەی جیاوازدا بە ئاسانی دەبینرێ کە هەر لە تێنەگەیشتنەوە بگرە تاکوو سەرسوڕمان، ڕەخنەگرتن و تەنانەت گاڵتەکردن و پێکەنینیش کاردانەوەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە...

٦- نەبوونی ئالفابێیەکی هاوبەش

ڕاستە بە درێژایی دەیان ساڵ دابەشبوونی کوردستان لە هەموو بوارێکەوە کۆسپێکی ئاستەم و ڕێگرێکی زۆر گەورە بووە لە بەردەم تێکەڵاوی زاراوەکانی زمانی کوردیدا و تا ڕادەیەکی زۆر دەرفەتی دانووستاندنی ئەم زمانەی لەنێوخۆدا لێ سەندووەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە

ڕێگا و ڕەهەندەکانی نزیکبوونەوە و دانووستانی زاراوەکان فراوانتر، بەربڵاوتر و ئازادانەترە لە جاران و مرۆڤی کورد بە ئاسانی دەتوانێ خۆی بگەیێنێتە هەموو زارەکانی ئەم زمانە. ئەمڕۆ زمانی کورد بە پلەی یەکەم لەڕێگەی مەدیاکانی دەنگ و ڕەنگ و بەتایبەتی تەلەڤزیۆنەوە توانیویەتی لە هەموو کات و شوێنێکدا خۆی بگەیێنێتە هەموو ماڵێکی کوردی. وەک نیشانەکان تا ئەمڕۆ دەریدەخەن ئەم مەدیایانە بە جۆرێ لە جۆرەکان توانیویانە وەک درێژکراوە و لە ڕاستای فەرهەنگی زارەکی کوردیدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەبێ لە نزیککردنەوەی شێوەزارەکان و هەروەها نزیککرنەوەی مرۆڤی کورد بە زمانی کوردی. بێگومان هەرچەند بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر، ئەم دەرفەتە لە بواری نووسینیشدا دیسان زیاتر لە سەردەمانی پێشووتر لە بەردەستدایە. بەڵام یەکێ لە گرفتە هەرە گەورەکان لە بەردەم ئەم بوارەدا نەبوونی ئالفابێی هاوبەشی کوردییە. ئەم کەماسییە گەورەیە جگە لەمە کە خۆی هۆکارێکی هەرە گەورەیە بۆ دووبەشکردنی زمانی کوردی، چاوگی هەندێ نارێکی گەورە و بچووکی دیکەشە کە زیاتر لە دووبەشکردن بوونەتە هۆکاری پاشاگەردانییەکی سەیر لەنێو زمانی کوردیدا کە لێرە بە چەند نموونەیەک تەنیا لایەنێکی بچووکی لێ باس دەکەم. لە نەبوونی ئالفابێیەکی هاوبەش و گشتگیر کە هەموو زاراوەکان بگرێتەوە، یەکێ لە دیاردەکان داهێنانی هەندێ تیپی نوێیە کە بەبێ بڕیاری هیچ ناوەندێکی زانستی زمانزانی یان پێشنیاری هیچ ئەنستیتۆ و کۆڕێکی زمانەوانی، تەنیا لە لایەن کەسانێکەوە داتاشراون کە لەوانەیە کەمترین شارەزاییان لە زمانی کوردیدا هەبێ. وەک میناک دەتوانم ئاماژە بکەم بە نیشانەکانی "ڎ" و "ۋ" لە هەورامیدا و

بەکارهێنانی هاوکاتی هێماکانی "ۆ"، "وی" و "یو" بۆ دەنگە کەزاییەکەی شێوەزاری کەلهوڕی. ئەم ناڕێکییە تەنانەت هەندێ جار بە ئالفابێی ئارامیشەوە ناوەستێ و لە لایەن ئەمجۆرە کەسانەوە دەربازی ئالفابێی لاتینیش دەکرێ. وەک میناکێکی دیاریکراو دەتوانم ئاماژە بدەم بە پەڕتووکی "دیوانی مەلای جزیری، وەشانخانەی نەفەل، داڕشتنەوەی عارف زێرەڤان، ساڵی ٢٠٠٤". لەم کتێبەدا کە بەڕاستی لە جۆری خۆیدا داهێنانێکی تێکدەرانەی بێوێنەیە، بەگوێرەی نووسینی پەیڤە عەرەبییەکان لە ئالفابێی عەرەبیدا ڕێک نۆ نیشانەی سەیر و سەمەرەی دیکەی لە ئالفابێی لاتینی زیاد کراوە تا ئەو ڕێکوپێکییە ڕێژەییەی ئەم ئالفابێیەش بە دەردی ئارامی ببات. کورت و کورمانجی، ئەمجۆرە کارانە کە لە شێواندن و پەرتەوازەکردنی زمانی کوردی زیاتر هیچی تر نین، لەڕاستیدا بەرهەم و ئەنجامی نەبوونی ئالفابێیەکی گشتگیری تۆکمە و دانپێدانراون کە تا کاتی دروستنەبوونی، دەتوانن مەترسی لەسەر زمانی کوردی دروست بکەن...

بێگومان ئەوانەی لە سەرەوە باسم کردن و تەنیا بەشێکن لە هۆکارەکانی پەرتەوازەکردن و بڵاوەکردنی زار و بنزارەکانی زمانی کوردی لە یەکتری، تەنانەت ئەگەر سەبارەت بە هەر زمانێکی خاوەن کیانی سیاسی و دەوڵەتیش بێنەئاراوە دەتوانن کاریگەری نەرێنی خۆیان لەسەر ئەو زمانە دابنێن، چی بگات بە زمانێکی وەکوو کوردی کە نە خاوەن کیانێکی سیاسییە، نە دەوڵەتێکی لە پشتە و نەیش هیچ شێوەزارێ وەک ناوەندێکی گشتگیر و هاوبەش نوێنەرایەتی و پشتیوانی لێدەکا. هەر بۆیە جگە لە پاراستنی زمانی ئاخاوتن، دەبێ ئەرک و ڕەفتاری گشت کوردێ سەبارەت بە

زمانی کوردی هەمیشە و هەمیشە ئاراستەی تۆخکردنی هەرچی زیاتری هاوبەشییەکانی ئەم زمانە لەپێش بگرێ.

## پرسی ئالفابێی ئارامی

بێگومان نەبوونی ئالفابێیەکی گشتگیر و هاوبەش بۆ هەموو شێوەزارەکان یەکێکە لە کوڵۆڵییە هەرە گەورەکانی زمانی کوردی کە بە بۆچوونی من هەرچەند داگیربوون هۆکاری هەرە گەورەیەتی، بەڵام پارێکی بەرچاویشی هەر دەکەوێتە ئەستۆی خودی کورد خۆی. ئەمە ڕاستە کە نەبوونی دەوڵەت هۆکارێک بووە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئالفابێ و زاراوەی فەرمی بۆ زمانی کوردی، بەڵام ڕاستییەکی دیکەش هەیە دەبێ دانی پێدا بنێین و ئەویش، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک بەملاوە کورد بە هەبوونی چەندین ئەنستیتۆی زمانی کوردی لە ئاستی جیهاندا، بە دەیان پارتی سیاسی دەستڕۆیشتووی بەهێز، بە دەسەڵاتی باشوور و لەم دواییەشدا دەسەڵاتی ڕۆژاوای کوردستان و بە سامانێکی گەورەی مرۆیی لە ڕۆشنبیران، بەشی ئەوە هێز و دەسەڵاتی هەبووە کە لە بازەیەکی کاتی چەندساڵەدا ئەنجومەنێک لە شارەزایانی هەموو شێوەزارەکان کۆ بکاتەوە کە بە شرۆڤە و شیکاری هەموو ڕەهەندەکان ئالفابێیەکی هاوبەش بۆ هەموو زاراوەکان دەستنیشان بکات تا هەموویان بەرەو پێی ئاراستە بکرێن. هەرچەند بە گەلێ هۆکار ئەم کارە نەکراوە، بەڵام هەرچۆنێ بێت دوو ئالفابێی لاتینی و ئارامی توانیویانە خۆیان وەک بەرسڤی نیازەکانی نووسینی زمانی کوردی دەربخەن و ئەمڕۆ زمانی کوردی بە دوو ئالفابێی تەواو جودا لەیەک خەریکە بەرەو دوو باڵی جیاواز هەنگاو دەنێت. بێگومان وەک زۆرێکی تر لە ئالفابێکان ئەم دووانەش دوور نین لە کەماسی و ناتەواوی. ئەگەرچی کەمتر بیری لێدەکرێتەوە بەڵام تا ڕادەیەک

هۆکارەکەشی دیارە. مرۆڤ وەک دەسکرد و بەشێکی بچووک لە گەردوون لە لایەن خوەزاوە و لە ڕەوتێکی هەزاران ساڵەدا بارگاوی کراوە بە سیستەمێ بەناوی زمان کە هەم سەرەتای دروستبوونی نادیارە، هەم بەردەوام لە گۆڕاندایە و هەم ئاراستە و کۆتایی گۆڕانەکەشی نادیارە. جگە لەمە چەندە ڕەهەندەکانی کاتی و مانایی ئەم زمانە سنوورێکی دیاریکراوی نییە، هەر ئەوەندەش تواناکانی مرۆڤ سنووردارە. هەر بۆیە لە هەر زمانێکدا دروستکردنی ئالفابێیەکی پڕ بەپێست کە بتوانێ سەداسەد ببێتە بەرسڤی نیازەکانی ئەو زمانە بەڕاستی کارێکی نەکا و نەکردەیە. چاوخشاندنێکی خێرا بە ئالفابێی زمانە ئاشناکانی دەوروبەری خۆمان بە ئاسانی ئەم ڕاستییە دەردەخات. بۆ وێنە لە زمانی ئینگلیزیدا بەشێکی زۆری نووسینی پەیڤەکان فڕیان بەسەر بێژەیانەوە نیە. نموونەی نزیکتر زمانەکانی عەرەبی و فارسین کە ئێمەی کورد لە باشوور، ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لانیکەم یەکێکیان دەناسین و لە نزیکەوە ئاشنای کەماسی و ناکۆکییەکانی ئالفابێی بەکارهاتووی ئەم دوو زمانە هەین. بەکورتی هەموو ئالفابێیەکی داڕێژراوی مرۆڤ بە جۆرێ لە جۆرەکان کەموکۆڕی و ناتەواوی هەر تێدا دەبێ و چەندە گەڕان بەدوای ئالفابێیەکی بێ کەماسی و تێروتەسەلدا کارێکی هەڵەیە، بە هەمان ڕادە دۆزینەوەشی کارێکی نەکردەیە. ئەڵبەتە بێگومان ئەم ڕاستییە مانای ئەوە نادات کە کورد دەبێ وەکوو خەڵکی دیکە ئالفابێیەکی پڕکێشە هەڵبژێرێ یان ناچارە لەگەڵ ئالفابێیەکی ناتەواودا هەڵبکات یان بەشوێن ڕاستکردنەوەی کەماسییەکانی ئالفابێکانی بەردەستدا نەگەڕێت. بە هەرحاڵ با بێینە سەر ئالفابێکانی خۆمان. لەڕاستیدا

ئەگەر بمانەوێ دۆخی زمانی کوردی سەبارەت بەم دوو ئالفابێیە وێنا بکەین، ئەوەی لەبەر چاوە دوو شێوەزاری کورمانجی و زازاکی کێشەیەکی هێندە گەورەیان لەگەڵ لاتینیدا نییە، بەڵام کاتێ لەم لاوە سەیری بارودۆخی شێوەزارەکانی دیکە بەدەست ئارامییەوە دەکەین دەبینن کە بەشێکی گەورەی زمانی کوردی سەبارەت بەم ئالفابێیە لە ئاڵۆزییەکی قووڵ و بەرفراواندا دەژی. هەر بۆیە لەم بەشەدا لە سێ ڕەهەندی جوداوە سەیری ئەم ژیانە ئاڵۆزەی زمانی کوردی لەگەڵ ئارامیدا دەکەین. یەکەم، ئاڵۆزییە ناوەکییەکانی خودی ئالفابێی ئارامی، دووەم ئەو پاساو و بۆچوونانەی پشتگیری لێدەکەن و سێیەم، لێکۆڵینەوە لە بوون یان نەبوونی ئەم ئالفابێیە وەک ئالفابێیەکی تۆکمە بۆ ئەم زمانە.

١- ئاڵۆزییەکانی ئالفابێی ئارامی

بێگومان هەر سازە و سازمانێک بەردەوام دەستت پێیەوە بوو، بەردەوام پینە و پەڕۆ کرا و بەردەوام ڕەخنەی لەسەر بوو، بە ئەگەرێکی زۆر کەماسییەکی جەوهەری تێدایە. کاتێ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی کەمتر لە سەدەیەکی ئالفابێی ئارامی دەشۆپێنین بە ئاشکرا دەبینین کە ئەم ئالفابێیە هەم لە ڕووی تیپەکانەوە و هەم لە باری ڕێنووسەوە تا ئەم ساتەوەختەش لە گۆڕانێکی بەردەوامدا دەگەوزێتەوە. بە مانایەکی دیکە ئەم بەردەوام دەسکاریکردنە نیشانەی هەبوونی کێشەیەکی بنەڕەتی و ئاڵۆزییەکی سەرەکییە لەم ئالفابێیەدا. من هیچ گومانێکم نییە ئەوەی کورد بووبێ و دووسێ کتێبی بەم ئالفابێیە خوێندبێتەوە مسۆگەر تووشی کێشەیەک لە

کێشەکانی ئەم ئالفابێیە و ڕێنووسەکەشی بووەتەوە. لەڕاستیدا دەکرا شارەزایانی زمان کتێبی گەورەیان لەسەر ناکۆکییەکانی ئەم ئالفابێیە بنووسیبایە. لێرەدا هەر بۆ ئەوەی لە دەروەچێکی بچووکەوە لە جیهانی ئاڵۆزی ئەم ئالفابێیە بڕوانین و تۆزێ لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی وەبیرمان بێتەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەکی کورت دەکەم. نموونەیەک بریتییە لە دژوازی دەنگ و ڕەنگی "و" و "وو" لە شوێنی جیاوازدا. بۆ وێنە ئەگەر "وو" هێمایە بۆ ئەو دەنگەی کە لە وشەی "ژوور"دا هەیە، بۆچی بۆ هەمان دەنگ لە وشەی وەکوو "دەنگوباس"دا، یان لە کەوتنەنێو دوو پەیڤی وەکوو "من و ئەو"دا وەک خۆی دەرناکەوێتەوە؟!. لە نموونەیەکی دیکەدا، بۆچی لە دوو پەیڤی "ئازاد" و "ڕۆژاوا" دا یەک دەنگ بووەتە خاوەن دوو هێمای جیاوازی "ئا" و "ا"، لەحاڵێکدا هەموو شارەزایەکی زمانی کوردی کە دەم دەکاتەوە لە پەسنی ئالفابێکەیدا دەڵێت کوردی چۆن دەگوترێ هەرواش دەنووسرێ و هەر تیپێکی زمانی کوردی دەنگێکە و تەواو. با لەمە گەڕێین، گەلۆ بۆچی لە داناسینی ئالفابێی ئارامیدا کەس نیشانەی "ا" وەک یەکێ لە تیپەکان دانانێ، لەحاڵێکدا لە زۆر وشەدا هێماکەری یەک دەنگی تەواوە؟!... . ئەم ئاڵۆزییانە چەندین جار زیاتر دەبن کاتێ کە ڕێنووس دێتە کایەوە و دەیەوێ پینەیان بکات. لە زۆر شوێنی ڕێنووسدا خودی یاسای نەنووسراوی "چۆنی دەڵێی وەهاش بینووسە" کە خۆشی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئارامیدا ناگونجێ، هەر لەم ئالفابێیەدا پێشێل دەکرێ. بۆ وێنە لە ڕستەی "منداڵی ئێمە منداڵیی ناکات"دا کە ئەمڕۆ وا دەنووسرێ، ئەو دوو واژەیە کە "منداڵ"یان تێدایە و دوو مانای جیاوازیان هەیە، بە یەک بێژە

و بە جیاوازییەکی زۆر کەم لە ئاهەنگی ئەداکردنی دەنگی "ا"دا دەردەکەون کە هیچ پێویستی بە جیاکردنەوەیان نەبوو تا ئەم داهێنانە سەیرەی بۆ بتاشن. جیا لەمەش دیار نییە ئەگەر جیاوازی لە "ا"دا ڕوودەدات، بۆچی دەبێ دەسکاری لە "ی"دا بکرێ؟!. شتێکی تر، ئەگەر ئەم "منداڵیی"یە هی "ئەوان" بێ، دەبێ وەک "منداڵییان" بنووسرێ، ئەدی بۆچی لەم ڕێنووسەدا لێی دەقرتێنن و دوبارە ئەو ونکراوەی کە لە ڕستەکەی پێشدا بە هێنانی "یی" گەڕاوەتەوە دیسانەوە شوێنبزر دەکرێتەوە؟!. بەم پێوەرە ئەگەر ئەم "منداڵیی"یە هی "ئەو" بێ، دەبێ بنووسرێ "منداڵییی"، کەچێ لێرەشدا داهێنەران دیسانەوە لێی دەبڕنەوە و یان دەیکەن بە "منداڵی" کە دەچێتەوە ڕوخساری پەیڤی یەکەمی ڕستەکە و ئەویش نییە، یان دەیکەن بە "منداڵیی" کە دەچێتەوە شێوەی پەیڤی دووەمی ڕستەکە و ئەویش نییە!!. بە داوای لێبوردنەوە من دڵنیام مێشکی خوێنەری بەڕێز لە قسەکانی منیش تێکچووە چی بگات بەوەی بچێتە ناخی پرسگرێکەکەوە.

بە هەرحاڵ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کۆی ئەم داهێنانە سەیرانە کە زۆر زۆر گەورەترە لەم میناکە بچووکانەی لێرە هێنامەوە، ئەنجامی ناشارەزایی و پاشاگەردانییەکی گەورەی زمانەوانییە لە باشووری کوردستان کە شان لە شانی ناشارەزایی و پاشاگەردانی سیاسی ئەم پارچەیە دەدات و جیاش نییە لێی. بەڵام بە لایەکی تریشدا بە هەمان ڕێژە گوزارەیە لە ئاڵۆزییەکی زۆر زۆر گەورە لە ناخی ئالفابێ و ڕێنووسی ئارامیدا. ئاڵۆزییەک کە زمانی کوردی لەژێر سێبەریدا ژیانێکی نائارام دەژیت و هەر بۆیە یان دەبێ بە تەواوەتی وەلا بنرێ، یان لەڕێی دروستکردنی کارگەکانی زمان و چەندین ساڵ کارکردنی

شارەزایان و پسپۆڕانی هەموو شێوەزارەکان تێیدا پێکەوە سەرڕاست بکرێتەوە. ئەڵبەتە من بەش بە حاڵی خۆم زیاتر لەوەی بەگومان بم کەسانێک هەن دەتوانن ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، بەگومانم لەوەی کە ئەم ئالفابێیە خۆی ئامادەگی ساقبوونەوەی تێدا هەبێت.

٢- بۆچوونەکانی لایەنگری ئالفابێی ئارامی

بێگومان لە نەبوونی دەسەڵاتێکی بڕیاردەر و یەکلاکەردا هەموو کەسێ دەتوانێ مافی ئەوە بە خۆی بدات کە لەسەر پرسگرێکی ئالفابێ بیروبۆچوونی خۆی دەرببڕێ، بەڵام ئاشکرایە کە بۆچوونی کەسانی بەناوبانگ لەم بوارەدا هەم دەکرێ کاریگەرتر و هەمیش دەبێ برژاوتر و گونجاوتر و لۆژیکیتر بن. مخابن تا ئەو شوێنەی کە من سەرنجم دابێ و گوێم لێ بووبێ زۆربەی هەرە زۆری شرۆڤە و بۆچوون و تێڕوانینەکانی تا ئێستای لایەنگرانی ئالفابێی ئارامی بە ڕێژەیەک کرچوکاڵی و توێژاڵی و نالۆژیکبوونیان پێوە دیارە کە نیشانی دەدەن ئەم شرۆڤە و بۆچوونانە ناپسپۆڕانە و ناشارەزایانەن بەو مانایەی کە نەتەنیا پێناسەی ئالفابێ وەک "کۆمەڵێ نیشانە و هێمای نووسراوەیی بۆ سیستەمی دەنگی زمان" بە هەند وەرناگرن، بەڵکوو دەیبەستنەوە بە کۆمەڵێ شتی ناپەیوەندیدار و لاوەکیشەوە. بە گوتنێکی تر ئەم بۆچوونانە کە لە درێژەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم، لەباتی ئەوەی گرنگترین پێوەری شیاوبوونی ئالفابێ لە بەرچاو بگرن کە بریتییە لەمەی کە "چەندە مەبەست و نیازە دەنگییەکانی

زمانەکە بەجێدێنێ و بەراوردەی دەکا"، شتگەلێکی لاوەکی و ناپەیوەندیدار دەکەن بە پێوەری شایستەگی ئالفابێ.

بۆ وێنە یەکێ لە پێوەرەکان بەستنەوەی ئالفابێیە بە فەرهەنگی ئیسلام یان ڕۆژاواوە. لایەنێ دەڵێن گوایە ئەمە ئالفابێی ئیسلام و قورئانە و ئێمەش وەکوو گەلێکی موسڵمان پێویستە هەڵیبژێرین. لەم تێڕوانینەدا جۆرێ لە پیرۆزی بە ئالفابێی ئارامی دەدرێت و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە پێوەرێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسلام دادەنرێت. جگە لەوەی کە هەموو بەپیرۆز زانینێکی ڕەها نالۆژیکییەکی گەورەشی تێدایە، گەلێ ئاماژەی سادەش هەن کە نادروستی ئەم تێڕوانینە دەسەلمێنن. با دوور نەچین، لە نزیک ئێمە تورکەکان ئالفافێیان ئارامی نییە و خۆیانیش بە موسڵمان دەزانن و تەنانەت بەرهەمهێنەری بەشێ لە توندڕەوی ئیسلامیشن. یان گەلانێکی وەک ئەندۆنیزیا و مالیزیا هەن کە لە زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوین موسڵمانترن و کەچی ئالفابێشیان ئارامی نییە. ئەڵبەتە ئەم ڕوانگە هەڵەیە بە جۆرێ لە جۆرەکان لەلای هەندێ لە لایەنگریانی ئالفابێی لاتینیش بەدی دەکرێ کە وەک نزیکبوونەوە لە ڕۆژاوا و وڵاتانی پێشکەوتوو دەیبینن. بێگومان نزیکبوونەوە نە لەڕێگەی ئالفابێ، بەڵکوو لەڕێی خودی زمانەوە دێتەئاراوە و لەم ڕێگایەدا ئالفابێ هیچ نییە جگە لە وێناکردنی زمان لە ڕواڵەتی هەندێ نیشانەدا. بۆ وێنە تورکەکان بە هیوای نزیکبوونەوە لە شارستانییەتی پێشکەوتووی ئەورۆپییەکان ئالفابێی خۆیان گۆڕی بۆ لاتینی، کەچی نە ئەمان توانییان نەریتی دواکەوتووی خۆیان بگۆڕن بە ئەورۆپی و نە ئەوانیش بە ئەورۆپی وەریانگرتن. ئەم بۆچوون و تێڕوانینە کە

سەرەڕای نالۆژیکبوونی هەر هیچ نەبێ تۆزێ بیرکردنەوەی تێدا هەیە، لەبەر ئەوە وەکوو دەسپێکی نموونەکان هێناومەوتەوە تا ببینین کە بۆچوونەکانی دیکە تا چەند ساویلکانە و خاڵین لە بیرکردنەوە، چی بگات بەوەی باس لە دروستی و نادروستییان بکرێت. من کەسانێکی ناودارم بیستووە کە لە بەرسڤی ئەمەی "بۆچی ئالفابێی ئارامی بۆ زمانی کوردی شیاوتر و گونجاوترە؟"، تەنیا ئەم هەستە پەتییەی خۆیان وەک پاڵپشت هێناوەتەوە کە گوایە بەهۆی ئەوەی پیتەکان لە ئارامیدا پێکەوە دەلکێن، ئەم ئالفابێیە زیاتر بۆ خۆشنووسی دەشێ و لە نووسیندا لە لاتینی جوانتر دەردەکەوێ. من لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تووشی تێڕوانینی زۆر سەیرتر و ڕێک پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش هاتووم کە پێیان وابووە نابێ بۆ وێنە پەیڤی "کورد" وەکوو "کـــــورد" بنووسرێ و ئەم کارە دەکەوێتە خانەی جوانکردنی زمانێکی وەکوو عەرەبی و فارسی!. جگە لە لایەنە خۆشنووسییەکە ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە بۆ هەر تیپێکی ئەم ئالفابێیە کۆدێکی دیاریکراوی تایبەت جێگیر بکەین کە لەگەڵ ئەم سەردەمی دیجیتاڵەدا بگونجێ. ڕەنگە زۆر کەس ئەمە بە شتێکی لاوەکی و ناگرنگ بزانن، بەڵام دوای زیادکردنی کوردی سۆرانی بۆ سیستەمی وەرگێڕانی گووگڵ ترانسلەیت باندۆری نەرێنی ئەم گرفتە یەکسەر دەرکەوت. لە نموونەیەکی تردا دەڵێن سێ بەشی کوردستان بەهۆی فارسی و عەرەبییەوە لەگەڵ ئارامیدا ئاشنان، کەچی ئەمە لە بەرچاو ناگرن کە هەر چوار بەشی کوردستان بە هەمان ڕادە لەگەڵ ئالفابێی ئینگلیزیشدا ئاشنان کە زۆرینەی تیپەکانی لاتینی لە خۆ دەگرێ. کەسانێکیش هەن کە وەک ئەوەی

هیچ ئاگایان لە دەیان بەرنامەی چۆن ئۆفیس نەبێ کە دەتوانن بە چەند کرتەیەک تەواوی تیپەکانی کتێبێک بگۆڕن بە هەر تیپێکی دڵخوازی دیکە، دەڵێن ئەم هەموو کتێبەی کە بە ئارامی نووسراون چۆن بکرێن بە لاتینی؟!. ئەم کەسانە ئاگاشیان لەوە نیە کە تەنانەت لە سەردەمی پێش تەکنۆلۆژی کامپیۆتەریش ئەم ڕێبازە تاقی کراوەتەوە و گەلانێک لە پرۆسەیەکی چەند ساڵیدا هەموو سامانی نووسراوەی خۆیان لە ئالفابێیەکەوە گواستووەتەوە بۆ یەکێکی دیکە. من بۆچوونی سەیرتری دیکەشم بینیووە. بۆ وێنە خوێندوومەتەوە کە گوایە فڵانە سەرکردە بە سۆرانی و بە ئارامی نامەی بۆ ئەم و ئەو نووسیوە یان لە دیمانەکاندا بە سۆرانی ئاخڤیوە، کە واتە ئەمە ئاماژەیە بۆ گەورەیی و فەرمییەتی سۆرانی و ئارامی. هەندێ کەس دەڵێن شاکارەکانی وەکوو مەم و زین بەم ئالفابێیە نووسراوە، یان شاکاری گەورەی ئەدەبی کوردی بەم ئالفابێیە بەرهەم هاتوون، کەچی بیر ناکەنەوە کە شاکار بە زمان دەخوڵقێ نەک بە ئالفابێ. پاساوێکی تر ئەمەیە کە گوایە لاتینی لەژێر کاریگەری تورکدا بووە بە ڕیشی کوردیشەوە. لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە هەر ئەوەندە سووک و بێمانایە کە کەسێ بۆ وێنە بڵێی چۆن فڵانکەس یەکەمجار دووکانی داناوە، ئیتر نابێ منیش دایبنێم!...

بەکورتی بۆچوون و پاساوەکانی لەم شێوازە کە نموونەکانی سەرەوە تەنیا بەشێکن لێیان، هەموویان لە یەک تایبەتمەندیدا هاوبەشن کە ئەویش بریتییە لە گرێدانی چارەنووسی زمانی کوردی بە هەندێ مژارەوە کە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ناخ و ناوەڕۆکی زمانەکەوە نییە. ناشێ ئەمەش بشارینەوە کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم بۆچوونە سەیرانە بە پلەی یەکەم

باشووری کوردستانە کە خودی مامەڵەی شەقام و دەسەڵاتی ئەم پارچەیە لەگەڵ ئالفابێی ئارامیدا خۆی وێنایەکی ڕاستەقینەیە لە نادروستی بیرکردنەوە و ناڕاستی هەڵسوکەوتی ئەم پارچەیە لەمەڕ زمانی کوردی.

٣- ئارامی لە نێوان "بوون" و "نەبوون"دا

دوای ئەو دو تێبینییەی پێشوو لەبارەی ئاڵۆزییەکان و پاساوەکانی بەکارهێنانی ئالفابێی ئارامی، لەم بەشەدا با تۆزێ بیر لەمە بکەینەوە کە ئایا ئەم ئالفابێیە بەڕاست بوونی هەیە یان وەهمێکە تووشی زمانی کوردی کراوە؟!. بە گوتنێکی دی ئایا هەبوونی ئەم ئالفابێیە بەو مانایەی کە هەموو بەکارهێنەرەکانی دان بە سەروەریدا بنێن، ڕەچاوی یاساکانی بکەن، ڕێزی ڕێنووسەکەی بگرن، کێشەیان لەگەڵیدا نەبێ و خەمی پاراستنی بخۆن، هەبوونێکی جەوهەری و سەداسەدە؟!... . ئێمە دەزانین کە ئالفابێ وەک کۆمەڵێکی دیاریکراو لە هێما و نیشانەی دەستکرد بۆ وێناکردنی دەنگەکانی زمان بە جۆرێ لە جۆرەکان پەیمانێکی جڤاکییە. گرنگترین و سەرەتاییترین تایبەتمەندی هەموو پەیمانێکی جڤاکی بریتییە لەمەی کە تێکڕای کۆمەڵگا بیپەژرینێ و دانی پێدا بنێ. کە واتە ئالفابێش وەک هەر پەیمانێکی جڤاکی دیکە تا وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر خۆی بەسەر جڤاکدا نەچەسپێنێ و هەموو جڤاک نەبێتە خاوەن ڕێزی هاوبەش بۆی، ناتوانێ وەک ئالفابێی هەمووان خۆی پێناسە بکات. لێرەدا سەربەست لە باس و خواستی گونجاوی و نەگونجاوی، تەواوی و ناتەواوی، یان باشی و خراپی، پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە کە ئالفابێی ئارامی

تا چەندە توانیویەتی ئەم ڕێز و ڕەوایەتییە جڤاکییە بۆ خۆی دەستەبەر بکات؟!. دیسان وەک تا ئێستا هاتووین با بە هەندێ میناکی تری بەردەست لەم مەراقە بڕوانین. لەڕاستیدا نارێکییەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم ئالفابێیە و وێناکانی نەپەژراندن و گوێنەدان پێی لە لایەن جڤاکی کوردییەوە هێندە ئاسایی و هێندە بەربڵاو و هێندەش ئاشکرایە کە پێویست ناکا لە شوێنێکی تایبەتدا بۆیان بگەڕێین. لە باشوور، لە ڕۆژهەڵات، لەنێو ڕۆژنامە و کۆڤار و کتێبەکان، لە تەلەڤزیۆن و ماڵپەڕەکان، لە تابلۆکانی سەرشەقام، لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەی دەسەڵاتی باشوور، لە بەرهەمی گەورە نووسەرانی کورد و... هتد، هەموو ئەمانە دەتوانن ناونیشانی بێڕێزی، قەبوولنەکردن، سووکایەتی پێکردن، گاڵتەپێکردن و بنپێکردنی ئەم ئالفابێیە بن. بەکورتی ڕەنگە تاقە چینێک بە نەرێنی دەستی بۆ ئەم ئالفابێیە نەبردبێ و هەتکی نەکردبێ چینی نەخوێندەوارانی کوردی بێ. با وێنەکە لە نزیکترەوە ببینین. لە سەر شاشەی هەواڵەکان هێمای "سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان" دەردەکەوێ، کەچی لە ژێرنووسی هەواڵەکەدا نووسراوە "سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان...". دوو تەلەڤزیۆن هاوکات باسی بارودۆخی ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی باشوور دەکەن، بەڵام لەسەر شاشەی ئەمیان نووسراوە "کەرکوک" و ئەوەی تریان دەنووسێ "کەرکووک" تا ئەم شارە کوڵۆڵە لە نووسینیشدا دووبەرەکی تێکەوتبێ. لەڕاستیدا بەکارهێنانی هەڕەمەکی تیپەکانی "و"، "وو"، "ۆ" ڕەنگە سەری لە خودی داهێنەرانی ئەم تیپانەش شێواندبێ. لە پەیامێکی بازرگانیدا گۆرانیبێژ بە تام و بۆنی چایەکدا هەڵدەڵێ و دیسان

نووسراوەیەک دەردەکەوێ: "لەگەڵ چای إحسان". هەرچی سەیری ئالفابێی کوردیش دەکەی تیپێ لەشێوەی "إ"ی تێدا بەدی ناکرێ. کە دەچیتە ژووری فەرمانبەرێکی حکومی(بەڕاستی نازانم کامەیان بنووسم، حکومی حکومیی، حکوومیی، حکوومی؟!)، تابلۆیەک لە پشتییەوە نووسراوە "هەڵۆ ضیا عبدالصمد". مرۆڤ وادەزانێ رێی کەوتووەتە فەرمانگەیەکی وڵاتێکی عەرەبی و ئەو وشەی "هەڵۆ"یەش تەنیا هەڵەیەکی نووسینە. دەتەوێ دیوانێکی شیعری بکەیتەوە لەسەر ڕووبەرگی دیوانەکە نووسراوە: دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکدانەوە و... "مەلا عبدالکریمی مدرس" کە دیسان مرۆڤ وا دەزانی "مەلا"ی کورد بە هەڵە کەوتووەتە وڵاتێکی عەرەبییەوە. کە دیوانێکی دیکەی کلاسیکی دەکەیتەوە و بە شوێن شیعرێکدا دەگەڕێی، لە پێڕستی شیعرەکانیدا تیپی سەیر و سەمەرە دەبینرێن لە شێوەی " ذ ، ص ، ض ، ث، ظ ، ط،..." کە وا دەکەن مرۆڤێ تازە خەریکە تیپەکانی زمانی کوردی فێردەبێ بەڕاستی بکەوێتە گومانەوە ئەمە دیوانێکی شێعری کوردییە یان هی زمانێکی ترە. هەتا دوێنێ دەیانگوت ئەگەر "ڕ" لە دەسپێکی وشەدا بێ، نیازی نییە ئەو هەفتە لە ژێریدا بنووسرێ کەچی ئێستا دەڵێن نا هەر دەبێ بە شێوەی خۆی وەک "ڕ" بنووسرێتەوە. بەڵام لەم لاوە سەیر دەکەی تەلەڤزیۆن هەیە کە هەر قەوانە کۆنەکە لێدەدا و لەسەر ڕێبازە پێشووەکەی بەردەوام دەکا. چاو لەم دەکەی خەریکی "ڕووماڵ" کردنی ڕووداوەکانە، بۆ شاشەکەی دی دەیگۆڕی خەریکی گواستنەوەی "رووداو" ەکانە. سەرباری ئەمانە وەک لە بەشێکی پێشووتریشدا ئاماژەم پێداوە هەندێ جار برێ هێمای نامۆی سەیر وەکوو

"ڎ" و "ڐ" لە نووسراوەی هەورامی و "ڨ" لە کەلهوڕیدا دەردەکەون کە نە بە فەرمی وەردەگیرێن، نە دەکەونە بەر ڕەخنەیەکی ڕاستەقینە و بەکورتی هەم بەشێکن لە ئالفابێی ئارامی و هەمیش بەشێک نین لێی... . ئەو نموونانەی سەرەوە یەک و دووان و سیان نین کە بە هەڵەی نووسین، کەمتەرخەمی، نەخوێندەواری، یان هەر شتێکی دیکە پاساو بدرێنەوە، بەڵکوو دیاردەی ڕۆژانەی ژیانی ئالفابێیەکن بەناوی ئارامی. لە کەسانی ئاسایی کەمخوەندە بگرە هەتاکوو مامۆستایانی زانکۆ، لە بەڵگەکانی مۆڵەت وەرگرتنی فەرمانبەری فەرمانگەی شارەدێیەک هەتا ڕاسپاردەکانی وەزارەتی پەروەردە، لەم نووسینەی منێ کە پەروەردەیەکی فەرمیم بە زمانی کوردی نەبینیوە، تا پەیامە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتمەداران، لە دیوان و ڕۆمانەکانی گەورە نووسەرانی کورد هەتا فەرمان و پەیامەکانی سەرۆکایەتی هەریمی باشوور و ئەنجومەنی وەزیران، لە لافیتەی بەرز ڕاگرتنی بۆنەکان تا تابلۆی سەر شەقامەکان، لە لێنووسی ڕاهێنانی خوێندکارێکی ئامادەیی هەولێری هەتاکوو گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی کە لەم لاوە تامەزرۆیی زمانی دایک خەریکە دەیخنکێنی و لەو لاشەوە بشێوی دێڕەکانی کتێبێک کە بە هەزار بەدبەختی دەستی کەوتووە خەریکە دەیتاسێنێ، ناتوانین دەمی هیچکام لەمانە لە گاڵتەکردن بەم ئالفابێیە بسڕینەوە...

بەکورتی ئەمە ڕاسەڵەی دۆخی زمانێکە کە پێی وایە خاوەن یاسای ڕێنووس و ئالفابێیە، بەڵام ئەم یاسایە لە هەر ساتەوەختێک و لە هەموو شوێنێ، جگە لە نەخوێندەوارانی، هەموو کەسێ ڕۆژانە نە یاساکانی، بەڵکوو

خۆشیَ ژێرپێ دەنێن و نەزانستە یان زانستە و بەئەنقەست دەیشێوێنن. بەجۆرێ کە دەتوانین بڵێین ئەم ئالفابێیە لە سەرلێشێواوی و پاشاگەردانییەکی ڕاستەقینەدا دەژی. ئەمڕۆ دوای زیادکردنی کوردی سۆرانی لە گووگڵ ترانسلەیت دەتوانین وێنایەکی کەمی ئەم پاشاگەردانییە لەوێدا ببینین. لە کۆتاییدا با جارێکی تر سەیرێکی دوبارەی وێناکە بکەین و لە خۆمان بپرسین: "ئایا لە زمانی کوردیدا یاسا یان پەیمانێک بەناوی ئالفابێی ئارامی هەیە؟!...

## له "هاوبەشکردنی زارەکان"ەوە بەرەو "شێوەزاری هاوبەش"

وەک لە بەشەکانی پێشتریشدا ئاماژەی پێکرا لە جیهانی ئەمڕۆدا چەندە لەسەر فەرمیکردنی زمان بەتایبەتی و هەڵبژاردنی ئالفابێ بەگشتی شیکاری و شرۆڤە بکرێ، لە کۆتاییدا ڕاگەیاندن و چەسپاندن و پشتیوانیکردنی زمان و ئالفابێی فەرمی گرێدراوی دەسەڵاتێکە کە خۆی بە نوێنەری ئەو زمانە و زمانەکەش بە هێماکەری خۆی بزانێ. ئەم دەسەڵاتەش تا ئێستا زیاتر لە هێمای دەوڵەتدا دەرکەوتووە و فەرمییەتی زمان زیاتر لە هەر شتێکی دیکە گرێدراوی دەوڵەتێک بووە کە نوێنەرایەتی هەموو یان زۆرینەی ئاخێوەرانی ئەو زمانە بکات یان دەسەڵاتی بە سەریانەوە هەبێ. ئەو دەسەڵاتەش کە لە باشوور هەیە و دەیتوانی تا ئەندازەیەک بە ئاراستەی فەرمییەتی زارێک لە زارەکانی کوردی هەنگاوی گەورە و گرنگ بنێت، هەم نیشانی داوە کە نە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم زمانەیە و هەمیش نە تەواوی کورد وەک لێڤەگەرێکی ناوەندی و خاوەن شیایی و هێزایی لێی دەڕوانن تا هەنگاوێکی گەورە و بەباندۆری وەهای لێ قەبوول بکەن. لەم سۆنگەیەوە بەو مانا باوەی کە فەرمیکردن پەیوەستە بە هەبوونی دەوڵەتەوە، بۆ گەلێکی وەک کورد لە دۆخی بێ دەوڵەتیدا هەوڵدان بۆ بەفەرمی ناساندنی شێوەزار و ئالفابێیەکی دیاریکراو نەتەنیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کارێکی نامۆیە، بەڵکوو لەژێر بارودۆخی داگیربووندا تەنانەت کارێکی نەکردەشە و جگە لە وێڵبوون بە شوێن ونکراوێکی دوورەدەستدا هیچێکی تر نییە. بە گوتنێکی دی کە تۆ ئالفابێیەکی هاوبەشت نەبێ، دەوڵەتێکت نەبێ کە فەرمییەت بەسەر هەموو وڵاتدا پەیڕەو بکا و سیستەمێکی پەروەردەت نەبێ کە ئەم زمانە

فەرمییە بە تەواوی خەڵک بداتە فێرکردن، بەڕاستی باسکردن لە زمانی فەرمی ئیتر مانای چی؟... . کە واتە لەم دۆخەدا دەبێ ڕێگایەکی تر بدۆزرێتەوە خوەسەر لە چەمکی باو و کلاسیکی دەسەڵات و دەوڵەت. بە ڕای من باشترین و ڕەنگە تاقە بژاردەی کورد بۆ ئەم بارودۆخە ئەمەیە کە لەجیاتی گەڕان بەشوێن چەمکی زمانی فەرمیدا، هەنگاوەکانی بگۆڕێ بۆ "هاوبەشکردنی زاراوەکان و ئەگەریش لوا، لەوێوە بەرەو بەرجەستەکردنی یەکێکیان وەک شێوەزاری هاوبەش". ئەوەی کە ئەم هەنگاوانە چۆن هەڵبگیرێن و چۆن ئاراستە بکرێن مژاری ئەم بەشەی باسەکەمانە. بەڵام پێش ئەم باسە پێویستە ئاماژە بکەین کە بێگومان باسکردن لە زاری هاوبەش و هاوبەشکردنی شێوەزارەکان هیچ ڕێگا لەمە ناگرێ کە باسکردن لە چەمکی فەرمییەتی زمان هەر بە کراوەیی بمێنێتەوە و وەک باسێکی هەمیشە گرنگ بەردەوام بکەوێتە بەر شرۆڤە و شیکاری. ئەڵبەتە نە بەم ڕێبازەی تا ئێستا هاتووە، چۆنکە زۆرترین باس و خواست و هەنگاوەکانی کورد سەبارەت بە زمانی فەرمی کوردی هەمیشە لە ئاستی هەندێ ئاوات و بۆچوونی هەڵەدا بووە کە بە زۆری لە دەوری گوزارەی وەکوو "ئێمە زمانی فەرمیمان نییە!" یان پرسیاری وەکوو "کامە شێوەزار، یان کام ئالفابێ ببێتە زمان و ئالفابێی فەرمی بۆ زمانی کوردی؟" کۆ بوونەتەوە. لەڕاستیدا گوزارەی یەکەم زیاتر لە هەر شتێکی دیکە گوزارە بووە لە حەسرەتی شتیکی لەدەست دراو و گلەییکردن لە دۆخی بێ زمانی و ستەمی زمانە سەردەستەکان. زۆرجاریش پاساوهێنانەوە بووە بۆ ناتەواوی و کەماسییەکانی کورد لە بواری زماندا. هەرچی گوزارەپرسی دووەمیشە بە

هەمان ڕادە کە لێگەڕین بووە بۆ ونکراوێکی گرنگ لە زنجیرەی ڕەگەزەکانی نەتەوییبوون، ڕکابەرییەکی شاراوەش بووە لەنێوان شێوەزارەکاندا و بەتایبەت لەنێوان سۆرانی و کورمانجیدا، بە هەمان شێوە خۆ دزینەوەی مرۆڤی کوردیش بووە لە دەروونیکردنی زمانی کوردی وەک زمانی خۆی بە هەموو زاراوەکانییەوە.

بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان کە ڕێباز و ڕێکارەکانی هەنگاونانە بەرەو هاوبەشکردنی شێوەزارەکان بە شێوازی زارەکی و هاوکات بەرجەستەکردنی زارێکی هاوبەش لە نێویاندا. بەڵام ئەمە چۆن دەکرێ؟. بێگومان لە نەبوونی دەسەڵات و دەوڵەتێکدا کە هۆکاری یەکەمی دەستنەدانی فەرمیکردنی شێوەزارێکە بەسەر کیانی فەرهەنگی کوردیدا و هەروەها لە نەبوونی ئالفابێیەکی گشتگیر کە ئەویش هۆکاری سەرەکییە بۆ نەبوونی ڕووبەرێکی گشتگیری خوێندن و نووسین، لەم سەردەمەدا کاری هەرە ئاسان و کردەنی بریتییە لە هاوبەشکردنی زاراوەکان، ئەویش لەڕێی ئاخافتنی زارەکییەوە وەک تاقە ڕێگای بەردەست. لێرەدا کاتێ دەستەواژەی "هاوبەشکردنی زارەکی" بەکار دێنم بەتایبەتی مەبەستمە لەسەر دوو واژەی ئاخافتن و هاوبەشکردن پێ دابگرم. گرنگی ئاخافتن بۆ ئێمە وەختێ زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین لەژێر ستەمی داگیرکاریدا تا ئەم ساتەوەختەش هێشتا خوێندن و نووسینی کوردی دەرگای تەواوەتی لێ نەکراوەتەوە و هێشتا داگیرکەران و بەتایبەتی دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لە دوو بەشی مەزنی کوردستان بەتوندی ڕووبەڕووی دەبنەوە. دوای ئەمە، تەنانەت لە ئەگەری ئازادبوونیشدا چەندین ساڵی پێویستە تا مرۆڤی کورد

لەژێر باندۆری زمانە سەردەستەکان دەربچێ و بتوانێ نووسین و خوێندنی زمانەکەی خۆی فێر ببێ، چی بگات بەوەی لە ئەم بارودۆخی داگیربوونەدا بە خوێندن و نووسینی زارەکەی خۆی ڕابێ. میناکی هەرە نالەباری ئەم ڕاستییە جۆری مامەڵەکردنی خەڵکی باشووری کوردستانە لەگەڵ زمانی کوردیدا. لە لایەکی دیکەشەوە نابێ فەرامۆش بکەین کە هەزاران ساڵە ئێمەی کورد فەرهەنگێکی تۆخ و نەریتێکی پڕڕەنگی زارەکی دەژین و هەر بۆیەش زارەکیبوون دەتوانێ قەرەبووی بەشێکی گەورەی نەبوونی دەرفەتی خوێندن و نووسینمان بۆ بکاتەوە. لەڕاستیشدا ئەگەر نووسین هۆکاری یەکەمی گەشەکردنی زمان بێت لە ناوەڕۆکدا، بێگومان بیستن و ئاخاوتن هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی دیمۆگرافی زمانە. بە مانایەکی تر زمان هەرچی لە پانتاییەکی زارەکی گەورەتردا دانووستاندنی پێ بکرێ، سنوورەکانی دیمۆگرافی ئەو زمانە بەرینتر دەبێتەوە. یەکێ لە ئاماژە هەر گرنگەکان کە نیشان دەدا هاوبەشکردنی زاراوەکان بە شێوەی زارەکی هەم کارێکی کردەنییە و هەمیش دەتوانێ باندۆری گەورەی هەبێ لە ئاشناکردنی خەڵکی کورد بە زاراوەکانی تر، هونەری گۆرانییە. لەڕاستیدا ئەم هونەرە کە خۆی لە قووڵایی فەرهەنگی زارەکی ئێمەوە هەڵدەقوڵێ، لەنێو هەموو بوارەکانی فەرهەنگ و ئەدەب و ڕۆشنبیریدا یەکەمین پێشەنگی هاوبەشکردنی شێوەزارەکان بووە. هەر لە مەقامە هەورامییەکەی حەسەن زیرەکەوە بگرە کە تەنیا دوو دێڕە تاکو ئەمڕۆ هونەری گۆرانی هەمیشە پێشەنگی سڕینەوەی سنووری نێوان شێوەزارەکان و نزیککردنەوەیان بووە، بە جۆرێ کە زۆرێک لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ ئەگەر تەنانەت بە یەک

گۆرانیش بووبێ، بە دووسێ شێوەزار گۆرانییان چڕیوە. کە واتە هونەری گۆرانی لە هەرە پێشەنگەکانی بواری هاوبەشکردنی زاراوەکانە.

من کاتێ باسی هاوبەشکردنی زاراوەکان دەکەم، بەردەوام چاوێکم لە چەمکی فەرمییەتی زمانە. ئێمە دەزانین کە بەهێزترین و گشتگیرترین و کاریگەرترین دەزگا لە بواری نزیککردنەوە و هاوبەشکردنی زارەکی شێوەزارەکاندا هەمان میدیای زارەکی، واتە میدیای بیستراو و بەتایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا میدیای بینراوە. لە کۆتاکانی سەدەی بیست بەرەو ئەملاوە ئەم دەزگایە بەشی ئەوە توانا و دەرفەتی پەیدا کردووە کە بتوانێ بە پەڕینەوە بەسەر سنوورە دەستکردەکاندا هەموو ماناکانی پارچەبوون، پەرتەوازەیی و نامۆبوونی زاراوەکان بە یەکتری لە ڕوومەتی زمانی کوردی بسڕێتەوە. بەڵام وێڕای هەموو دەسکەوتەکان مخابن ئەم دەزگا گەورەیە هەتاکوو ئێستا لە ئاستی تواناکانی خۆیدا دەرنەکەوتووە. بۆ وێنە تاکوو ئەم ساتەوەختە گرنگیدان بە زاراوەکانی هەورامی، کەلهوڕی و زازاکی لە خوازراوە هەرە پێویستەکان و لە هەمان کاتیشدا لە هەمیشە نائامادەکانی زۆربەی هەرە زۆری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە کوردییەکانن. هەرچەند میدیاکانی دەرەوەی وڵات بە ڕێژەیەکی کەم ئاوڕیان داوەتەوە سەر ئەم شێوەزارانە، بەڵام کەماسی هەرە گەورە لەم بوارەدا بە شێوازێک بە سیمای میدیاکانی باشوورەوە دیارە کە نە لە ئاستی پشتگوێخستن و فەرامۆشکردن، بەڵکوو بە جۆرێ لە جۆرەکان دەکرێ وەک دژایەتیکردن و لەناوبردنی زاراوەکانی دەرەوەی سۆرانی و کورمانجی ببینرێ. ئەم کەماسییە مەزنە نیشانەیەکی گەورەیە لەمەی کە میدیای زارەکی کوردی و بەتایبەت میدیای باشوور زیاتر

تەکنۆلۆژیایەکی ڕووت و تویژاڵییە تا ئەوەی لەسەر بنەمای گرنگیدان بە فەرهەنگی کوردی لەڕێگەی زمانی ئاخاوتنەوە بنیاد نرابێ. میدیای کوردی چەندە توانیبێتی لە بەرجەستەکردنی دوو شێوەزاری کورمانجی و سۆرانیدا تا ئەندازەیەکی باش سەرکەوتوو بێ، بە هەمان ڕادە لە بواری هاوبەشکردنی زاراوەکاندا کەمتەرخەم دەرکەوتووە. لەڕاستیدا ئەوەی من لە ڕووبەرێکی کەمی جڤاتی دەوروبەری خۆمدا تێبینیم کردووە و لەوانەشە بکرێ بۆ پانتاییەکی فراوانتری کۆمەڵگەی کوردی بگشتێنرێ، ئەم هەڵسوکەوتەی میدیاکانی باشوور بە جۆرێ لە جۆرەکان ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی وەک هەورامی و کەلهوڕی دەخاتەوە بیر هەڵسوکەوتی میدیای داگیرکەران سەبارەت بە زمانی کوردی. هەر بۆیە ئەم گومانەیان لەلا زیندوو دەکاتەوە کە هەرچی زمان یا زاراوەیەک لەڕێگەی دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرەو فەرمییەت و گشتگیربوون نزیک ببێتەوە، ئەو زارە لە ئاست ئەوانی دیکە زیاتر دەکەوێتە پێگەی ستەمکارییەوە. بە بۆچوونی من ئەمە ڕێک ئەو چرکەساتەیە کە چەمکی فەرمییەت و هاوبەشکردن لەیەک جیا دەبنەوە. بەتایبەتی لەم دۆخەدا باسکردن لە فەرمییەتی زاراوەیەک چەندە ئەوانی دیکە دەخاتەوە بیری ئەو ستەمە زمانییەی کە زمانە سەردەستەکان تا ئێستا کردوویانە، بە هەمان ڕادە باسکردن لە هاوبەشی زاراوەکان جۆرێک لە هاوئاراستەیی و خوەدی دەرکەوتن لە دۆزێکی هاوبەش دێنێتە ئاراوە. با بە میناکێکی دەروونناسی تۆزێ زیاتر ئەم دۆخە دەروونییە شی بکەمەوە. باسکردن لە فەرمییەتی زارێکی دیاریکراو وەک زاری فەرمی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر وەک ئەوە وایە چەند کەسێکی ستەمدیدە کە مافێکی

هاوبەشیان لێ خوراوە و دەبێ بە هاوبەشی بۆ گەڕاندنەوەی تێبکۆشن، کەسێ لەوانە لەپێشدا داوای گەورەبەشانە بۆ خۆی بکا. بێگومان ئەمجۆرە دۆخە دۆخێکی نارێکە کە زیان بە ئامانجە سەرەکییەکە دەگەیێنێ. بەتایبەتی وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا لە بواری زماندا هەموو کوردێک بە تێڕوانینی ستەملێکراوێک چەمکی فەرمییەت و زمانی فەرمی بە جۆرێ لە ستەمکاری دەبینێ. هەر بۆیە بژاردەی هەرە ژیرانە لەم دۆخەدا پاراستنی زمانە بە هەموو زارەکانییەوە و پارڤەکردن و هاوبەشکردنی ئەم زارانەیە لەگەڵ یەکتریدا.

ئەڵبەتە بێگومان لەم پێشهاتەدا هەر شێوەزارێک بۆی هەیە دەرفەتەکانی بەرجەستەبوونی بۆ بڕەخسێ و وردەوردە خۆی لە پێگەی گشتگیربوون نزیک بکاتەوە و وەک شێوەزاری هاوبەش بۆ دواڕۆژی دروستبوونی کیان یان کیانگەلێکی کوردی نیشانەکانی فەرمیبوونی لێ وەدەرکەوێ. ئەڵبەتە ئەوەی من بە ڕامان و وردبوونەوە لە زاراوەکانی زمانی کوردی پێی گەیشتبم، بەشی هەرە گەورەی بۆشایی نێوان زارەکان دەگەڕێتەوە بۆ دووربوونەی ڕۆحی ئەم شێوەزارانە لە یەکتری، نەک بۆ جیاوازی زمانەوانی ڕیشەیی لە نێویاندا. زیاتر لەمە ڕێژەی واژە هاوبەشەکان لەنێو زاراوەکاندا هێندە بەرزە کە نزیکبوونەیان لەباری ڕۆحییەوە دەتوانێ ئەم بۆشاییە بە ئاسانی بڕەوێنێتەوە. خاڵی هەرە گرنگ بۆ ڕەوینەوەی ئەم بۆشاییە بریتییە لە گەیشتن بەم ڕاستییەی کە بەشێکی گەورە لە جیاواز نواندنی زاراوەکان لەگەڵ یەکتریدا هیچ نییە جگە لە جیاوازی لە ڕواڵەتی بێژەکردنی پەیڤەکاندا. بێگومان هەرکەسێ بەم ڕاستییە بگات چیتر نە بە هزر و نە بە هەست هیچ دەسپێچک و پاساوێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە تا زاراوەکانی پێ بە جیاواز

بزانێ و هەر ئەمەش وا دەکات لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی لە مژاری فەرمیبووندا نە شوێنێ بۆ ڕکابەری زاراوەکان بمێنێتەوە و نەیش تەنانەت بەرجەستەبوونی زاراوەیەک بەرانبەر بە بچووک مانەوەی ئەوانی دیکە چیتر مانایەکی ئەوتۆی بۆ بمێنێتەوە. کە واتە هاوبەشکردنی شێوەزارەکان کە پێشتر وەک ئامانجێکی گرنگ باسمان لێوە کرد، لە هەمان کاتدا ڕێکارێکی گرنگیشە بەم مانایەی کە مرۆڤی کورد چەندە خۆی لە زاراوەیەکی دیکە نزیک بکاتەوە هەر ئەوەندەش لە ناخی زمانی کوردی نزیک دەبێتەوە و بە هەمان شێوە بوونی شێوەزاری جیاجیا نە وەکوو جیاوازی بەڵکوو وەک فرەڕەهەندی و فرەڕەنگی زمانی کوردی چاو لێدەکا. هەر بۆیە لە نەبوونی دەزگایەکی پەروەردەی کوردیدا پێویستی هەرە گەورە و هەرە بەباندۆر بۆ گەیشتن بەم ڕێبازە ئەمەیە کە ئاخافتن بە شێوەزاری جیاواز ببێتە نرخێکی جڤاکی. بۆ وێنە دەکرێ ڕۆشنبیران و بەگشتی کەسایەتییەکانی ئێمە لەباتی شانازیکردن بە زانینی زمانی بیانی شانازی بە فێربوونی شێوەزارێکی کوردییەوە بکەن، دەکرێ هەموو فیلم و زنجیرەیەکی کوردی چەندین زاراوەی تێدا هەبێ، دەکرێ گۆرانیبێژی کورد بە چەندین زاراوە ستران بچڕێ، پێویستە میدیای بینراو و بیستراوی کوردی بەتایبەتی هەموو زاراوەیەک لە باوەش بگرێ و بە هەموو زارەکان بەرنامەی هەبێ و... هتد. گرنگترین بەڵگەکانی دروستی ئەم ڕێبازە بە ئاشکرا لە باندۆرە ئەرێنی و کاریگەرەکانی ئەو هەنگاوە بچووکانەدا دیار کەوتوون کە تا ئێستا هەڵگیراون. بۆ وێنە پرۆسەی هاوبەشکردنی سۆرانی و کورمانجی لە لایەن تەلەڤزیۆنەکانەوە بە ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە و هیوای ئەمە دەبەخشێ کە ئەم ڕێکارە لە

ئەگەری پەیڕەوکردن بۆ زارەکانی دیکەش سەرکەوتن بەدەست بێنێ. هەر واشە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەورامی، زازاکی و کەلهوڕی لە لایەن تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی ئەوروپاوە. لانیکەم من لە ڕۆژهەڵات بە ئاشکرا ئەم باندۆرە ئەرێنییە بۆ زاراوەی کەلهوڕی دەبینم و پێم وایە بۆ زازاکی و هەورامیش هەروا بێ. جیا لە تەلەڤزیۆن لە بواری گۆرانیشدا ئەمە بە ئاشکرا دیارە. بۆ وێنە لە کەسایەتی هونەرمەندی گەورە ناسری ڕەزازی دا هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم لەسەر ئاوڕدانەوەی بەشێک لە ئاخێوەرانی کەلهوڕی بۆ سەر زارەکەی خۆیان و هەمیش لە ناساندنی ئەم زاراوەیە بە ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی دیکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو باندۆریان هەبووە.

لە کۆتاییدا لەبیرمان نەچێ کە لەڕاستیدا هیچ زمان یان زاراوەیەک نییە کە لە خۆیدا هێزێکی سروشتی تایبەتی تێدا هەبێ تا لە ڕێگایەوە خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بیسەپێنێ و ئەوەی کە زارێک بەرجەستە دەکاتەوە و هانی دەدا ببێتە زارێکی هاوبەشی دانووستاندن ئەو تایبەتمەندییانەیە کە وردەوردە لە پرۆسەیەکی کاتیدا بەدەستی هێناون. بۆ وێنە پێشینەی ئەدەبی، سامانی نقیسکی و هەبوونی نقیساری پیرۆز لەو هۆکارانەن کە جۆرێک لە هێز دەبەخشنە زارێکی تایبەت و بە جۆرێ لە جۆرەکان دەبنە هۆی بەرجەستەبوونی ئەو زارە. بۆ وێنە بەرهەمێکی وەک مەم و زین بە ئاشکرا کەسایەتی دەدا بە کورمانجی. وەک چۆن مسحەفا ڕەش بە کورمانجی، پەڕتووکە پیرۆزەکانی ئایینی یاریش جۆرێک لە پیرۆزی دەبەخشن بە هەورامی. شانامەی کوردی پاڵپشتێکی گەورەی ڕۆحییە بۆ کەلهوڕی. مەحوی هەمان باندۆری لە بەرجەستەکردنی سۆرانیدا هەیە کە مەولەوی بۆ

هەورامی و مەلای جزیری بۆ کورمانجی. دەوڵەمەندی کتێبخانەی سۆرانی بەراورد بە زاراوەکانی تر لە سەدەی ڕابردوودا بە ئاشکرا کاریگەر بووە لە بەرجەستەکردنی ئەم زاراوەیە و... هتد. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی زمانێک برەو پێدەدا و دەرفەتی هەرە گەورەی پێ دەبەخشێ بریتییە لە هێز و دەسەڵات. ئەم هێزە دەتوانێ هێزی دیمۆگرافی و جۆگرافی بێ. بۆ وێنە ڕێژەی ئاخێوەرانی کورمانجی لە زمانی کوردیدا بە ئاشکرا لە ئاستی جیهانیدا کەسایەتی پێ داوە و دەبینین زۆربەی کەسانی بیانی کە فێری کوردی دەبن زیاتر بەرەو کورمانجی ڕۆیشتوون. هەروەها هەڵکەوتە و پانتایی جۆگرافیش دیسان هێزی گەورەی بەم زاراوەیە بەخشیوە. کورمانجی کە جگە لەوەی کە بەشی هەرە گەورەی جۆگرافیای کوردستانی داپۆشیوە، زمانی کوردانی دەرەوەی کوردستانیشە و ئەمە بووەتە هۆی دروستبوونی قووڵاییەکی گەورە بۆی. لە وێنایەکی بچووکتردا بەشێ لە هێزی سۆرانی لە ڕۆژهەڵات و باشوور لە ئەنجامی ئەو جۆگرافیا بەرینەیە کە لەم دوو بەشەدا هەیەتی. ئەمە لەکاتێکدا سنووردار بوونی ژمارەی ئاخافتوان و تەسکبوونی پانتایی جۆگرافی زاراوەی هەورامی بێکاریگەر نەبووە لە نزیکنەبوونەوەی ئاخێوەرانی زارەکانی تر بەم شێوەزارە. هەروەها دووربوون بەهۆی هەڵکەوتەی جۆگرافییەوە هۆکاری یەکەمی نامۆبوونی زازاکییە بە ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی سۆرانی، هەورامی و کەلهۆڕی...

بەڵام بێگومان لە هەموو گرنگتر بۆ هەر زمانێک هێزی سیاسییە کە بە ڕێژەیەکی بەرز بڕیاردەری کۆتاییە لە سەروەرکردنی ڕۆحی و سایکۆلۆژی ئەو زمانە و هەروەها لە گەشەکردنی. مێژووی سەدەی پێشووی زمانی کوردی

بە ڕوونی ئەم ڕاستیبە نیشان دەدات. بۆ وێنە هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی سۆرانی لە باشوور لەم سەدەیەدا ئەو ژینگە فەرهەنگییە دەستەبەرکراوە و ئەو دانپێدانانە سیاسییە ناچڵە بووە کە بەراورد بە پارچەکانی تری کوردستان هەر لە سەردەمی ئینگلیزەکانەوە تا ئێستا لەوێ لە ئارادا بووە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش موکریان وەک ناوچەی سەرهەڵدانی کۆمار بۆ ماوەیەکی زۆر دوای ئەم دەسەڵاتەش هەر ناوەندی بزاڤی فەرهەنگی سۆرانی بووە و سۆرانی لەم دەڤەرەدا لە گەشە نەوەستاوە. سەرهەڵدانی کیانی هەرێمی باشوور دوای ١٩٩١ بە ئاشکرا لە داناسین و برەودانی زیاتری سۆرانی کاریگەری هەبووە. هەروەها گەورەبوون و دەربازبوونی بزاڤی سیاسی باکووری کوردستان بۆ پارچەکانی دیکە بەڕاستی سەرنجی ئەم بەشانەی بەرەو کورمانجی ڕاکێشاوە. ئەم نموونانە هەموو نیشان دەدەن کە زیاتر لە هەر شتێکی تر ئەمە پێگە و سەنگی سیاسی زمانە کە ڕاستەوخۆ لەسەر پێگەی و سەنگی خودی زمانەکە کاریگەری دادەنێ. بە گوتنێکی وردتر چەندە جڤاتی ئاخێوەرانی زارێک وەک کیانێکی سیاسی بەهێزتر دەرکەوێت بە هەمان ڕادەش ئەو زارە تەنانەت لە لایەن دژمنانیشەوە گرنگی زیاتری پێ دەدرێ. بۆ وێنە دەوڵەتی فارس کە دوێنێ بە مەبەستی هێورکردنەوە و تێرکردنی بەشێ لەو کوردایەتییە سەرکوتکراوەی دەڤەری موکریان هێڵانی بە دەرچوونی کۆڤارێکی وەکوو سروە دەدا، ئەمڕۆ بۆ باندۆرکردن لە ڕای گشتی باشوور یان بۆ وێناکردنی بارودۆخی ئەو بەشە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێ، دەست دەکا بە دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی سەحەر لەسەر بنەمای زاراوەی

سۆرانی. دەوڵەتی عێراقی بۆ ئەوەی باندۆرێکی هەبێ لە ئاراستەکردنی خەڵکی باشوور تەلەڤزیۆنی عێراقییەی کوردی دادەنێ کە دیسان زیاتر سۆرانییە. دەوڵەتی تورک بۆ ڕکابەری بزاڤی سیاسی و ڕزگاریخوازانەی ئەو بەشە کاناڵی تەرەتە کوردی بە کورمانجی دادەمەزرێنێ. زۆرێک لە بەرنامە کورمانجییەکانی تەلەڤزیۆنەکانی باشوور بۆ ڕکابەرییە لەگەڵ تەڤگەری سیاسی ئەوە پارچەیەدا. تەلەڤزیۆنێکی وەک ستێرک تێڤێ بۆ کارتێکردن لەسەر ڕای خەڵکی باشوور و ڕکابەری لەگەڵ هێزەکانی باشوور تەنانەت ئالفابێی زاراوەکەشی کە پێشتر بە لاتینی بوو گۆڕیوە بۆ ئارامی... و هتد. هەموو ئەم میناکانە بە ڕۆشنی گوزارە لەم ڕاستییە دەکەن کە بەهێزبوونی هەر زارێک ڕاستەوخۆ گرێدراوی بەهێزبوونی جڤاتی ئەو زارەیە لە ڕووی سیاسییەوە و ئەڵبەتە من هیچ گومانێکم نییە کە بەهێزبوونی سیاسی بۆ ئێمەی کورد بە یەک ڕێگادا تێدەپەڕێ و ئەویش دژایەتیکردنی داگیرکاری و ڕزگاربوونە لە داگیربوون. کە واتە تا ئەو ڕۆژە پێویستە کورد لەسەر ڕێبازی هاوبەشکردن و نزیککردنەوەی زاراوەکان بەردەوام بێ. بێگومان ئەگەر ئەم نزیکبوونەوەیە ڕوونەدا یان لانیکەم بەم ئاراستەیە نەڕوا، لە دوارۆژی زمانی کوردیدا چەمکی فەرمییەت لە باشترین دۆخی خۆیدا بریتی دەبێ لە هەڵبژاردن و سەپاندنی زاراوەیەک بەسەر ئەوانی دیکەدا کە وەک لە بەشەکانی پێشووتر ئاماژەی پێکرا بەشی خۆی ستەمی زمانی هەر لێ دەکەوێتەوە.

## تەڤگەری زمانی کوردی

لێرەدا کاتێ باس لە تەڤگەری زمانی کوردی دەکەین، مەبەستمان کۆی هەموو ئەو چالاکییە کەسی و جڤاکییە ڕێکخراو و ناڕێکخراوە بەمەبەست و بەئەنقەستانەیە کە بە ئاراستەی زمانپارێزی زمانی کوردی بەرانبەر بە ستەمی زمانی داگیرکەران لە ئارادایە. بە مانایەکی دیکە هەر لە بڕیارێکی سادەی کەسێکەوە بگرە کە لە ڕقی زمانی سەردەست و داگیرکەر دەیەوێ لە مۆبایلەکەیدا کورتەنامە و پەیامەکانی تەنیا بە کوردی بنووسێ، تا ئەو کەسەی کە بایکۆتی تەلەڤزیۆنی زمانێکی داگیرکەر دەکا، تاکوو ئەو ماڵباتەی منداڵەکانی فێری کوردینووسین و کوردیخوێندن دەکا بەڵکوو لەژێر پەروەردەی خوێندنگەی سەردەستدا نەتوێتەوە، هەتا ڕێکخراوێ کە بانگەشەی پاراستنی زمانی کوردی دەکا، تا فێرگەکانی پەروەردەی زمانی کوردی، هەتاکوو ئەو هێزە سیاسییانەی کە بۆ فەرمیکردنی زمانی کوردی لە یاسای وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تێدەکۆشن، تەڤگەری زمانی کوردی هەموو چالاکییەکی واتادار دەگرێتەوە کە ئاراستەیەکی بەرەو زمانپارێزی تێدا بەدی بکرێ. بەکورتی مەبەست لە تەڤگەری زمانپارێزی لێرەدا بریتییە لەو ڕووبەرە جڤاکییەی کە دانیشتووانەکەی ژیانێک دەژین یان لەپێناو پاراستنی زمانی کوردیدا، یان لە دژایەتیکردنی سەردەستبوونی زمانە داگیرکەرەکاندا. ئەم ژیانە هەر لە هەڵوێستی زمانپارێزی تاکەکەسێکەوە بگرە هەتاکوو هەڵمەت و پرۆژە گەورەکانی جڤاکی کوردی بۆ گەشەپێدان و بووژاندنەوەی زمانی کوردی، هەموو تێڕوانین و هەموو جووڵەیەکی بە ئاراستەی پاراستنی زمان بەرانبەر بە تەوژمی زمانە سەردەستەکان لە خۆ

دەگرێ. ئەگەر باشووری لێ دەرکەین، لە بیست سی ساڵی ڕابردوودا تەڤگەری زمانپارێزی کوردی هاوشان و هاوتەریبی تەڤگەری ژینگەپارێزی یەکێک بووە لە تەڤگەرە جڤاکییە هەرە دیار و چالاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی نەتەنیا لە ناوخۆی کوردستان، بەڵکوو لە دەرەوەی کوردستانیش. بۆیە باشووری کوردستان لێرەدا جیا دەکەمەوە، چۆنکە لەڕاستیدا لە دوای دروستبوونی ئەم کیانە سیاسییە نەتەنیا هیچ بزاوتێکی ئەوتۆی جڤاکی بە ئاراستەی پاراستنی زمانی کوردی لەوێ لە ئارادا نەبووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕەفتاری دەسەڵات و خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان لە کەمتەرخەمی نواندن سەبارەت بە زمانی کوردی و پێشوازیکردنیان لە زمانە سەردەستەکان شێوەی جۆرێکی دەگمەنی خۆماڵی لە ژینۆسایدی خۆکرد و خۆویستی بە خۆوە گرتووە. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لەم ماوەیەدا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بزاوتی زمانی کوردی وێڕای ناتەواوییەکان و سەرباری کۆسپەکان وەک بزاوتێکی جڤاکی ئاڵایە خۆڕسک هێدی هێدی خەریکە سەرهەڵدەدا و بە شێوازێکی چالاک و مانادار خەریکی خۆ ڕێکخستن و گەورەبوونە. ڕاستە کە بە مانای گشتگیربوون ئەم تەڤگەرە جڤاکییە هێشتا تەواو نەتەوەیی نەبووەتەوە و هێشتا زووە وەک ڕووبەرێکی گشتی یەکانگیر و داپۆشەری تەواوی جڤاکی کوردی پێناسەی بکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگرێ گەلێ ئاماژەی بەهێزە کە نیشان دەدا بە ئاراستەی گشتگیربوون هەنگاو دەنێ و پێدەچێ دواڕۆژێکی ڕۆشنی هەبێ. ڕەنگە بە هەڵەدا نەچین ئەگەر تەڤگەری زمانپارێزی و ژینگەپارێزی کوردی وەک جۆرێکی ڕاستەقینە لە نیشتمانپەروەری و نەتەوەپارێزی بزانین، یان بە

دەسپێکی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینە پێناسەی بکەین کە تا ئەمڕۆ لەم جڤاکەدا زۆر بەدەگمەن بینراوە. نیشانەکانی باندۆرە ئەرێنییەکانی ئەم بزاوتانە بە ئاراستەی نەتەوییبوونی زیاتر بە ڕۆشنی بە ڕوخساری کۆمەڵگەی کوردییەوە دیارن. ئەم بزاڤە ڕەنگە وەک ڕۆحێکی جڤاکی تازە سەرهەڵدێر تەواو بە ڕوومەتی کۆمەڵگەی کوردییەوە ئاشکرا و دیار نەبێ، بەڵام نیشانەی گەورەشی لە خۆی نواندووە. فێرگەکانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات، دامەزراندنی خوێندنگە کوردییەکان لە باکوور، گۆڕینی ئالفابێی سریلیک بۆ لاتینی و بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو، دانانی پەروەردەی زمانی کوردی بۆ ڕەوەندی کوردی لە هەندێ وڵاتی ئەورۆپی و... هتد لە وێنا هەرە دیارەکانی ئەم بزاڤەن. ئەوەی کە من لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیبینم و پێشم وایە لە شوێنگەلی تریش هەر وا بێ، یەکێ لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی تەڤگەری زمانی کوردی ئەمەیە کە هەرچەندە بەشێک لە سیاسەتی کوردی لە چالاکبوونیدا ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام زیاتر لە هەر شتێکی تر بە ڕێژەیەکی بەرچاو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی خۆڕسکە.

ئەڵبەتە لەم ڕێگایەدا تەڤگەری زمان لە نێوخۆی کوردستان و بەتایبەت لە باکوور و ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی تایبەت وەک هەموو تەڤگەرێکی دیکەی جڤاکی و نەتەوەیی کوردی بەردەوام خاڵی نەبووە لە قوربانیدان و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی تەڤگەری زمانپارێزی بەر سەرکوت و ئەشکەنجە و بەندیخانەی دەوڵەت کەوتوون. ئەوەی کە مایەی دڵخۆشییە نەوەستان و گەشەکردنی ئەم تەڤگەرەیە سەرەڕای قوربانیدانەکان و پێچەوانەی ئەو

گوشارانەی کە دەخرێنە سەری. بەڵام ئەم تەڤگەرە لەودیوی دیوە پیرۆزەکەیەوە هەندێ کەماسی و ناتەواویشی پێوە دیارە کە پێویستە لێیان بەئاگا بێتەوە بەڵکوو بتوانێ بە ڕەخنەدان و ڕەخنەکردنی خۆی هەم کەماسییەکانی بڕەوێنێتەوە و هەمیش بەردەوام خۆی نووژەن بکاتەوە کە ئەم تێڕوانینە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی هەموو بزاڤێکی جڤاکییە. وێڕای ئەمەی کە بزاڤی سیاسی لەسەر بزاڤی زمانپارێزی کوردی بێ باندۆر نەبووە، بەڵام یەکێ لەو هۆکارانەی کە لێرەدا هانی من دەدا زیاتر لە سیاسیبوون لەسەر جڤاکیبوونی تەڤگەری زمانی کوردی پێ دابگرم ئەمەیە کە ئاڵایە زۆرینەی ڕەهای تەڤگەرە سیاسییەکانی کورد هیچ کاتێک و لە هیچ پارچەیەکی کوردستان تێری زمانی کوردی مایەیان لە خۆ نەناوە و بەو ڕێژەیەی کە گرنگییان بە بواری سیاسی و چەکداری داوە، گرنگییان بە فەرهەنگ و بەتایبەت بە زمانی کوردی نەداوە کە من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم کارەیان کردبایە ئەمڕۆ پێگە و دۆخی کورد گەلێ باشتر دەبوو لەمەی ئێستای و داگیربوون و توانەوە بە ڕەنگێکی زۆر کاڵتر لە دۆخی هەیی بە سیمای جڤاکی کوردییەوە دیار دەبوو. دوای ئەمەش، جگە لە تەڤگەری سیاسی باکووری کوردستان کە ئەویش بە نیوە و ناچڵی بەشێ لە هێز و توانای خۆی، بە ئاراستەی کاراکردن و چالاککردن و یارمەتیدانی تەڤگەری زمانی کوردی تەرخان کردووە، هیچ هێزێکی دیکەی سیاسی تا ئێستا نەیتوانیوە و نەیویستووە کارێکی گەورە بۆ زمانی کوردی بکات. بە مانایەکی دیکە بەشێکی گەورە لە لاوازبوونی تەڤگەری زمانپارێزی کوردی دەکەوێتە ئەستۆی تەڤگەری سیاسی کوردی بە تێکڕای هەموو

باڵەکانییەوە. ئەم کەمتەرخەمییەی بزاڤی سیاسی کوردی لەمەڕ ئەو زمانەی کە بۆی دەجەنگێ هەمیشە تەواوکەرێکی کوشندەتری دیکەشی هەبووە و ئەویش گوشار و سەرکوتی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستانە. دەسەڵاتی داگیرکەر کە بە درێژایی دەیان ساڵ بە قەدەخە و سەرکوت و لەناوبردن هەمیشە لە دۆخی هێرشکردن بۆ سەر زمانی کوردی بووە، لەم بیست سی ساڵەی ڕابردوودا کەوتووەتە دۆخێکی بەرگریکردنەوە کە تێیدا بە هەموو شێوازێ دەیەوێ ڕێگە لە تەشەنەکردنی ئەم تەڤگەرە بگرێ. بۆ وێنە یەکێ لە پەلەقاژە هەرە بەرچاوەکانی سیستەمی سەردەست لەم بوارەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاشکرا دەبینرێ ڕێگریکردنی توندتۆڵی دەوڵەتە لە دەربازبوونی ڕۆحی ئەم تەڤگەری زمانپارێزییە بەرەو ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات و بە دیاریکراوی ناوچەی کەلهۆڕنشین. لەم ساڵانەدا دەوڵەت نەتەوەی فارس تەواوی هێزی خۆی خستووەتە گەڕ تا بە دیاریکراوی بزاڤی پەروەردەی زمانی کوردی بە بەشێکی پارێزگاکانی سنە و ئوورمیە سنووردار بکا، بەڵکوو نەهێڵێ ئەم شەپۆلە بە ئاسانی بەرەو ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات پەرە بستێنێ. هەروەها هەوڵی داوە بزاڤ و جووڵەی فەرهەنگی زاراوەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا قەتیس بکاتەوە.

مخابن تەڤگەری زمانی کوردی لەپاڵ پیرۆزییەکانیدا هەندێ تایبەتمەندی و خەسڵەتی نەرێنیشی هەیە. بۆ وێنە یەکێ لەم خەسڵەتانە ئەمەیە کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کاردانەوەیە بەرانبەر بە زمانە سەردەستەکان و هەر بۆیە بەداخەوە بەشێکی گەورە لە هێزی ئەم تەڤگەرە لە هەنگاو و هەڵوێستی ڕواڵەتی و بێنرخ و بێئاکامدا خەرج دەکرێ. بە مانایەکی تر بەشێ لەم

تەڤگەرە لەباتی ئەوەی کە لە کەسایەتی زمانی کوردیدا گەڕانەوەیەکی قووڵ بێ بۆ خود و پێداگرییەکی جەوهەری بێ لەسەر هەبوونی زمانێکی دەوڵەمەند لە مانا و ئەدەب و دیرۆک، ڕقەبەرییەکی توێژاڵییە بەرانبەر بە زمانە سەردەستەکان. با نموونەیەک لەم تێڕوانینە تواێژاڵییە بێنمەوە. یەکێ لەو سایکۆلۆژییەتە تایبەت و هەرە باوانەی کە بە شێوازێکی پڕڕەنگ لە زۆربەی باس و خواست و زۆربەی کۆڕ و ماڵپەڕەکانی سەر زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینرێ بریتییە لە بەراوردکردنی بەردەوامی زمانی کوردی لەگەڵ فارسیدا. بۆ وێنە گوزارەگەلێک بەردەوام دوبارە دەکرێنەوە کە گوایە کوردی بۆ هەر دەنگێک ناوێکی هەیە، بەڵام فارسی وەها نییە. یان بەردەوام ڕێژەی پەیڤە عەرەبییەکان لەنێو زمانی فارسیدا بەراورد دەکەن بە پاراوی و ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی زمانی کوردی،... هتد. ڕاستە ئەمجۆرە تێڕوانینە وەک سایکۆلۆژییەتی مرۆڤێکی ستەملێکراو بۆ ستەمکار بە ڕادەیەکی زۆر ئاساییە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمە هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ سەوز نابێ و ناتوانێ لەو میکانیزمە ڕەوانی و دەروونییە ئەولاتر بڕوات. مخابن ئەوانەی کە خاوەنی ئەمجۆرە تێڕوانین و تێگەیشتنەن لەم ڕاستییە نازانن کە باڵادەستی فەرهەنگی زمانە سەردەستەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و پێشوازیکردنی بەشێکی خەڵکی کورد لێیان لەڕاستیدا ئەنجامی ڕاستەوخۆی سەردەستی سیاسی ئەو زمانانەیە بەسەر زمانی کوردیدا، نە دەوڵەمەندی و نە هیچی تری ئەوان. بەداخەوە ئەم سایکۆلۆژی و تێڕوانینە لە بوارەکانی دیکەی بزاوتی مافخوازانەی ئێمە بەرانبەر بە داگیرکەران و بەتایبەت لە بواری دیرۆکیدا بەتوخی دەبینرێ. ئێمەی کورد زۆرجار کە

ڕووبەڕووی نوێنەرایەتی گەلانی داگیرکەر دەبینەوە، بۆ سەلماندنی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی خۆمان لەباتی ئەوەی پێداگری لەسەر ئەم مافە وەک مافێکی ڕەوا و خۆسەر لە هەموو فاکتەرێکی دیکە بکەین، یەکسەر دێین و دەست دەکەین بە هێنانەوەی ئەو بەڵگە و سەلمانەی کە دیرۆکیبوونی ئێمە دەسەڵمێنن و وا دەزانین کە ئەگەر بۆ گەلانی داگیرکەر ڕۆشنی بکەینەوە کە ئێمە لە نیشتمانی خۆماندا هەزاران ساڵ دیرۆک و شارستانیمان هەیە، ئەوان قەبوولی دەکەن و وڵاتەکەمان بۆ چۆڵ دەکەن و لێی دەردەچن!... . نموونەیەکی دیکەی کەماسی زمانپارێزی کوردی کە دیسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر باوە، نووستنەوەی زۆرینەی کوردینووسانە بە ڕواڵەتی پەیڤ و گوێنەدانە بە ناوەڕۆک و ڕۆحی زمان. لەم گۆڕەپانەدا ڕۆژانە هێزێکی زۆر بەمەوە خەریک دەبێ کە بۆ وێنە کام وشە دەبێ چۆن بنووسرێ، کام ڕێنووس دروستترە، ڕەگ و ڕیشەی فڵانە پەیڤ چییە و لە کوێوە هاتووە، فڵانە وشە کوردییە و فارس دزیویەتی، فڵانە پەیڤ فارسییە یان کوردی؟، و... هتد. لەڕاستیدا ئەمجۆرە کارکردنە لەسەر زمان نەتەنیا ئەرکی نووسەر و خوێنەری ئاسایی نییە، بەڵکوو تەنانەت ئەرکی شاعیران و نووسەرانی گەورەش نییە، بەڵکوو دەبێ لە ئەستۆی ئەو زمانزانانە بێ کە ئەوەندە پسپۆڕ و شارەزای زمان بن کە بوێرن خۆیان لە قەرەی لایەنە تەکنیکییەکانی زمان وەک فەرهەنگنووسی و ئێتیمۆلۆژی بدەن. بەداخەوە ئەم ڕەوتە پانتاییەکی گەورەی لە ڕووبەری تەڤگەری زمانی کوردی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات داگیر کردووە و جگە لە خۆ خەریککردن بە ڕێبازێک کە زۆرجاریش بەرەو هەڵە دەڕوات بەرهەمێکی لێ سەوز نابێ. با بە

میناکی وردتر مەبەستەکەم بگەیێنم. بۆ وێنە من لە کۆڕی زماندا کە چەندین هەزار ئەندامی هەبووە بینیومە پرسیار کراوە "واتا کوردییەکەی کەرکەس کە پەیڤێکی فارسییە دەبێتە چی؟"، بەڵام تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان لەو کۆڕەدا وەک شارەزا دەرخستووە نەیانزانیوە کە خودی کەرکەس وشەیەکی هەورامییە و مانای "مریشکی ئێسک، یان مریشکی ئێسقانخۆر" دەدات. دیسان لە کۆڕی هاوشێوەدا بینیومە کابرا بەرانبەر بە وشەی فارسی "پووزخەند" وشەی دانسقەی "ڕیشقەن"ـی هێناوەتەوە و بەتوندی بەرگریشی لێکردووە، بێئاگا لەوەی کە هەم "پۆز+خەن" پەیڤێکی ڕەسەنی کەلهۆڕییە و هەمیش ڕیشقەن هەڵەیە و ڕاستەکەشی "ڕیش+خەن"ـە کە دیسان کەلهۆڕی ڕەسەنە. بینیومە کابرا بە تێگەیشتنی ئەمەی کە لە فارسیدا بە ئامێری " Labtop"دەڵێن "لەبتاب"، هاتووە بەرانبەرە کوردییەکانی "لەب" و "تاب"ـی پێکەوە ناوە و وشەی دانسقە و سەمەرەی "لێوە+تاوە"ـی بۆ ئەم ئامێرە داتاشیوە و گوایە لە خۆیەوە کوردی پاراستووە!. هەر لەنێو ئەم پارێزوانە ناشارەزایانەی زمانی کوردیدا کەسانێکم دیوە کە تەنیا لەبەر ئەوەی فەرهەنگێکی فارسی "قۆڵدر"ـی وەک پەیڤێکی تورکی پێناسە کردووە داوای لە خوێنەرەکانی خۆی کردووە لەباتی ئەم وشەیە پەیڤی وەک "زۆرلێکەر" بەکاربێنن، بێئاگا لەوەی کە "قۆڵ+در" پەیڤێکی ڕەسەنی تەواو کوردییە. دیومە کابرا وانەی داناوە کە "هەنەک" پەیڤێکی کەلهۆڕییە بە واتای گاڵتە کە لە کورمانجیدا پێی دەڵێن "حەنەک" و بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە بەڕاستی جیاوازی ئەم دوو پەیڤە کە نووسیویەتی لە کوردیدا چییە، خوێنەرەکەی بەجۆرێ تووشی گێچەڵ

کردووە کە لەوانەیە بە زمانزانێکی شارەزاش لە کۆڵی نەبێتەوە!... و هتد. ئەم میناکانە کە من بۆ بەرچاوڕوونی ئاماژەم پێکردن یەک و دووان نین و بێگومان هەرکەسێ تۆزێ سەرنجی ئەو ماڵپەڕ و کۆڕ و تۆڕانەی دابێ کە بە جۆرێ لە جۆرەکان لەسەر زمانی کوردی ڕادەوەستن، ڕۆژانە ئەم ڕەوتە سەیرە بە چاوی خۆی دەبینێ. با جارێکی تر ئەمە ڕوون بکەمەوە کە کارکردن لەسەر وشەناسی، ڕێزمان، ڕێنووس و هەموو بوارە تەکنیکییەکانی دیکەی زمان و ڕەچاوکردنی یاساکانی زمان هەموویان کاری ئاساییـن، بەڵام ئەوەی لەم بوارەدا نائاساییە زۆربوونی ژمارەی ئەو کەسانەیە کە وەک پسپۆڕ و شارەزای زمان دەردەکەون و لەجیاتی پێداگری لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆحی زمان، خۆیان و خەڵکیش بە خاکۆرەی نێو ئەم زمانەوە خەریک دەکەن. جۆرێکی دیکە لەم شاشی و کەماسییانە کە دیسان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینرێ بریتییە لەو ڕێبازەی کە دەیەوێ لەڕێگەی زمانی فارسییەوە خەڵکی کورد فێری زمانی کوردی بکات. ئەم تێڕوانینە ئەگەرچی دەرکەوتەیەکی ئاسایی گیرۆدەبوونە بە زمانی سەردەستەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگایەکی نادروستیشە بۆ دەربازبوون لە هەژموونی ئەو زمانە. لە هەموو ماڵپەڕ و کۆڕەکانی زمانی کوردیدا هێندە فەرهەنگۆک و لیستی وشەی هاوواتا لەنێوان کوردی و فارسیدا دەبینرێ، ئەوەندە لەنێوان زاراوەکانی زمانی کوردیدا بەراوردکاری ناکرێ و بەدەگمەن شوێنێک بدۆزرێتەوە کە تێیدا شێوەزارەکان لەگەڵ یەکتریدا بەراوردی واتایی بکرێن، یان یەکێکیان بۆ فێربوونی ئەوی دیکە بەکار بهێنرێن. نموونەیەکی تری نارێکی کە لەوانەیە نارێکترین ڕەفتار بێ لەنێو ئەو کوردانەی کە هەم بە مانا

سیاسییەکەی و هەمیش بە مانا فەرهەنگییەکەی لە گۆڕەپانی کوردایەتیدان و کەچی منداڵەکانیان فێری زمانی سەردەست دەکەن. من خۆم لە ڕۆژهەڵات کەسانێک دەناسم کە چالاکڤانی فەرهەنگی، نووسەر و تەنانەت هەڵبەستڤانن و خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن، کەچی لەملاشەوە وەک بڵێی ئەرکی زمانپارێزی ئەوان تەنیا لە ئامۆژگاریکردنی خەڵکدا بێ و خۆشیان باوەڕیان بە قسەی خۆیان نەبێ، منداڵەکانیان بە زمانی فارسی پەروەردە دەکەن. هەروەها لە باکوور کەم نین ئەو چالاکڤانە فەرهەنگی و سیاسییانەی کە بۆ فەرمیکردنی زمانی کوردی کەمپەین دەبەستن و کوڕ دەگرن و کەچی لە ماڵەوە خۆویستانە منداڵەکانیان فێرەتورکی دەکەن. ئەم کەسانە بەڕاستی هێشتا لەمە نەگەیشتوون کە ئێمەی کورد تەنیا لەپێناو زماندا شەڕ ناکەین، بەڵکوو خەریکین و پێویستە بە خودی زمانەکەش شەڕی داگیرکاری بکەین و تەنانەت زیاتر لەمەش خەریکین شەڕی سەلماندنی هەبوونمان و پاراستنی ئەم هەبوونە دەکەین.

بە هەرحاڵ وەک لە سەرەوە ئاماژەم بە هەندێکیان کرد تەڤگەری زمانی کوردی ناچڵی و کەماسی زۆری تێدایە، بەڵام ئەم تەڤگەرە وێڕای کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی لە هەمان کاتدا کە ئاماژەیەکی گرنگە لە زیندووبوونی جڤاکی بندەستی کورد، یەکێکیشە لە زیندووترین بەشەکانی ئەم جڤاکە کە لەژێر سەختترین و دژوارترین گوشارەکانی زمانە سەردەستەکاندا خەریکە گەشە دەکات و ئەگەر بە ڕێبازێکی دروستتر لەمەی ئێستادا بڕوات، بێگومان پێچەوانەی تەڤگەری سیاسی کوردی دەتوانێ بنەما و بناخەیەکی ڕاستەقینە بۆ دروستبوونی ناسیۆنالیزمێکی

ڕاستەقینە لە کوردستان دروست بکات. هەر بۆیە هەرکەسێ کە خۆی لەم تەڤگەرەدا دەبینێتەوە دەبێ لەم ڕاستییە تێبگات کە زمان بۆ ئێمەی کورد ئەوە نییە کە بۆ گەلانی خاوەن دەوڵەت و کیانی سیاسی. زمانی کوردی بۆ ئێمە چەکی بەرگرییە لە هەبوونی خۆمان و کاری ئێمەی خەڵکی ئاسایی ئەمەیە کە بە قسەکردن، بە گۆرانی و بە نووسین و لە هەموو گرنگتر بە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان ڕۆحی ئەم زمانە لە خۆماندا بژێنینەوە و خۆمان لە گیرۆدەیی بە زمانە سەردەستەکان ڕزگار بکەین. ئەم ڕزگارکردنە بە پلەی یەکەم بە مانای ئەوە دێت کە لەباری دەروونییەوە خۆمان بە تەواوەتی لەو زمانانە بشۆرینەوە و ئەڵبەتە شۆردنەوەی خود لە ئەوانە بە پلەی یەکەم دەربازبوونە لە گیرۆدەیی پێیان. لەم سۆنگەیەوە بۆ دەروونیکردنی ئەم زمانە لە ڕۆحی جڤاکی کوردیدا هیچ پێویست ناکا بە سەلماندنی ئەوەی کە کوردی پاراوترە لە فارسی، کۆنترە لە تورکی یان دەوڵەمەندترە لە عەرەبی و... هتد. لەڕاستیدا هەموو ئامادەبوون و هەبوونێکی زمانی سەردەست لە ژیانی زمانپارێزی ئێمەدا بە جۆرێ لە جۆرەکان بەردەوامی گیرۆدەبوونە بەم زمانانە. کە واتە ئێمە دەبێ لەم ڕەوتە بچینە دەرەوە کە بەردەوام کوردی لەگەڵ فارسی و تورکی و عەرەبیدا بەراورد بکەین و لە مێشکی خۆماندا بیخەینە کێبڕکێیەکی بێمانا لەگەڵ ئەم زمانانەدا. لەباتی ئەمە وەک لە بەشێ لە بەشەکانی پێشووتریشدا ئاماژەم پێکرد باشترە بە تەواوەتی نەفرەت لە زمانی سەردەست بکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا تێڕوانینی خۆمان لە بەراوردکردن، کێبڕکێ بەرانبەر بەو زمانانە و بەگشتی خۆ خەریککردن و گیرۆدەبوون پێیانەوە بگوازینەوە بۆ تەڤگەرێکی

ئاسایی کۆمەڵایەتی و وەک هەموو گەلانی دیکە ئێمەش ژیانێکی ئاسایی زمانی خۆمان بژین. بۆ ئەم ئامانجە سەرەتا پێویستە ئێمە بگەینە ئەم ڕاستییە کە هیچ نەتەوەیەکی ئەم جیهانە بۆ پاراستنی زمانی خۆی پێویستی بە پاساوی وەک دەوڵەمەندبوون، دیرۆکیبوون، جوانبوون یان هەر تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانەکەی نییە و هەموو گەلانی جیهان زمانی خۆیان ناپارێزن تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەوڵەمەندە یان دیرۆکییە یان پیرۆزە یان جوانە یان هەر شتێکی تر، بەڵکوو پاراستنی زمان بەشێکە لە نەتەوەییبوون و تەنانەت زیاتر لەوەش بەشێکە لە هەبوونی مرۆڤەکان و نەتەوەکان. بە مانایەکی دی چەندە دەبێ دوورکەوتن لە زمانی دایکی لە لایەن مرۆڤی کوردەوە بە جۆرێ لە نارێکی سەیر بکرێ، بە هەمان ڕادە پێویستە گرێدراوی پێیەوەش وەک ڕەوتێکی ئاسایی ژیانی ئەم مرۆڤە چاوی لێ بکرێ. ئمجا دوای ئەمەش لەبیرمان نەچێتەوە کە زمانی کوردی بۆ ئێمەی کورد لەوە دەرچووە تەنیا پەیڤ و ڕێنووس و ڕێزمان و هەڵبەست و ڕۆمان بێت، بەڵکوو هەڵگری ڕۆحێکی بەرخوەدێڕە کە دەیەوێ لە بەردەم داگیرکاریدا بوەستێتەوە. هەر بۆیە هەموو ئاوڕدانەوەیەک لە زمانی دایکی لە هەمان کاتدا کە دەبێ پێداگری بێ لەسەر هەبوونی خود وەکوو کورد، پێویستیشە ڕووبەڕووبوونەوە بێ لەگەڵ ڕۆحی داگیرکاری زمانە سەردەستەکاندا. هەر بۆیە ڕووبەری گشتی زمانپارێزی کوردی دەبێ لە ڕوویکری تەکنیکییەوە بۆ زمان بگۆڕێ بەرەو فەزایەک کە تێیدا مرۆڤی کورد ڕوو لە زمانی دایک لە زمانە سەردەستەکان بێزار بکرێ، بە نووسینی کوردی بۆ خۆی هەوڵی دروستکردنی جیهانبینییەک بدا هەڵقوڵاوی فەرهەنگەکەی

خۆی بێ تا ببێتە بەشێک لەو جیهانبینییە بەکۆمەڵەی کە لە هەموو گەلێکدا بەدی دەکرێ. چیتر لە چاوی زمانە سەردەستەکانەوە سەیری جیهان نەکا و بە خوێندنەوەی ڕۆشنبیری کورد کەسایەتی کوردی خۆی دروست بکاتەوە... .

## شۆڤینیزمی زارەکان

دوای زیادکردنی شێوەزاری سۆرانی بۆ سیستەمی وەرگێڕانی گووگڵ ترانسلەیت، ئەم بابەتە بوو بە ڕۆژەڤێکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی و هەم لە میدیاکان و هەمیش بەتایبەتی لە فەزای مەجازیدا هەرکەس لەلای خۆیەوە گوزارش و پاشگۆ و بۆچوونی خۆی سەبارەت بەم سەرکەوتنە دەردەبڕی. ئەم بۆچوون و پاشگۆیانە چقاس نیشانەی خۆشحاڵییەکی بەواتا و بەجێ بوون، بە دیوێکی تردا دەرخەری دیاردەیەکی دیکەش بوون کە بەئاگا یان بێئاگا لە نەست و ناخی کۆمەڵگەی کوردیدا شاراوەیە و تاکوو ئێستا کەمتر کەسێ باسی لێوە کردووە. لەنێو بۆچوونەکاندا کۆپەیڤ و ڕستەگەلێکی فراوان بەرچاو دەکەوتن لە شێوازی "زمانی کوردی لە مەترسی ڕزگاری بوو"، "زمانی کوردی بە گووگڵ ترانسلەیت زیاد کرا"، "گیروگرفتی زیادکردنی زمانی کوردی بە گووگڵ ترانسلەیت"، "ئێستا زمانی کوردی بەردەستە بە شێوەیەکی فەرمی لە وەرگێڕی بەناوبانگی گووگڵ ترانسلەیت دا"، "بە فەرمی تەختەکلیلی کوردی بۆ وەرگێڕی گووگڵ ترانسلەیت بەردەست خرا"، "ئەو گەنجە کێیە کوردی خستە نێو گووگڵ ترانسلەیتەوە؟" و... هتد. بە زانینی ئەمەی کە پێشتر و چەند ساڵ بەر لە شێوەزاری سۆرانی زاراوەی کورمانجی خراوەتە نێو ڕێزبەندی زمانەکانی گووگڵ ترانسلەیتەوە، ئەم پێداگرتن و ڕژدبوونی ئەم بۆچوونانە لەسەر بەکارهێنانی پەیڤی "کوردی" لەباتی دەستەواژەی "کوردی سۆرانی" ئاماژەیەکی ئاشکرایە بەوەی کە ئەم خەڵکە یان ئاگایان لە شێوەزارێک بەناوی کورمانجی نییە، یان کورمانجی بە کوردی نازانن یان کوردی تەنیا لە سۆرانیدا دەبینن!. بە

دیاریکراوی کاتێ بە ناوەڕۆکی هەموو ئەم گوزارانەدا دەچینەوە دەبینین کە کرۆک و ناخی هەر هەموویان یەک تێگەیشتنی دیاریکراوە و ئەویش ئەمەیە کە "زمانی کوردی واتە شێوەزاری سۆرانی!!". ئەو ڕاستییە ناڕێک و مەترسیدارەی کە بە ڕۆشنی لەم ڕۆژەڤەدا بەدی دەکرێ بریتییە لەمەی کە یەکەم، تێگەیشتنی "کوردی واتە سۆرانی" تەنیا تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراو، بەڵکوو هەر لە خەڵکی ئاسایی و کەمخوێندەوە بگرە تاکوو کەسایەتی دیار و هونەرمەندی گەورە، هەر لە لاپەڕەی کەسی ئینستاگرام و فەیسبووکەوە بگرە تاکوو دیجیتاڵ میدیا و تەلەڤزیۆنی ناوداری کوردی، بە ئاسانی دەکرێ لە هەموو چینێکی کۆمەڵگا کەسانێک بدۆزێنەوە کە لە شوێن و ڕێکەوتی لواودا گوزارەی لێ بکەن. دووەم، زۆربەی هەرە زۆری ئەم قسانە لە لایەن خەڵکی باشووری کوردستانەوە دەکرێن و ئەمەش پێوەرێکی گرنگە لەوەی کە نەتەوییوونی ئەم خەڵکە چەندە بەرتەسک و سەرەتاییە. بە هەرحاڵ ئەمە بە ئاشکرا هیچ گومانێ ناهێڵێتەوە کە چەشنی نەخۆشییەکانی دیکەی وەکوو ناوچەگەرایی و پارچەگەرایی هەتاکوو ئەم ساتەوەختەشی لەگەڵ بێ جۆری تێڕوانین و مامەڵەکردنی بەشێکی بەرچاوی جڤاکی کوردی لەگەڵ زمانی کوردیدا هێشتا لە قۆناخێکی بەرتەسک و سنوورداردا دەژی کە لە خۆشبینانەترین دۆخدا دەتوانین بە "زاراوەگەرایی" پێناسەی بکەین. لەم زاراوەگەراییەدا کەم نین ئەو کەسانەی کە بەتۆخی گرێدراوی تەنیا شێوەزارەکەی خۆیانن و یان بەئاگا زاراوەکانی دیکە وەک زمانی بێگانە سەیر دەکەن، یانیش نائاگا وەک زمانی بێگانە لەگەڵیاندا دەجووڵێنەوە. بە گوتنێکی دی ئەمڕۆ لە تێگەیشتنی بەشێکی

گەورەی جڤاکی کوردیدا زمانی کوردی واتە ئەو شێوەزارەی کە ئەوان پێی دەئاخڤن و زارەکانی دەرەوەی شێوەزارەکەی خۆیان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە بۆیان. بەڵام ئایا زاراوەگەرایی بە تەنیایی دەتوانێ بەرسڤێکی تێر و شرۆڤەیەکی پڕ بێ ئەم دۆخە؟!. بە گومانی من گەرچی لەوانەیە تۆزێ قورس و نادادوەرانە بێ، بەڵام بە تێبینی ئەوەی کە باندۆرەکانی ئەمجۆرە تێڕوانینە دەتوانن هێندەی شۆڤینیزم زیان بە زمانی کوردی بگەیێنن، دەتوانین ئەم دۆخە بە ڕەنگێکی نەرم و شاراوە لە "شۆڤینیزمی زمانی" پێناسە بکەین. دیارە مەبەست لە شۆڤینیزم لێرەدا واتە گرنگیدان، لایەنگری و بەرزڕاگرتنی بێهۆ و دوگماتیکی لایەنێک بەرانبەر بە لایەنە هاوشێوەکانی. هەرچەندە بە شێوەیەکی سنوورداریش بووبێ پێشتر هەبوونی تێڕوانین و ڕەفتاری شۆڤینی سەبارەت بە زاراوەکان لەنێو کورددا هەستی پێکراوە و قسەشی لەسەر کراوە. یەکێ لە نموونە دیارەکانی وروژاندنی پرسی هەبوونی شۆڤینیزمی شێوەزارەکان گوتارە بەناوبانگەکەی پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپووڕە بەناوی "شۆڤینیزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی". با تۆزێ وردتر لە بوون یان نەبوونی پرسگرێکی شۆڤینیزمی زمانی لەنێو کورددا ورد ببینەوە. جارێ پێش هەموو شتێک دەرنەکەوتنی تا ئێستای مشتومڕێکی تۆخ لەنێوان شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا قەت بە مانای نەبوونی پرسگرێک و ڕکابەری لە نێوانیان ئەم زارانەدا نییە، بەڵکوو نەهاتنە ئارای پرسگرێک لەم بوارەدا زیاتر لەوەی ئەنجامی نەبوونی ڕکابەری بێت، بەرهەمی چەند سەدەم و هۆکارێکی دیکەیە و لەوانە: یەکەم، جیهانبینی مرۆڤی کورد لانیکەم لە سەدەی ڕابردوودا کەمتر لە هەر بوارێکی دیکەی

ژیانی گرنگی بە زمانی دایکی داوە و بەڵگەی هەرە ئاشکرای ئەم سایکۆلۆژییەتەش ڕێژەی باڵای قەبوولکردنی خۆویستانەی زمانە سەردەستەکانە لە لایەن ڕێژەیەکی بەرچاوی جڤاکی کوردییەوە. دووەمیش، لە سێبەری داگیربووندا تا ئێستا دۆخێک نەهاتووە پێش کە تێیدا پرسی زمان بە ئازادانە ببێتە باسێکی سەرەکی و گشتگیری جڤاکی کوردی. سێیەم، بەداخەوە ئێمەی کورد لە هەموو بوار و مژارێکی ژیانیدا بە ڕادەیەکی زۆر هەڵگری خێیەکی پڕڕەنگین لە پەنابردن بۆ ناخودێکی بێگانە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێک لە خودی خۆمان قەبوول نەکەین. وەک میناک ڕەنگە ئێمە تاقە نەتەوەی سەر ئەم زەمینە بین کە لە نێوماندا لایەنگەلێک هەن کە داوا لە داگیرکەر دەدەن بەشێ لە خاکی کورد وەکوو شەنگال داگیر بکا تەنیا لەبەر ئەوەی لایەنێکی کوردی دەرەوەی ئەوان ئەوێندەرێی ڕزگار کردووە!. هەر بۆیە لە دەروونناسی جڤاکی ئێمەدا ئەگەری هاتنە ئارای دۆخێکی هاوشێوە لە مژاری زاراوەکاندا پێناچێ ئەگەرێکی فرە دوور بێ و ئەگەر زمان وەک سیاسەت و حزبایەتی مەراقی مرۆڤی کوردی ڕابکێشایە هیچ دوور نەبوو ئەمیش ببێتە گۆڕەپانێکی گەورەی ململانێ و دووبەرەکی لەنێو کورددا.

ئمجا با بە میناک بێینە سەر نیشانەکانی هەبوونی ئەمجۆرە شۆڤینیزمە بێدەنگ و شاراوەیە لە بواری زارەکاندا. مێژوو دەڵێ لە ئۆتۆنۆمی دوای یازدەی ئازاری ١٩٧١ـی باشوور کەم نەبوون ئەو کەسانەی لە بادینان ئامادە بوون پەروەردە بە عەرەبی وەربگرن تەنیا لەبەر ئەوەی خوێندنی سۆرانییان وەک ستەمێکی زمانی سەبارەت بە خۆیان دەبینی، ئەمە لەحاڵێکدا ئەویان

زمانێکی بێگانە و داگیرکەرە و ئەمیشیان زاراوەیەکی زمانەکەی خۆیانە کە هەزاران جار زیاتر لە عەرەبی بە کورمانجی نزیکترە. با فرە دوور نەچین، ئەمڕۆ هەر لەم بەشەدا دوای سی ساڵ ئەزموونی نوێی دەسەڵاتی خۆماڵی هێشتا لە دەڤەری بادینان پەروەردەی سۆرانی سەداسەد جێی خۆی نەگرتووە و بە تەواوەتی هەزم نەکراوە. جگە لەمە وێڕای سەرکەوتنی پرۆسەی بەگشتیکردنی دوو شێوەزاری سۆرانی و کورمانجی بە ڕێژەیەکی باش و ئەویش بە زۆری لە لایەن میدیای کوردییەوە، بەڵام زاراوەکانی دیکەی ئەو پارچەیە وەکوو هەورامی و کەلهۆڕی نەتەنیا لە لایەن دەسەڵاتەوە، بەڵکوو تەنانەت لە لایەن شارەزایانی ئاکادیمیای زمانی کوردیشەوە تووشی هەڵاواردنێکی زەق و ئاشکران. لەنێو کۆمەڵگەشدا هەرچەندە بە ڕادەیەکی بچووک و سنوورداریش بێ هەندێ جار جۆرێک لە دەمارگرژی و جیاکردنەوە سەبارەت بە زاراوەکان لەملا و لەولا خۆیان نیشان دەدەن. بۆ وێنە من لە سەردەمی زانکۆدا زۆرجار کەسانێکم بینیوە کەوتوونەتە دەمەقاڵە و مشتومڕی دەمارگیرانە لەسەر ئەمەی کە "لە دواڕۆژی کوردستاندا کامە شێوەزار دەبێ بکرێتە زمانی فەرمی". وەک نموونەیەکی تر، لەنێو جڤاکی کوردیدا دەنگۆی "هەورام کورد نییە و هەورامی زاراوەیەکی زمانی کوردی نییە" ، یان "لەکی زاراوەی کوردی نییە" و ڕستەگەلی هاوشێوە چەندە بەسنووریش بن، لە هەمان کاتدا مەراقێکی نامۆش نین. من خۆم کە بە بنزاری جافی دەپەیڤم لەگەڵ بەگەورەزانینی بنزاری موکریانی لە لایەن خەڵکی ئەو دەڤەرەوە لە نزیکەوە ژیاوم و ئاشنای ئەو سایکۆلۆژییەتەم. دیسان هەر بە ئەزموونی ژیانی خۆم لە خوێندنەوە و

تێگەیشتن لە جڤاکناسی دەڤەری کەلهوڕنشینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێم وایە لەم دەڤەرە کەسانێ هەن کە لە سۆنگەی ئایینەوە وەک هێمای سونە لە زاراوەی سۆرانی دەڕوانن و نائاگا لەڕێگەی شۆڤینیزمی ئایینەوە بە جۆرێ لە جۆرەکان سەبارەت بە سۆرانی تووشی شۆڤینیزمێکی زاراوەیین... .

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەمەیە کە لە فەزای فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کوردیدا هاوکات دوو ڕوانگە و ڕەوتی جیاواز دەبینرێ کە یەکێکیان بە ئاراستەی تێرکردنی شێوەزارەکان و ڕەواندنەوەی ئەگەری شۆڤینیزمی زاراوەیی و ئەوی دیکەیان بە ئاراستەی پشتگوێخستن و لە ئەنجامدا ختێزەدانی ئەم شۆڤینیزمە کار دەکەن. بۆ وێنە لە هەمان کاتدا کە لە باشوور بە ئاشکرا هەورامی و کەلهوڕی تا ئاستی نکۆڵیکردن پشتگوێ دەخرێن، لە ڕۆژاوای کوردستان خولی پەروەردەی زاراوەی زازاکی دەکرێتەوە. ئەم دۆخە بەتایبەتی لەنێو میدیای کوردیدا ئاشکراتر و ڕوونتر بەرچاو دەکەوێ. هاوکات کە لە میدیاکانی باشووردا شێوەزارەکانی دەرەوەی کورمانجی و سۆرانی ئاڵایە تا ئاستی نەبوون فەرامۆش کراون، لە میدیای پارچەکانی دیکە و بەتایبەت لە میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گرنگییەکی باش و ئەڵبەتە هێشتا ناتەواو بە زاراوەکان دەدرێ. بە هەرحاڵ بۆ دۆخی هەیی زمانی کوردی و بەتایبەت بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی پرسگەلی خەوتووی وەک شۆڤینیزمی زاراوەیی ڕێکاری هەرە گونجاو وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا بریتییە لە گرنگیدان بە هەموو زاراوەکان لە چوارچێوەی هاوبەشکردنی ئەم زاراوانەدا.

# KURD Û PIRSA ZIMAN

JÎRO ZAGROS